# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - سەرهەنگ عەبدولرەحمان - زریان محەمەد



2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە فۆکۆ

وەرگێڕانی:
جەبار ئەحمەد

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێڕانی: جەبار ئەحمەد
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین:ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (70)

# دەسەڵات، دیسپلین و چەپاندن

جەبار ئەحمەد

## خوێندنەوەیەک بۆ چەمکی دەسەڵات لە هزری رامیاری میشێل فوکۆ دا

**جەبار ئەحمەد**

### دەروازەی یەکەم: دەسەڵات — جۆر و ماهیەت

### بەشی یەکەم: ماهیەتی دەسەڵات

**باسی یەکەم: دەسەڵات لە پەیوەندیدا:**

دەسەڵات بریتییە لە پەیوەندییەکی نابەرامبەر لە نێوان دوو لایەندا، دەسەڵات دامەزراوەیەک نییە ناوەڕۆکێکی قوڵ و دەزگایەکی پڕ نهێنی هەبێت و تێگەیشتنی ئەستەم بکات، دەسەڵات هیچ نییە جگە لە جۆرێک پەیوەندی دیاریکراوی نێوان لایەنەکانی، دەسەڵات بەلای کۆمەڵناسانەوە ئەوەیە: کە کەسێک ئیرادەی خۆی بسەپێنێت بەسەر تاک و کۆمەڵ دا، وە لەم رێگەیەوە رەفتاری کەسانی تر بخاتە ژێر چاودێرییەوە.

هەندێک لە مرۆڤەکان تواناداران و رەفتار و خواستی ئەوانی تر ئاراستە دەکەن، وا لە تاکەکان دەگەیەنن، کە لەدەرەوەی ویستی دەسەڵات جەنگەڵ و ئاژاوەی گەورە هەیە، لە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵات کارەسات و ناخۆشی زۆر سەرهەڵدەدەن، تاکەکان ناچارن رازی ببن بە بێدەنگی، ناگومانانە دەبنە پاشکۆی دەسەڵات و لەپێناوی سەلامەتی ژیانی خۆیان ئیرادەی خۆیان دەسپێرنە دەسەڵات، لێرەدا مافەکان بۆ ئاستێک

دادەبەزن، ئازادییەکان بە ئەندازەیەک کورت دەکرێنەوە، کە لە خزمەتی دەسەڵاتدا بن، تاک تا ئەوەندە ئازادە، کە ئەو ئازادییەی لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدا بێت، یان مەترسی نەبێت بۆ سەر دەسەڵات، فراوانی مەودای مافەکانت لە چوارچێوەی ئامانجەکانی دەسەڵات تێپەڕناکات.

دەسەڵات ئاماژەیە بۆ فەرمانکردنی لایەنێک و گوێ رایەڵی لایەنێکی تر، لەسەر ئەم بنەمایە حکومەت ماف بەخۆی دەدات، کە بڕێک هێزی مادی هەبێت تاکو یاریدەی بدات بۆ سەپاندنی گوێ ڕایەڵی.

دەسەڵات لە پێناو ڕەزامەندی مرۆڤەکانو ناچارکردنیان بە خۆبەدەستەوەدان، لە پەنای زەبرو زەنگو توندو تیژییەکانی ئامرازی عەقڵانیش بەکاردەهێنێت، هەر بۆیە هەموو ئەوانەی کە دەکەونە بەرامبەر دەسەڵات ئەوا نابێت تەنیا لایەنە قێزەونو پڕ توندوتیژییەکانی دەسەڵات دەرخەنو دامەزراوەو دەزگاکانی بخەنە بەر ڕەخنە، بەڵکو زۆر پێویستە کە گومان لەو شێوە تایبەتەی عەقڵانیەتیش بکەن کە لە نێو پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا ئامادەیە، دەشێ ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتی پیاوان بێت بەسەر ژناندا، یان دەسەڵاتی بەتەمەنەکان بەسەر کەم تەمەنەکاندا، یان چینێک بەسەر چینێکی تردا، یاخود ئەو دەسەڵاتەی بەسەر نەخۆشەکانو شێتەکانو زیندانیەکاندا ئامادەگی هەیە، بەڵام دەسەڵاتی دەوڵەت لە سەروی هەموو ئەو دەسەڵاتانەوەیە، لە سەردەمی مۆدێرندا دەسەڵاتی دەوڵەت قێزەونترینو ترسناکترین جۆری دەسەڵاتە، زۆرترین کوشتنەکانو زەلیلکردنەکانی مرۆڤ بەسەرپەرشتی دەوڵەت، یان لە ژێر دەستی دەوڵە، یان بە هۆی دەوڵەتەوە ڕوویان داوە.

(فۆکۆ ) بەسەدان لاپەڕەی دەربارەی چییەتی دەسەڵاتو چۆنیەتی کارکردنیو بەردەوامی و ئەو گۆڕانانەی کە ڕوو دەدەن لە شێوازەکانی دەسەڵاتداو ئامانجو بونییەی دەسەڵات نوسیوە، لە کۆی ئەم نوسینانەدا سەرنجو بۆچوونەکانی فۆکۆ جیاوازن لە دیدگا تەقلیدییەکانی کە پەیوەست بەم پرسە لە ئارادا بوون.

سۆسیۆلۆژستی ئەڵمانی (ماکس ڤیبەر) باس لە دەسەڵات دەکات وەک پرسی باوەڕی خەڵک، هەروەها لە دیدی (کارل مارکس )دا دەسەڵات پەیوەستە بە لایەنی ئابوریو ڕژێمی سەرمایەدارییەوە.

تیۆرەی دەسەڵات لای فۆکۆ جیاوازەو تەنانەت ناکۆکو پێچەوانەیشە لەگەڵ تیۆرەی دەسەڵات لای مارکس.

سەرنجی فۆکۆ ئەوەیە کە دەسەڵات داگیرناکرێ لە لایەن تەنیا کەسێک، لایەنێک، دەزگایەکو چینێکەوە، بەڵکو دەسەڵات پیادە دەکرێت، دەسەڵات ئاڕاستەیەکی ناکەسیو پەرتەوازەو ڕێژەییو بێ دەمو چاوی هەیەو هەموو کەسێک پیادەی دەکاتو بەسەر هەموو کەسێکیشدا پیادە دەکرێت، دەسەڵات شتێکی بەرجەستە (مەلموس) نییە، دەسەڵات شتێکە هەستی پێدەکرێت نەک داگیربکرێ، ئەو شتە نییە کە تەنیا گروپێک یان دامەزراوەو لایەنێک خاوەنی بێتو وەکو هێزی سەرکوتو قەدەغەکار بەکاریبهێنێ، نا، بەڵکو دەسەڵات ئۆپەراسیۆنێکی ڕۆژانەیی پەیوەندییە لە نێوان خەڵکو دامەزراوە، ئاکەکان، گروپەکان، پزیشکو نەخۆش، ئۆپەراسیۆنێک کە ڕەفتاری نوێ، کاری نوێ، مەعریفەی نوێ، بەرهەم دەهێنێ.

دەسەڵات هەمیشە لە پەیوەندیدا بوونی هەیە، نەبوونی پەیوەندی واتە نەبوونی دەسەڵات، بوونی پەیوەندی لە نێوان دوو لایەندا، لایەنێکیان ئەو شتەی لەبەردەستایە کە لایەنەکەی تر خوازیارییەتی، پەیوەندی

پزیشکونەخۆش لە (دەرمان–چارەسەر)دایە، لە پەیوەندی خۆشەویستیدا «ئەو کاتەی من دەمەوێت خۆشەویستەکەم داگیربکەم، ئەویش دەیەوێت داگیرم بکات» ، هەردوو لا خوازیاری داگیرکردنی جەستەی یەکترن، واتە لێرەدا پەیوەندییەکە لە (لەش– جەستە)دایە، لە دەرەوەی ئەم جۆرە لە پەیوەندی ئەوەی هەیە دەسەڵات نییە بە مانا (فۆکۆ) ییەکەی.

هەرگیز دەسەڵات لە پەیوەندی کۆیلایەتیدا دروست نابێت، کاتێک مرۆڤ کۆیلەیەو لە کۆتوزنجیر دایە ئەوا ئەو پەیوەندیەی هەیە پەیوەندی دەسەڵات نییە ، دەسەڵات کاتێک دروست دەبێت کە پەیوەندی کارتێکردنو کارلێککردن لە ئارادا بێت، لای (سپینۆزا ) دەسەڵات دوو دیوی جیاوازی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەم کاریگەریت هەبێتو هەمیش بکەویتە ژێر کاریگەرییەوە.

دەسەڵات برینی نییە لەوشتەی کە تەنیا کەسێک خاوەنی بێتو بەتەواوی دەست بگرێت بەسەر کەسێکی تردا،واتە فۆکۆ مەبەستی ناسینی میکانیزمی دەسەڵات و چۆنییەتی کارپێکردنی کارەکەیەتی،نەک ناوی ئەوکەسانەی کاری پێدەکەن، دەسەڵات لای فۆکۆ تەنیا ناوێکەو دەخرێتە پاڵ حاڵەتێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگە، کە ئەم حاڵەتە گوزارشت لە پەیوەندییەک دەکات.

باسی دووەم: دەسەڵات لە (شوێن – کات)دا :

کاریگەری (شوێن – کات) لەسەر دەسەڵاتو مەوداو ڕەهەندەکانی دەسەڵاتو توانای بۆ کۆنترۆڵکردنو تۆکمەیی دەسەڵات تا چ ئاستێکە؟دەسەڵات چ کاتێکو لە چ شوێنێک دەست والاترو پڕکاریگەر ترە؟، تا چ جێگەیەکو بە چ ئەندازەیەک پەیوەستە بە (شوێن – کات)ەوە؟.

(میشێل فۆکۆ) باس لە دەسەڵاتێ دەکات پەیوەست بە شوێن‌و کاتی دیاریکراوەوە، بە نمونە کاتێک باس لە شێتی دەکات لە سەردەمی مۆدێرنەدا، ئەوا لە شێتخانەکان‌و نەخۆشخانەی دەروونیدا باسی لێوە دەکات، بەڵام لە سەردەمی پێش مۆدێرنە باسکردنی وەکو شوێن لەناو کۆمەڵگەدایە، واتە بە گۆڕانی سەردەمەکان شوێنەکانیش دەگۆڕێن، تاوانباران لە سەردەمانێکی مێژووییدا لە شێوەی شانۆ ئەشکەنجە دەدران بەبەرچاوی ئاپۆرایەک لە خەڵکەوەو لە شوێنێکی قەرەباڵغدا، بەڵام لە سەردەمێکی تردا‌و بە گۆڕانی سەردەم دەبینین، دەگوازرێنەوە بۆ ناو زیندان‌و شوێنێکی دوور لە چاوی خەڵک.

(شوێن – کات) جگە لەوەی کاریگەری گەورەی هەیە لە دروستکردنی دەسەڵاتدا، ئەواجۆرو شێوەو ئەندازەی دەسەڵاتیش دیاری دەکات، لەگەڵ ئەو ئامرازانەی کە بە هۆیانەوە بەردەوامی (ئیدامە) بە دەسەڵاتەکە دەدرێت، هەروەها ڕێژەو شێوازی ئامانجەکانیشی دیاریدەکات، دەسەڵاتی زیندانەوان‌و تەمێکارو پزیشک‌و مامۆستاو پزیشکی دەروونی‌و فەرمانڕەواو... هتد، هەریەکەیان مەودای دەسەڵات‌و کاریگەریی‌و ئامانجی جیاوازیان هەیە، مامۆستا دەسەڵاتەکەی لە پێناو فێرکردن‌و پزیشک ساخڵەمسازی‌و تەمێکار بۆ تەمێکردن بەکاردەهێنێت، بەڵام لە کۆی ئەم پەیوەندیانەی نێوان (زیندانەوان‌و زیندانیکراو، تەمێکارو تەمێکراو، مامۆستاو قوتابی، پزیشک‌و نەخۆش... هتد)، دەسەڵاتێکی خۆسەپێن لەپێناو لارەملێ‌و ژێردەستەییدا دەبینین، واتە ئەگەرچی دەسەڵات بەپێی (شوێن – کات)ی جۆراوجۆر دەگۆڕێت، بەڵام جەوهەرو ناوەڕۆکەکەی، کە ملکەچی‌و گوێڕایەڵی دەخوازێت وەکو خۆی دەمێنێتەوەو ناگۆڕێت، زیندانەوان لە هەردوو سەردەمی ئەشکەنجەدان‌و چاکسازی، خوازیاری ملکەچی زیندانەکانە.

له دیدی فۆکۆدا دەسەڵاتە له هەمانکاتدا له هەموو شوێنێکە (Omnipresent)، له نێوان گشت پنەکانی جەستەی جڤاتە، له نێوان ژنو پیاو و ئەندامانی خێزان، له نێوان هەموو تاکەکانداو له هەموو کاتەکاندا، دەسەڵاتە هەم لای ئەوانەیە کە له پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە بەئاگان وە هەم ئەوانەی بێئاگان، لای فۆکۆ پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە له هەموو (شوێن – کاتە)ێکدان، له نێو کارلێککردنە ڕۆژانەییەکانی نێوان خەڵکاندا، له دیدارو چاوپێکەوتندا، تەنانەتە له خۆشەویستیدا.

به بۆچونی فۆکۆ ئەگەر ئێمە ویستمان تیۆرییەک سەبارەتە به دەسەڵاتە دروستە بکەین، یاخود شرۆڤەی ڕەهەندێک، یان لایەنێکی دەسەڵاتە بکەین، ئەوا ناچارین کە ئەم (دەسەڵاتە)ە وەک دیاردەو حاڵەتێک لەبەر چاو بگرین کە لەکاتەو شوێنێکی تایبەتدا سەرهەڵدەداتە.

کاتێک باس له دەسەڵاتی ڕۆحانی دەکەین دەبێتە، ئەوە لەبەر چاو بگرین کە ئەم دەسەڵاتە به پێی (شوێن – کاتە) گۆڕانی گەورەی تێدا ڕوودەداتە، وەک دەسەڵاتی

(پاپا) له سەدەکانی ناوین له ئەوروپا، یان دەسەڵاتی خەلیفەی ئیسلام له سەدەکانی کۆتایی هەزارەی یەکەمی زایینیو سەرەتاکانی هەزارەی دووەم له نیوە دورگەی عەرەب یان له ناوچەیەکی تر.

**تەوەرەی یەکەم:دەسەڵات - شوێن:**

شوێنکاری دەسەڵاتە جێگەی نەخشاندنو کاریگەریەکانی دەسەڵاتە، دەسەڵاتە هەمیشە شوێنێکی هەیە بۆ پیادەکردنی هەژموونی خۆیو شوێنێکیش کە لێیەوە پیادە دەکرێ، گرێدراوی دەسەڵاتە بەشوێنەوە گرێدراوییەکی تۆکمەیە، بێ بوونی شوێن بوونی دەسەڵاتیش دەچێتە ژێر

پرسیارەوەو دەسەڵات شتێک نابێت گەر شوێنێک نەبێت بەسەریدا پیادە بکرێ، دەسەڵات لە بۆشاییدا پیادە ناکرێ (بۆشایی وەک ناشوێن).

لە بچوکترین خێزانەوە تا گەورەترین دەوڵەت، لە پاشا هەتا باوک، لە دادگا هەتا لێپێچینەوەی دایک بۆ منداڵ...هتد، لە هەموو ئەمانەدا فۆرمی گشتی دەسەڵات بەدی دەکرێت، شێوەو فۆرمی گشتی دەسەڵات لە (شوێن – پەیوەندی)یەکاندا دەردەکەوێت، تەنانەت لە یاسادا هاوتەریب لەگەڵ شەرعیو ناشەرعیو لادانو سزاییەکان.

دەسەڵات لە هەموو پنەکانی ژیاندا هەیەو هەموانی تێوە گلاندووە، بەجۆرێک وەک ئەوەی لای فۆکۆ دەردەکەوێت کە هیچ کەسێک ناتوانێت لە دەسەڵات هەڵبێت ، ئەوەی کە دەسەڵات پیادەدەکاتو ئەوەشی بەسەریدا پیادە دەکرێت وەکو یەک دەکەونە تۆڕی دەسەڵاتەوەو پێوەی گیرۆدە دەبنو ناتوانن لێی دەرباز ببن، چونکە دەسەڵات هەر ئەوە نیە کە لای کەسێک، پاشایەک، حکومەتێک یان هەر یەکێکی تر.

دەسەڵات لە هەموو ئاستە کۆمەڵایەتیەکاندا پەرشو بڵاوە، لە هەموو شوێنەکانی بوونی پەیوەندی ئامادەگی هەیە، ئەمە بەو مانایەیە کە دەسەڵات هەمیشە لە جێگەیەکدا جێگیر نییەو هەموو ڕۆژێکو لە هەموو جێگەیەک خۆی بەسەرماندات دەسەپێنێتو هەرگیز ناتوانرێ دەسەڵات پوچەڵ بکرێتەوە یاخود خۆمانی لێ بەدوور بگرینو نەکەوینە ناو داوەکانیەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی (ناخود ئاگا) دەچینە ژێر سێبەری دەسەڵاتو دەئاڵێینە داوەکەیەوە.

لای (نیچە )ی فەیلەسوف خواستی دەسەڵاتو هێز لە تاکە کەسەکاندایە، بەڵام (فۆکۆ) جیاواز لە (نیچە) دەسەڵات لە خواستی کەسەکاندا سنوردار ناکاتو بەبۆچونی ئەو دەسەڵات لە پەیوەندییەکاندایە، پەیوەندی

کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی، ئابوری، سۆزداریو...هتد، لە هەموو دەزگاکان، لەو شوێنو بنکەو دەزگاو ڕێکخراو و دامەزراوانەی پەیوەندی تیایاندا بەدیدەکرێ، لە هەموو ئەو شوێنانەی پەیوەندی زاڵبوونو ژێر دەستە بوون هەیە، پەیوەندی هێزدارو بێهێز، قسە ڕۆیشتو و بەستەزمان، فەرماندارو ژێر فرمان...هتد.

بوونو ئامادەبوونی دەسەڵات لە هەموو ئەو بوارو کاتو شوێنانە بەمانای ئەوە نییە کە دەسەڵات خواستی هەژموونی خۆی هەبێت بەسەر هەموو ئەوانەدا، یاخود ئەگەر خواستیشی هەبێت لەوانەیە توانستو قودرەی ئەوەی نەبێت، بۆیە دەتوانین هۆکاری بوونی دەسەڵات لەم پنتانەدا بگەڕێنینەوە بۆ بوونی پەیوەندی تیایاندا، کە کۆی کایەو بوارەکانی کۆمەڵگە لە تۆڕێکی پەیوەندیدان کە پەیوەندی نابەرابەری تێدا دەردەکەوێتو لە هەموو پەیوەندییەکی نابەرابەریشدا دەسەڵات سەرهەڵدەداتو تەنانەت دەتوانین بڵێن دەسەڵات خودی پەیوەندی نابەرابەرە.

فۆکۆ دەڵێ: من لەو بڕوایەدام کە دەسەڵاتی سیاسی لەڕێگەی ناوبژیکردنی کۆمەڵێک دامودەزگاوە خۆی تاقی دەکاتەوە کە وادەردەکەون بەشێوەیەکی گشتی شتێکیان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی دا نەبێت، یان سەربەخۆبن و پشتیان بەو نەبەستبێت، لەکاتێکدا کە وانین ، کاتێک پەیوەندییەکانی دەسەڵاتو کاریگەریو دەرئەنجامەکانی لە دەزگاو دامەزراوەکاندا بەرچاو دەکەوێ، وە هابرماس ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو کۆمەڵگەیەک مەحکومە بەتۆڕی دامەزراوەکانەوە، وەک دامەزراوەی ئابوری و دامەزراوە دەوڵەتیەکان و...هتد ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە دەسەڵات تەنیا لەناو ئەو دامەزراوانەدا جێدەستی دیارە، بەڵکو دەشێ ئەسڵیەتی دەسەڵاتی ناو دامەزراوەکانیش لە دەرەوەی خودی ئەو دامەزراوانەوە

سەرچاوەی گرتبێو بنیات نرابێت، هەروەها مەرج نیە دەسەڵات تەنیا لە دەزگاو دامەزراوەکانەوە پیادە بکرێ، بەڵکو دەسەڵاتی دەرەوەی دامەزراوەکان زیاترو کراوە ترو ڕەهاترە لە دەسەڵاتی ناو دامەزراوەکان، وە مەرج نییە کە دەسەڵات پێکهاتەیەکی زانستیو بوونیەیەکی بە پلان داڕێژراوی هەبێت وەک ئەوەی لە دامەزراوەکاندا هەیە، بەڵکو زۆر کات دەسەڵات شێوەیەکی عەفەوی (هەمەکی)لەسەر هەڵدانیدا دەردەکەوێتو دواتر بەرگێکی شەرعیو زانستی بەبەر خۆیدا دەکات. بۆیە دەسەڵات تەنیا لە دامەزراوەکانداو لە فرمانو بڕیارو ڕاسپاردەکانی پاشاو سەرۆک وەزیرو بەڕێوەبەرو فەرماندەکاندا نییە، بەڵکو دەسەڵات لە کۆی پەیوەندییە مرۆییە ڕێکخراو و ناڕێکخراوەکاندا بەرهەم دێت ، واتە دەسەڵات تەنیا لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتو دەزگاکانی لەگەڵ هاوڵاتیاندا دروستنابێ، هەروەها تەنیا لە پەیوەندی نێوان چینە کۆمەڵایەتیە جۆراو جۆرەکاندا دەرناکەوێت، بەڵکو دەسەڵات قوڵترو زیاترو فراوانتر پەل دەهاوێژێو دەچێتە ناو تۆڕی هەموو پەیوەندییە مرۆییەکانەوەو کۆی قوڵاییو فراوانی کۆمەڵگە دەتەنێت.

فۆکۆ لەشو جەستەی مرۆڤ دەکاتە شوێنکاری دەسەڵات، کە مرۆڤ بە جەستەیەوە دەچێتە هەموو پەیوەندیەکانیەوە، مرۆڤ ناچارە بە جەستەیەوە بەشدار بێت لە هەموو پەیوەندیەکان، جەستەی شا، پاسەوان، گەدا، جوتیار، عاشق، نەخۆش، زیندان، پزیشک، شێت، مامۆستا، ..هتد، جەستە لە هەموو ئەمانەدا هەیەو بەشداری پەیوەندیەکانیان دەکات، بەو پێیەی جەستە لە هەموو شوێنێکەو بەشدارە لە هەموو پەیوەندییەکاندا، ئەوا «دەسەڵاتیش لە هەموو شوێنێکە نەک لەبەر ئەوەی هەموو شتێکی لە خۆگرتووە بەڵکو چونکە لە هەموو شوێنێکەوە دێتە ئاراوە» ، دەسەڵات لە تەنیا شوێنێکی تایبەتدا نیەو لە تەنیا شوێنێکەوە بەرهەم نایەتو پیادە

ناکرێ، بەڵکو لەسەرجەم شوێنەکاندا ئامادەیەو بەردەوامیش لە گۆڕاندایە، ئەو دەسەڵاتەی ئێستاو لە شوێنێکە جیاوازە لەو دەسەڵاتەی کاتێکی ترو لە شوێنێکی ترە، ئەم بەردەوام گۆڕانەی دەسەڵاتو بڵاوییەی وای کردووە کە دەسەڵات زیاتر لە دەموچاوێکی هەبێتو بە شێوازگەلێکی زۆرتر دەربکەوێت.

## تەوەرەی دووەم:دەسەڵات - کات (مێژوو):

ئاخاوتن لە دەسەڵات قسە کردنە لە دەسەڵات لە سەردەمێکی دیاریکراودا، شرۆڤە کردنیەتی بە پێی کاتێکی مێژوویی، شیکردنەوەی ڕەهەندەکانی دەسەڵاتە لەناو کاتێکی پەیوەست بە مامەڵەیەکی دەسەڵات، ئاوێنەی (دەسەڵات- مێژوو) ئاوێنەیەکی پڕ کاریگەرییە، جۆری دەسەڵاتەکان لەسەردەمە جیاوازەکاندا وێنای جیاواز بەخۆوە دەگرن، هەموو دەسەڵاتەکان لە مێژوودا سەر هەڵدەدەنو بەردەوامی دەکێشن، واتە کۆی سەردەمە مێژووییەکان خاڵی نین لە دەسەڵات.

ڕاڤە کردنی فۆکۆ بۆ دەسەڵات ڕاڤە کردنییەتی لە گۆشە نیگایەکی مێژووییەوە، ئەوەی نوسینەکانی فۆکۆ لە بۆچوونەکانی پێش خۆی جیادەکاتەوە، هەڵسەنگاندنو شرۆڤەی ناوەڕۆکی دەسەڵاتە لە ڕاڤەی ئەودا بۆ مێژوو، فۆکۆ سەرنجمان بۆ دەسەڵات لە ناوەندێکی مێژووییدا ڕادەکێشێتو جۆرو کاریگەری دەسەڵات لە ڕەهەندە مێژووییەکەیدا دەدۆزێتەوەو هەڵدەسەنگێنێو شیدەکاتەوە، فۆکۆ دامەزراوە کۆمەڵایەتیو دەزگا دەسەڵاتیەکان بە پێی قوناغبەندە مێژووییەکان شیکاردەکات،بەڵام لای فۆکۆ دەسەڵات بەرەو پێشچوونی وردە وردەی ئەو دەزگایانە نییە، بەڵکو گۆڕانی لەناکاوی مێژووییانەی ئەو دەزگا دەسەڵاتیانەیە.

دیدی فۆکۆ بۆ مێژوو، مێژووگەرایەتی دەسەڵات بەهۆی کاریگەری فەیلەسوفانی وەک (مارتن هایدیگەر )ەوە یەو لە ژێر ئەم کاریگەرییەدا فۆکۆ هەموو تیۆرییەکو هەموو تێزێک دەکاتە مەسەلەیەکی مێژوویی، وەک لڕوانگەی هایدیگەرەوە»مرۆڤ بوونەوەرێکی ناتەواو و ئاگامەندو مێژووییە، بەتەنیا مرۆڤ مێژووی هەیە، چونکە میژوو داستانی رەوتی ژوورکێشی ئەم بوونەیە لە پێناوی خۆ تەواوکردن دا» ، لە ڕوانگەی فۆکۆوە مێژوو ڕیزکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو نییە، قسە کردن نییە لە گۆڕانکاریەکانی کە لە ڕابردوودا ڕویان داوە، هەروەها شیکردنەوەی بەسەرهاتەکانیش نییە تاکو بتوانین لە مرۆدا سودو پەندیان لێ وەربگرین، واتە لای فۆکۆ «گرنگی مێژوو لەوەدایە کە تۆمارکردنی ڕاستی ڕابردوو نییە، بەڵکو ئاشکراکەری ڕاستی ئێستایە «.

کاتێک فۆکۆ باس لە مێژوو دەکات، ئەوا مەبەستی باسکردنی ئەمڕۆیە، کاتێک دەربارەی مێژووی دەسەڵات دەدوێت ئەوا دەیەوێت قسە لەسەر ئەمڕۆی دەسەڵات بکات، مێژوو دەکاتە پاساوی شیکردنەوەی ئەمڕۆ، مێژوو دەخاتە خزمەتی باسکردنی ئەمڕۆوە، بەڵام نە بەهۆی ئامۆژگاری وەرگرتن لە ڕووداوەکانیەوە، بەڵکو بەهۆی دەربڕینی ئەمڕۆ لە ڕێگەی بەهانەی مێژووەوە، واتە لە ڕێگەی بە ئەمڕۆیی کردنی مێژوو، بە مێژوو کردنی ئەمڕۆوە، چونکە لای فۆکۆ مێژوو گۆڕەپانی دووبارە بوونەوەی ڕووداوەکان نییە، کە بتوانین لەو ڕێگەیەوە سودو ڕێنوێنی لێ وەربگرین، فۆکۆ رای وایە ئەگەر خولیای رابردوو بۆچونێک بێت بۆ دووژمنکاری، یاخود بۆ مەبەستی ناحاڵی بێت، ئەوا پێویستە فەراموش بکرێت ،کە مەبەستی لە بینینی مێژوودا کۆمەڵێک سەردەمەو، هەر سەردەمێک پەیوەستە بە جوڵەی سیستەمێکی دیاریکراو و پەیوەست بە زانینێکی تایبەتی خۆیانەوە،

وەک دەوڵەتی سەردەمی مۆدێرن کە گرێدراوە بەجۆرێک لە زانستو زانینی سەردەمی مۆدێرن ، دەسەڵاتی پزیشکی سەردەمانێک پەیوەست بوو بە کۆمەڵێک زانیاری کە بەڕاستی ڕەها دەژمێردارنو بەوپەڕی یەقینەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا، بەڵام لەوانەیە ئەمڕۆ ئەم کۆمەڵە زانیارییە جگە لە کۆمەڵێک نوسراوی بێسەرەوبەرەو ناڕاستو گەمژانە زیاتر نەبن، دیاریکردنی پاشاکان لە لایەن ئاسمانو خواوەندەکانەوە لەسەردەمانی کۆندا ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر بووەو لە ئێستاشدا لای زۆر کەس بەدڵنیاییەوە مایەی پێکەنینەو قسەیەکی گاڵتە جاڕانەیە، لەسەر دەمانێکی مێژووییدا سزا جەستەییەکانی دەسەڵات، کە لەسەر لەشی زیندانەکان ئاقی دەکرانەوە کارێکی ڕەواو دادپەروەرانە بوون، بەڵام لە ئەمڕۆدا ئاوانێکە دژی مرۆڤایەتی.

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەسەرنجێکی گرنگی فۆکۆ بدەین کە دانانی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە بە هۆکارێک بۆ دیاری کردنی گۆڕانە مێژووییەکان، وە کەم تا زۆر بۆچوونەکانی فۆکۆ لە دەوری ئەم ڕوانگەیە دەسوڕێنەوەو خوێندنەوەشی بۆ دامەزراوەکانی وەک شێتخانە، نەخۆشخانە، زانکۆ، سەربازگە، زیندان،....هتد هەر لەم ڕوانگەیەوەیە.

## بەشی دووەم: جۆرەکانی دەسەڵات

### جۆری یەکەم: دەوڵەت — دەسەڵات:

دەوڵەت تەنیا گوزارشت لە دەزگایەکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا نیە، بەڵکو دەوڵەت زاراوەیەکە دەتوانرێ بۆ ئاماژەدان بەکۆمەڵێک مەبەستی جۆراوجۆر بەکاربهێنرێ، دەتوانرێ دەوڵەت بەکار بهێنرێ وەک کۆمەڵێک دامودەزگا یان وەک یەکەیەکی هەرێمی، یاخود وەک کیانێکی مێژوویی‌و تەنانەت دەتوانرێ وەک ئایدیایەکی فەلسەفیش بەکار بهێنرێت ، بۆیە دوان لەسەر دەوڵەت دوانێکی قوڵ‌و فراوان‌و پڕگرێ دەبێت، بەو پێیەی دەوڵەت وەک زاراوە زاراوەیەکی فراوان‌و کەمێک شاراوەیە، یەکێک لە ڕووەکانی دەوڵەت بریتییە لە پرۆسەیەک بۆ بەدیهێنان‌و کۆکردنەوەو ڕێکخستنی خواستە مرۆییەکان، کە ئەم جۆرە لە خواست، تەنانەت بەر لەسەر هەڵدانی دەوڵەتیش هەبووەو خێڵ‌و هۆزەکان لە پێناویدا جەنگاون، جەنگی هۆزەک2ان‌و فەرمانڕەوایی سەرۆک هۆز لەسەر ئەو بنەمایانە بوو کە داواو داخوازی ئەندامانی هۆزەکە بەدی بهێنێت، دواتر لەسەدەکانی ناوەڕاست کاتێک بە ڕەنجی کۆیلەکان دیوارە بەرزەکانی شارەکانی یەکەم شارستانیەکان سەر هەڵدەدەن‌و بەدیدی (مارکس) لە هەناوی ئەم شارانەوەش یەکەم ڕەگەزی بورژوازی سەرهەڵدەدات و قۆناغی بە مادی بوونی مرۆیی دەستپێدەکات، لەم قۆناغەشدا دامەزراوە سەرمایەدارییەکان‌و

کۆمپانیاکان کەڵەکە بوونی سەرمایەکانیان والێکدەدەنەوە، کە بۆ بەدیهێنانی خواستی مرۆییە، دواتر سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرنو دەسەڵاتی پاشایەتی خاوەن سەروەریو دیموکراسی نوێنەرایەتیو ڕاستەوخۆو ئایدیاکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی (هۆبز ، لۆک و ڕۆسۆ )و...هتد، هەموویان هەر لەم بازنەیەدا سوڕاونەتەوە، لێرەوە دەوڵەت وەک گرنگترین دامەزراوەی بەدیهێنەری خواستەکانی مرۆڤ دەناسرێت کە هەموو دامەزراوەکانی تر دەبێت لە خزمەت یان هاودیدی دامەزراوەی دەوڵەت بن، باڵایی دەوڵەت لە کۆمەڵگەی هاوچەرخو ئێستایی وایکردووە، کە دەوڵەت تەنیا یەکێک لەشێوەو پێگە تایبەتیەکانی پیادەکردنی دەسەڵات نەبێت، بەڵکو دەوڵەت ئەو ناوەندەیە کە سەرجەم جۆرو شێوەکانی تری پەیوەندی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا دەبێت بۆ ئەو بگەڕێنەوەو دەسەڵاتی دەوڵەت باڵاترین چەشنی دەسەڵات و هێزە لەهەر کۆمەڵگەیەک دا ، ئەمە نە بەو مانایەی کە ئەم پەیوەندیانەی دەسەڵات هەموویان لە دەسەڵاتی دەوڵەتەوە داتاشراون یاخود وەدی هێنراون، بەڵکو بەهۆی ئەو باڵایەی دەوڵەتەوەیە کە کۆی پەیوەندییەکانی دەسەڵات وژیانی کۆنترۆڵ کردووە ، بەنمونە «لە کۆمەڵگەی پێش پیشەسازی خێزان یەکەی سەرەکی بەرهەمهێنان بووە» ، بەڵام لە ئێستادا دەوڵەت دەست وەردەداتە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری تاکەکانەوەو بواری وەبەرهێنانی لە خزمەتی خۆی دا ڕێکخستووە، لێرەوە ڕۆڵی دەوڵەتمان بۆ دەردەکەوێت کە بریتییە لە سەپاندنی هەژموونو دەسەڵات بەسەر کۆی پەیوەندیو کاروبارەکاندا، هەروەها پیادە کردنی چاودێری سەرانسەری، ڕێکخستن، دیسپلین، کۆنترۆڵ، وە دەستگرتن بەسەر دابەشکردنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگەدا.

ئەگەر چی دەسەڵاتی سیاسی بەمانا پراکتیکیەکەی بەر لەسەرهەڵدانی دەوڵەت هەرهەبووە، بەڵام دەوڵەت بە فۆرمە مۆدێرنەکەی تا سەدەی پانزەش پەیدانەبووبوو ، سەرهەڵدانی دەوڵەت دەتوانین بگەڕێنینەوە بۆ ساتەکانی دوای سەدەی پانزە، هەروەها دەسەڵاتی چاودێریکەر کە ترسناکترین جۆری دەسەڵاتی دەوڵەتە، ئەو مۆدێلەی دەوڵەتدارییە کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە خزاوەتە ناو ڕێوشوێنە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبردنەوە کە لە لایەن سیستەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە سەپێنراوە .

سەرەتاکانی سەرهەڵدانی دەوڵەت، کە بە پێی گرێبەندی کۆمەڵایەتی کە لە سەدەی (17–18)دا باو بوو، پێدانی شەرعیەتی یاسایی جەماوەری بوو بە دەوڵەت، ئەم گرێبەندە وەک دەزگایەک ئاماژە بە دەوڵەت دەکات کە بەپێی خواستو ڕەزامەندی هەموانو لە پێناو بەرژەوەندی هەمواندا دامەزراوە، تیۆریستەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی گرنگی زۆر بەدەوڵەتو حکومەت دەدەنو بە پێویستیەکی دەزانن لە پێناو ئارامیو ئۆقرەییو لەناو بردنی شەڕەنگێزیو بەربەریەت، (تۆماس هۆبز) جەخت لەسەر گوێڕایەڵیو پابەندی مرۆڤ بۆ حکومەت دەکاتەوەو پێی وایە کە دەبێ مرۆڤ ڕێز لە حکومەت بگرێتو ملکەچی بێت، چونکە کۆمەڵگە بەبێ حکومەت دەبێت بەجەنگەڵی ململانێو هەموان لە دژی یەکتری شەڕ دەکەن ، دەوڵەت لە گرێبەندی کۆمەڵایەتیدا خاوەنی سەروەرییە و هیچ دەسەڵاتێک لە سەرووی دەسەڵاتی دەوڵەت، یاخود پاشاکەیەوە نییە، وە (فۆکۆ) ڕای وایە کە ئەم سەروەریە سەرئەنجامو ڕەمزی دەسەڵاتە نەک سەرچاوەی بێت، هەروەها لە دیدی فۆکۆدا سەروەریو ئەم فۆرمەی دەوڵەت تەعبیرە لە کاتێکی دیاری کراوی پەیوەندییەکانی هێز  نەک ڕەزامەندی کۆی کۆمەڵگە، وەک ئەوەی تیۆریستەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی پێیانوایە، هەروەها لە دیدی بیرمەندانی

مارکسیشدا دەوڵەت تەنیا بەرهەمی هێزە و مارکسیە کلاسیکیەکان هەموو ئایدیایەکی گرێبەندی کۆمەڵایەتی ڕەتدەکەنەوەو لە بری ئەوە پێیان وایە کە دەوڵەت ئالیەتێکە بۆ چەوسانەوەی چینی کرێکار، کەواتە ئەرکی دەوڵەت (دەوڵەتی بۆرژوازیەت) پاراستنی مافەکانی کۆمەڵگە نیە بەئەندازەی ئەوەی کە بەرگریکاری بەرژەوەندی حوکمڕانەکانە،مارکس باوەڕیوایە کە دواجار «دەوڵەت لە ئامرازی دەستی چینی سەرمایەدار ڕزگاری دەبێت و دەبێتە ڕێکخراوێکی چینی کرێکار» ، بەڵام هیگڵ دژی ئەو بۆچونەیە کە دەڵێت هێز بناغەی دەوڵەتە، یان دەڵێت هێز ئەو بناغەیە کە دەوڵەتی لەسەر دروست دەبێت ، بەر لە مارکسیەکان (ئەرستۆتالیس )ی فەیلەسوفی گریک ڕای وابوو حکومەت نەک تەنیا بۆنەهێشتنی ئازارو نەهامەتیو ناخۆشیەکانی کۆمەڵگەیە، بەڵکو ئامرازو ناوەندێکیشە بۆ پەرەپێدانی فەزیلەتو چاکە، لای بیرمەند (مایکل باکۆنین ) (1814–1876) «دەوڵەت قێزەون ترینو نێگەتیڤترینو فریودەرترین خاسیەتی مرۆڤایەتیە» ، هەروەها « شارفۆرەی (1772–1827) کە سۆسیالیزمیکی بەر لە مارکسە بوونی حکومەتی بە گرنگو پێویست نەدەزانی «، هەروەها هەندێ لە بیرمەندان دەوڵەتو سەرجەم فۆرمو شێوەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت بەشەڕانگێزو ناپێویست لە قەڵەم دەدەنو دەوڵەت وەک دەزگایەک تەنیا بۆ چەوسانەوە سەیردەکەن ، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم بۆچونانەوە (کانت) پێوایە، کە بەبێ بوونی دوەڵەت مافی زاتی خەڵکی لە پەیوەست بە ئازادی و پێشکەوتن بەرەو کامڵ بوون لەرزۆک و شەلەل دەبێت.

دەسەڵات بۆ ڕەوایەتیدان بەچەوسانەوەو توندوتیژییەکان پەنادەباتە بەر مەسەلە یاساییەکانو بەبیانوی ڕێگەگرتن لە لادانی کۆمەڵگەو پاراستنی لە بەرەوهەڵدێرچوون کۆنترۆڵی کۆی هەڵسوکەوتە ڕۆژانەییەکانی مرۆڤ

دەکاتو سنوریان بۆ دادەنێتو سانسۆریان دەکات، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین دەوڵەت پێناسە بکەین بە کۆمەڵێک دامەزراوەو دەزگاو یاساو سیستەم کە هاوڵاتیانو چالاکییەکانی گەمارۆدەداتو کۆنترۆڵیان دەکاتو هەژموونو دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا مومارەسە دەکات ، بەڵام ئەوەی چاکیو خراپی دەستێوەردانەکانی دەوڵەتی ناڕۆشنکردووە بە بڕوای (جۆن ستیوارت میل ) ئەوەیە کە تا ئێستا هیچ پێوەرێکو بنەمایەک نییە کە ناسراوو ڕاستێنرابێتو بتوانرێت بە پێی ئەمە ڕاستو ناڕاستی دەستێوەردانەکانی حکومەتو دەوڵەت تاقی بکرێنەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە پێوەرێکی لەو جۆرە نیە لیبراڵەکان سورن لەسەر ئەوەی کە دەبێ سنورێک بۆ دەسەڵاتی دەوڵەتو دامودەزگاکانی هەبێت و دەستێوەردانەکانی کەمو سنوردار بکرێتو تەنیا وەک پارێزەری کۆمەڵگە لە کێشەکان هەڵسوکەوت بکاتو ڕۆنەچێنە کارە ڕۆژانەییەکانی تاکەکانەوە، بەڵام فۆکۆ قوڵتر دەڕواتو ئامانجەکەی تەنیا لە چاکسازیکردن لە دەوڵەتدا کورت ناکاتەوە، بەڵکو وەک خۆی دەڵێ ئامانجی ئەوەیە و بەنیازە (شەجەرە نامەی میر) ڕوونبکاتەوەو پاشان سەری ببڕێت ، بەڵام ئەمە نە لەبەر ئەوە بێت کە فۆکۆ بڕوای وابێ کە دەسەڵات تەنیا لای دەوڵەتە، بەڵکو بەبڕوای فۆکۆ دەسەڵات لە دەرەوەی دەوڵەتیش ئامادەیەو تەنانەت لە هەموو جێگەیەک بوونی دەسەڵات ڕاستیەکی حەتمیە.

**جۆری دووەم: دەسەڵاتی شوانکارەیی:**

دەسەڵاتی شوانکارەیی بەواتایەکی تر (دانانی فەرمانڕەوا بە شوان) مێژوویەکی دووری هەیەو تەنانەت دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمانی بەر لە زایین، لە یۆنان لە شیعرەکانی (هۆمیرۆس )دا دەستەواژەی (شوان) بەکارهاتووە بە

مەبەستی هێما کردنو ئاماژەدان بە پاشا، هەروەها لە (ئیلیادەو ئۆدیسە) هەمان بۆچوون هەستی پێدەکرێت ، هەروەها لەسەدەی (4 پ.ز) لە یۆنان کەسایەتیەکی وەکو (ئارخوتاس ) ئاماژەی داوە بە دەسەڵاتی شوانێتی کە لە لایەن (ستۆبیۆس )ەوە کۆکراوەتەوە، هەروەها زیوس (خوای خواوەندەکانی یۆنان) ناوەزەد دەکرا بە (nemioz،nomioz) لەبەر ئەوەی خواردن بە مەڕەکانی دەداتو پڕە لە غەمخۆریو گەرموگوڕی شوانانە.

(ئەفلاتۆن ) فەیلەسوفی گریک بەشێوەیەکی وورد باس لە فرمانڕەوای شوان دەکات، کە لە دیالۆگەکانی (کریستیاس، کۆمارو یاساکاندا) بەرچاو دەکەوێ، وە دەبێژێ لەسەردەمانێکدا «لەبەر ئەوەی خواوەند شوانی مرۆڤ بوو، مرۆڤ پێویستی بە حکومەت نەبوو «.

هەروەها لە (ڕۆژهەڵاتی کۆن)یشدا دەسەڵاتی شوانکارەیی ئامادەیی هەیە لای (میسری، ئاشوری، یەهودیەکان)، لە میسری کۆندا فیرعەون وەک شوانی میسریەکان وابوو، لە ڕۆژی تاج لەسەر نانیو دیاری کردنی وەک فیرعەون گۆچانێکی بەدەستەوە دەگرت لە شێوەی شوان ئەمەش، نەریت بوو دەبوایە دارێکی چەماوە (گۆچان)ی لە دەستدا بێت، هەروەها پاشاکانی بابل چەند ناوێکیان هەبوو کە یەکێک لە ناوەکان ( شوانی ئادەمیزاد) بوو، جگە لە پاشاکان لە ڕۆژهەڵاتی دێریندا خواش بە شوان دادەنرا کە مرۆڤەکان بەرەو لەوەڕگاکان ئامۆژگاری دەکاتو بژێویان دابیندەکات، و لە پاڕانەوەو ستایشی خوادا دەیانوت: (ئەی ئەو شوانەی هەمیشە بێداریو لە کاتی چوونە خەوەوەی ئادەمیزادەکاندا تۆ ئاگادارو چاوەدێری، تۆ هەموو ئەو شنانەت دەوێ کە بۆ مێگەلەکەت باشە)، وە لە نزا ئاشورییەکاندا بە پاشایان دەوت (شوانی هەموو هەبوونیو نیعمەتێک).

وە دەسەڵاتی شوانکارەیی لەناو ئایینە ئاسمانیەکانیشدا ڕەنگیداوەتەوەو خوا، یاخود پێغەمبەران بە شوان دانراون کە ئامۆژگاری کۆمەڵگە دەکەن، بەنمونە لە (تەورات) لە باسی (داوود)ی پێغەمەردا هاتووە: (تۆ قەومی خۆتت وەک مێگەل بە دەستی موساو بە دەستی هاروون ڕێنمایی‌و هیدایەت کردووە) جگە لە (تەورات) لە لای مەسیحیەکانیش دەسەڵاتی شوانانە پانتایەکی گەورەی هەیەو لە مەسیحیەتدا پەیوەندی کردن لەگەڵ شواندا پەیوەندییەکی تاکە کەسی‌و فەردیانەی تایبەتەو مەسیحیەت بڕوای بە گوازرانەوەی گوناهی مەڕەکانە بۆ شوان، واتە ئەگەر مەڕەکان تاوانێکیان کرد ئەوا شوانەکە گوناهبارەو دەبێت لە ڕۆژی دوایی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، وە ئەو شوانەی مەڕەکانی دەپارێزێت لە تاوان‌و بەرەو چاکە ڕێنوێنیان دەکات ئەوا خۆیشی ڕزگار دەکات لە گوناهباری.

شوان دەبێت کۆی مێگەلەکەی‌و هەریەکێکیان بەجیا بناسێت‌و دەبێت لەوەڕگاو بژێوی باشیان بۆ مسۆگەر بکات‌و شارەزایی تەواوی لەسەر شوێن‌و کاتەکان‌و باش پەروەردە کردنیان هەبێت‌و دەبێت نیازو نیەتی یەک بەیەکیشیان بزانێت‌و دەروونیان بخوێنێتەوە، ئەرکی شوانە مێگەلەکەی ڕێک بخات‌و کۆیانبکاتەوەو ڕێبەریان بکات ، ئەم بۆچوونە لە هزری یۆنانی کۆنیشدا بوونی هەبوو ، یۆنانیەکان دەیانوت خوا شار ڕزگار دەکات‌و وەکو کەشتیوانێکە، کە کەشتی لەبەرکەوتنی بەتاشە بەردو لە بەلاڕێدا ڕۆیشتنی هەڵەو پاراستن لە شکان‌و تێکچون دەپارێزێت ، کاتێک مرۆڤ لە کەسێتیی و چالاکیی و ئامانجەکانی بەتاڵ دەکرێتەوە ئەوا حاڵەتی بە مێگەل بوونی تاکەکان دێتە ئاراوەو ئەم هاوکێشەیەی شوانکارەیی ئەگواسترێتەوە بۆ ناو دەوڵەتی مۆدێرن‌و (فەرمانڕەواو هاووڵاتیان) یەکسان ئەکرێنەوە بە (شوان‌و مێگەلەکە) ی و فرمانڕەوا بوو بە خاوەنی مێگەلەکەی‌و خۆی بەرپرس کرد

لە ژیانو بژێوی و چاودێریکردنی تاکەکان، بەقوڵی ئەم (دەسەڵاث- شوان) و( کۆمەڵگە- مێگەل)ە لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا پەرەی پێدراو شەرعیەتی یاسایی وەرگرث و بەپێی بنەماو سیستەمەکان لەگەڵ دەسەڵاتە نوێیەکانی ناو کۆمەڵگەدا گونجێنرا، لەکۆی دەسەڵاتەکاندا لەمپەڕەوە بۆ ئەو پەڕو لەدیموکراسیەوە بۆ نا دیموکراسی، دەسەڵاتی شوانکارەیی‌و بەمێگەلکردنی کۆمەڵگە چەسپێنرا. فەیلەسوفان (هۆرکهایمەر ) و (تیۆدیۆر ئادۆرنۆ ) ڕایان وایە کە جیاوازی دیموکراسی ئەمریکی‌و فاشیزمی (هیتلەر و مۆسۆلۆنی ) ی تەنیا لە ڕووی چەندایەتیەوەیە، چونکە هەردووکیان (دیموکراسییەث و فاشییەث) تەنیا ئامانجیان کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ‌و بەمێگەلکردنیانەو هەر بەو جۆرەش مامەڵەیان کردووە.

فۆکۆ سەرنجی ئەوە دەداث کە دەوڵەث حاڵەتی (شوان)ی هەیەو(بایۆ - دەسەڵاث ) دەیەوێث وەکو شوان دەسەڵاتی بەسەر ژیانو مەرگ‌و ئیرادەو ئاڕاستە کردنو..هتد تاکەکاندا هەبێث‌و سیاسەث وەردەگۆڕدرێ بۆ (بایۆ - سیاسەث)و بەتەنیا دەیەوێث حوکم بکاث، حوکم بە مانای ڕوانین بەسەر ژیانداو خاوەندارێتی کردنی ژیانی مێگەلەکەی.

**جۆری سێیەم: دەسەڵاتی ڕۆحانی:**

لە سەردەمانی زوودا کەسایەتیەک هەبوو کە پێیاندەوث پزیشکی هۆز، کاری ئەم کەسە چاودێریکردنی تەندروستی تاکەکانو سەرۆک هۆزو کەسە نزیکەکانی لە ئەستۆ بوو، خاوەنی دەسەڵاتی تەواوی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان بوو، نەخۆشی بەپێی باوەڕەکانی ئەو سەردەمە دەرئەنجامی تووڕەیی خواوەندەکانو غەزەبی ئاسمان بوو نەک میکرۆب‌و ڤایرۆس‌و... هتد، چارەسەرکردنی نەخۆشەکان پێویستی بە ئاشتکردنەوەی ئاسمانو

خواوەندەکان هەبوو، ئەمەش دەسەڵاتێکی تری بۆ پزیشکی هۆز زیادکرد کە دەسەڵاتی جادوویی بوو، دەسەڵاتی جادوویی وای لە پزیشکی هۆز کرد بتوانێت هۆزەکە بەفرمانڕەواو خەڵکەکەیەوە لە کارەساتەکان بپارێزێ و تووڕەیی خواکانو ئاسمان ئارامکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا دەیتوانی کارەسات ببارێنێت و نەفرەت بڕێژێت بەسەر هەرکەسێکدا کە مەبەستی بێت، پزیشکی هۆز لە پاڵ دەسەڵاتە پزیشکیو ساخڵەمسازییەکەی دەسەڵاتی جادوویشی لەدەستدا بوو، دواتر گۆڕا بۆ دەسەڵاتی ئاینیو لە ڕێگەی ئەم دوودەسەڵاتەوە کۆمەڵێک دەسەڵاتی تری بەدەستهێنا، لەوانە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی بەرزبۆوەو خەڵکانێکی زۆر ڕێزو حورمەتیان بۆ دادەنا، بەمەش دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی وەچنگ خست، بەهۆی ئەم دەسەڵاتانەوە توانی سەرمایەیەکی زۆر کەڵەکە بکاتو دەسەڵاتی ئابوری وەدەستهێناو پتەوی کرد، ئەم چوار دەسەڵاتەی (پزیشکی،جادوویی - ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئابوری) بەکارهێنا بۆ فرمانڕەوایی کردنی کۆمەڵگەو کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەسەڵاتداران، بەمەش دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆی فەراهەم کردو هەر پێنج دەسەڵاتەکەی لە دەستی خۆیدا کۆکردەوە.

هەمیشە ئەوانەی دەسەڵاتی جادوویيو ئاینیان بەدەست بوو بێت ئەوا توانیویانە زاڵبن بەسەر کۆمەڵگەدا، لە (میسروبابل) کاتێک دەسەڵاتی ڕۆحانیەکان (جادوویی- ئاینی) دژایەتیان لەگەڵ دەسەڵاتی پاشادا بەرپاکرد ئەوا ڕۆحانیەکان سەرکەوتن، لە میسر ئایینداراني ئاموون توانیان شکست بە فیرعەون (ئەخناتون) بهێنن.

لە هەندێ لە کۆمەڵگەکانیشدا هەردوو دەسەڵاتی پاشایەتیو ئاینی بەیەکەوە هەبوون کە یەکەمیان بەفرمانڕەوایی دنیاییو دووەمیان بە سەرۆکی ڕۆحانی ئایینی دادەنرا، بەنمونە وەک (شوگون) و (میکادۆ) لە یابانی کۆندا دەبینرێت.

له ئایینی مەسیحیدا تا سەردەمانێک ئەم دوو دەسەڵاتە جیابوون لە یەکتری وەک دەوتراماڵەکانی قەیسەر بۆ قەیسەرو ماڵەکانی خوا بۆ خوا ، بەڵام وردە وردە پاپا توانی دەسەڵاتی سیاسی فرمانڕەواکان کۆنترۆڵ بکاتو بەم جۆرە لە سەدەکانی ناوینددا کڵێسا هەردوو دەسەڵاتی دینیو دونیای لەدەستدا بوو، هەروەها پێغەمبەری ئیسلامو خەلیفەکانیش لەگەڵ ئەوەی خاوەنی دەسەڵاتەدینیەکە بوون وەک فەرماندەی لەشکریش دەهاتنە ئەژمار و فەرمانڕەوایی دنیایش بوون، خەلیفەی ئیسلام هەم ئەمیری موسوڵمانان بوونو هەم سەرۆکی دەوڵەت، هەروەها (میکادۆ)ش لە یابان سەردەمانێک هەم ئیمپراتۆری یابانو هەمیش لە دیانەتی (شینتو)دا پلەیەکی هاوشێوەی خەلیفەی هەبوو.

دەسەڵاتی رۆحانی بەشێوەیەکی جەوهەری پشت بە باوەڕی مرۆڤەکان دەبەستێت، چونکە باوەڕ خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهایەو هەموو شێوەکانی تری دەسەڵاتیش لە باوەڕەوە سەرچاوە دەگرن، سوپاکانو جەنگاوەرەکان ئەگەر باوەڕی تەواویان بەو مەسەلەیە نەبێت کە لە پێناویدا دەجەنگن ئەوا سەرکەوتوو نابنو هیچ سودێکیان نابێت.

دەسەڵاتی ئاینی باوەڕی وایە دەستورەکەیو ڕێبازەکەی پیرۆزەو لە لایەن خوداوە دانراوەو هەرگیز دەستکاری کردنیو لادان لێی قبوڵناکرێو هەموو لادانێک تاوانەو خودا خۆی سزای تاوانباران دەدات، بەڵام لە پێناو چەسپاندنی دەسەڵاتی دنیایدا دین چاوەڕێی سزای خوایی ناکاتو وەک ئەوەی گومان بکات ئیتر دێتو خۆیشی لەم دنیا سزایان دەدات بەبیانووی پارێزگاری لە ئاینو گەڕانەوەی شکۆ بۆ ئاینو دەسەڵاتەکەیو بەدیهێنانی دادپەروەری، بەڵام دیارترین ئامانجی لە ئەنجامدانی ئەم سزا دنیایانە هیچ نیە جگە لە پتەوکردنی پێگەی دەسەڵاتی خۆی.

بەڵام وەک (ئەبو زەید) دەڵێت: ئێمە لەم هەنگاوە زیاتر دەچینە پێش و ئەوەی مەبەستمانە لە هۆشیاری مێژوویی زانستی لە مەڕ دەقە دینییەکان، ئەوا ئێزە کۆن و تازەکانی هزری دینی ئێدەپەڕێنێت و پشت بەدەستکەوتە زمانەوانیەکانی وکاریگەرییەکانی لەسەر دەسەڵات دەبەستێت.

پیاوانی ئەم دەسەڵاتە کەسانێکن کە دەسەڵاتو فەرمانداری لە مەسەلەیەکی ئینسانیو مێژووییەوە دەکەنە مەسەلەو دیاردەیەکی خوداییو پیرۆزو پێمان دەڵێن کە خوا خاوەن دەسەڵاتە نەک مرۆڤو بەئیرادەی خوایی کەسانی فرمانڕەوا دیاری دەکرێن، دەسەڵات لە کۆمەڵگە بوونەوە دەگۆڕنە سەر بوون بەنوێنەری خوایی، ئامانجی دەسەڵاتی ڕۆحانی ملکەچیو قبوڵکردنی ڕۆحانیەتی ئاینیو یەزدانی نییە، گرنگ نیە تا چەند کەسایەتییەکی باوەڕداری ، بەڵکو ئامانجی دەسەڵاتی ڕۆحانی ملکەچبوونی سیاسیانەیە بۆ ئەوانەی کە گوایە نوێنەرایەتی خواو ئاینەکەی دەکەن، لێرەدا دەسەڵات لە مەسەلەیەکی ڕۆحیو ئاینیو یەزدانییەوە دەگۆڕێت بۆ مەسەلەیەکی سیاسی گرێدراو بەویستو ئارەزووەکانی ئەوانەی کە بە ناوی خواوە دەدوێنو خۆیان بە پارێزەرو پیادەکەری فەرمایشتەکانی خودا دەزانن.

ئەم تێکەڵ بوونە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەوانەیە نوسینێکی دنیایی هاوتای یاخود زیاتر لە نوسینێکی دینی مێشکی خەڵک تاڵان بکات لە پێناو وابەستە بوون بەدەسەڵاتو ویستەکانی دەسەڵات ، چونکە ئەم تێکەڵاو بوونە سیاسیە دینیە دەشێ ببێتە پڕ مەترسی ترین نیزامو سیستەمی سیاسی دەسەڵاتداری.

دوای شکستی سۆسیالیزمو مارکسیزمو ئایدۆلۆژیا گەورەکانو هەڵگیرسانی جەنگە کارەساتبارەکانو ئەو دەرئەنجامە ترسناکانەی لێیان کەوتەوە (دین) ڕای وابوو کە تەنیا بەدیلو ئەلتەرناتیڤو جێگرەوەیە کە

دوای ئەم ئایدۆلۆژیا گەورانە دێنە گۆڕەپانەکەوە.

وە فۆکۆ دەڵێ: لە سەردەمی ڕنیسانسدا خەڵکی بە جۆرێک ئێگەیەنرابوون کە هەموو جیهان بریتیە لە پەرتوکێکی نوسراوی خودایی‌و کۆی شتە سروشتی‌و مرۆییەکان‌و چارەنوس‌و هەڵسوکەوتیان دەبێت بەپێی زاراوە خوداییەکان شیبکرێنەوە ، هەروەها (مۆنتسکیۆ)ش بەیەقینەوە لە ئایین دەڕوانێت و سیفاتی زانستی دەخاتە پاڵ و دەڵێ دان دەنێم بەوەدا کە زانستی ئایین و پرەنسیپەکانی، زانستێکە سنوری دیاریکراوی خۆی هەیەو نابێ ئەم سنورانە ببەزێنرێن، چونکە فرمان و ڕێساکانی ئایین کۆمەڵە حەقیقەتێکن و لەلایەن هەموو کەسێکەوە پەسەندکراون ، کە دەسەڵاتیش هەڵسوکەوتێکی مرۆییەو مەرج نییە لای هەموو تاکەکان هەمان حەقیقەت بێت، هەروەها پێناسە کردنی زانست تەنیا بۆ زانستی مرۆیی دەبێت چونکە زانستی خودایی هیچ سیفەت و خەسڵەتێکی دیاریکراوی بۆ خود(زات) نییە ، لە کاتێکدا «دەسەڵات دیاردەیەکی مرۆییەو هیچ پەیوەندییەکی بەخوداو ئیرادەی یەزدانیەوە نییە، هەموو ئەوانەشی کە باس لە دەسەڵاتی خوایی دەکەن خۆیان مرۆڤن‌و لە ڕاستیدا بە ناوی خوداو دەقە پیرۆزەکانەوە بۆ سودو قازانج‌و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەدوێن‌و ئەوەی لایان ئامادەیە پیرۆزڕاگرتنی خواوەند نییە ئەوەندەی پیرۆز ڕاگرتنی ئەو دەسەڵاتەیە کە بەناوی خواوەندەوە داوای دەکەن «.

ئەگەر چی سەردەمی مۆدێرن تا ئاستێک جیاوازە لەسەردەمەکانی پێش خۆی، بەو پێیەی ڕیزبەندی شتەکان ناگەڕێنەوە بۆ خوا، بەڵکو ئێستا مرۆڤ لێپرسراوەو هەروەها مرۆڤ پێوەری سەرجەمی شتەکانە (سیاسەیەکان بە تایبەتی) نەک خوا ، بەڵام ئەو بەو مانایە نیە کە مرۆڤ بەتەواوی دەستبەرداری ئەوە بووە کە ئاین‌و ناوەندە ئاینیەکان بۆ خزمەتی

بەرژەوەندیەکانی بەکاربهێنێ، تا بەڵکو ئێستاش زۆربەی ناوەندە ئاینیەکان لەبەردەم ئەو چارەنوسەدان کە زوو یان درەنگ کەسانێک بۆ مەبەستە دنیایی‌و سیاسیەکان بەکاریان بهێنن ، وەک بەئاشکرا هەست بەوە دەکەین کە لە جیهانی ئیسلامیدا ئێستاش سەردەمی دادگاکانی پشکنین بەردەوامە ، ئەو دادگایانەی قسە لەسەر باوەڕی مرۆڤەکان دەکەن، ئێستاش دین لە جیهانی ئیسلامیدا ئەساسی هەموو شتەکانەو هەموو دەسەڵاتەکانیش لەوەوە سەرچاوە دەگرن.

فۆکۆ لە سەردەمی مۆدێرندا ئەوەی نیشاندا کە دین ناتوانێ وەڵامی هەبێت بۆ هەموو شتەکان‌و ڕاشی وابوو کە گرێدانەوەی ئەخلاق بەدینەوە ناڕاستە، چونکە تەنیا دین ئەخلاق دروست ناکات، بەڵکو ئەخلاق لە دەرەوەی دینیش دەتوانرێ هەبێت، ئەم وتەیەی فۆکۆ وەک وەڵامێکە بۆ ئەوانەی کە دەرەوەی دین بە نا ئەخلاقی‌و نامرۆیی لەقەڵەم دەدەن‌و دەسەڵاتی ئاینی بە ئینسانی‌و مۆڕاڵیەتپارێز ئەژمار دەخەن، فۆکۆ دژی ئەو بۆچوونەیە کە بنەما ئینسانیەکان لە دەرەوەی دین هەڵوەشابنەوەو دەسەڵاتی نادینی خاڵی بێت لە ئەخلاق، بەڵام ئەخلاقیش یەکێکە لەو ئامرازگەلەی کە ئایین بۆ دەسەڵاتی خۆی بەکاری دەهێنێت تاکو لەڕێگەیەوە کار لەسەر کەلتور بکات، چونکە لێرەوە لەنێوان ئایین و کەلتور و سیاسەت کارلێککردنێکی بەردەوام هەیەو ئەم سێ لایەنە هێزی یەکتر زیاترو پتەوتر دەکەن و دەسەڵاتی یەکتر فراوانتردەکەن و وەکو تۆڕی دەسەڵات قایمتر کۆی کۆمەڵگە دەتەنن و مرۆڤەکان زیاتر و زیاتر سانسۆرو کۆنترۆڵ دەکەن.

جۆری چوارەم: دەسەڵات - هێز:

پەیوەندی هێزو دەسەڵات پەیوەندییەکی پتەو، تۆکمەو بەیەکەوە بەستراوە، لەهەمان کاتدا پەیوەندیەکی ئاڵۆزو تێکچڕژاوە، هەمیشە

دەسەڵاتی لە نێوان هێزو یاسادا ئاڵوگۆڕ دەکاتو یاری دەکات بە ئامرازە هێزیو یاساییەکان لە پێناو مانەوەیو بەردەوامی خۆیدا، ئەگەر هێز بەر لە هەر شتێک بە مانای مافی وەرگرتنی شتەکان، کات، لەشەکانو لە کۆتاییدا کۆی ژیان بێت ، ئەوا دەسەڵات هەڵدەستێت بە مومارەسە کردنی ئەو مافی وەرگرتنە.

لێرەدا دەبێت هەوڵ بدەین کە میکانیزمەکانی دەسەڵات لە پەیوەست بە پەیوەندییەکانی هێزدا شرۆڤە بکەین، لەم هەوڵەدا بەدەردەبین لەو تیۆریانەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) کە سەردەمانێک بیری بیرمەندانی ڕامیاری سەرقاڵ کردبوو، بەدیوێکی تردا ئەم هەوڵەمان گەڕانەوەیە بۆ بیرمەندی سیاسی ئیتاڵی (ماکیاڤیلی ) کە بەر لە (هۆبز، لۆکو ڕۆسۆ)ی بیرمەندانی پەیمانی کۆمەڵایەتیە، ماکیاڤیلی دەسەڵاتی پاشای لە چوارچێوەی پەیوەندیەکانی هێزدا لەبەرچاو دەگرت لە دەرەوەی ئاینو مۆراڵو یاسا باوەکان، بەڵام ئێمە دەمانەوێت هەنگاوێک تێپەڕینو لە کەسایەتی پاشا بێینە دەرەوەو کۆدی میکانیزمەکانی دەسەڵات لە سەر بنەمای ستراتیژی خودی پەیوەندیەکانی (هێز - دەسەڵات) بکەینەوە ، توێژینەوەی (فۆکۆ) لە مەڕ هێز شیکردنەوەیەکی بنەڕەتی بوون و شرۆڤەیەکی میتافیزیکیانە نییە، بەڵکو(فۆکۆ) مەبەستییەتی لە ژێر رۆشنایی ئەو ڕاستیەدا لە هێز وەک ناوکی دەسەڵات و کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و بوونی مرۆڤ لێکدانەوە بکات و خودی ئەو کاریگەریە بدۆزێتەوە.

لای (نیچە) هێز ئیرادەی ناوەکی دەسەڵاتە ، وە لە زانستە سروشتیەکاندا هێز بە مانای ووزە یان توانا بەکار دەهێنرێ، لە زانستە مرۆییەکانو کۆمەڵایەتیەکاندا هێز بە مانای توانای بەدەست هێنانی شتێک یاخود ئەنجامدانی کارێک وەک ڕۆیشتن.

بەو پێیەی هێز ئیرادەی ناوەکی دەسەڵاتە، ئەوا هەروەک دەسەڵات هێزیش لە پەیوەندی دا دەردەکەوێت لە شێوەی کۆنترۆڵکردنی یەکێک لە لایەن یەکێکی ترەوە، یاخود سەپاندنی ویستو داخوازیەکانی کەسێک بەسەر کەسێکی تردا، بەڵام دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان دوو جۆری کۆنترۆڵو سەپاندن دا، کە یەکێکیان لە ڕێگەی هێزەوە دەکرێتو ئەوی تریان لە ڕێگەی کاریگەری ، لە یەکەمیاندا لایەنی کۆنترۆڵکراو زۆری لێدەکرێو هیچ جۆرە خواستێکی لەبەرچاوناگیرێو ناچاردەکرێ بە پابەند بوون، بەڵام لە دووەمیاندا خواستی خۆیی تیادایەو دەشێ کەوتبێتە ژێر کاریگەری لایەنی کۆنترۆڵکارەوە، یاخود بەرژەوەندییەکی هەبێتو لە پێناو داهاتو پلەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی وە یاخود لە پێناو پاراستنی ئاسایشی خۆیدا خۆی خستبێتە ژێر ئەم ڕەزامەندی بە تەسلیم بوونەوە، بەڵام هەندێ جار هێز بە هەردوو مانای زۆر لێکردنو کاریگەری لەسەر دانان دادەنرێ، واتە جگە لە لایەنی بەزۆر سەپاندن وەک توانایەکیش بۆ کارتێکردن لە هەڵسوکەوتی ئەوانی تر پێناسە دەکرێ وە دەسەڵاتیش دەبێتە ئەو لایەنەی کە ئەو مافە پیادە دەکات، واتە هێز دەبێتە هۆکاری پابەندبوون هەم لەڕێگەی قەناعەت پێکردنو کاریگەری لەسەر دانان وە هەم لەڕێگەی پاڵە پەستۆو هەڕەشەو توندو تیژیو زۆرلێکردنەوە ، (نیچە) قوڵتر دەڕواتو ڕای وایە کە هێزو دەسەڵات لە پشتی کۆی ڕووداوو گۆڕانکاریو بڕیارەکانەوەن نەک مەعریفەو حەقیقەت، وە ئەوەی مێژوو دروست دەکات هێزە نەک عەقڵو عەقڵانیەت.

واتە پەیوەندی دەسەڵات لە بارودۆخی دەرەکیو ناوەکی خۆیدا سەبارەت بە جۆرەکانی تری پەیوەندی وەک (پیشهاتە ئابوریەکان، پەیوەندی زانینو جنسیەت وەک پرۆسە)نیە، بەڵکو هێزی دەروونیو ناوەکیو زاتی ئەو پەیوەندییانەیە ، بە دیدێکی تر دەسەڵات نەخودی ئەو پەیوەندییانە

بێت، بەڵکو ئەو جەوهەری هێزەیە کە دەرهاویشتەی ئەم پەیوەندیانەیە، ڕاستە دەسەڵات لە پەیوەندی جنسیو ئابووریو سیاسیو زانینو..هتد،دا هەیە بەڵام خودی ئەم پرۆسەی پەیوەندییانە نیە، بەڵکو دەسەڵات بریتیە لەبەر ئەنجامی ئەو هێزە جەوهەریو ناوەکیەی لەم پەیوەندیانەدا هەیە، واتا نە (هێز)ە، بەڵکو بەر ئەنجامی هێزە، کە بریتییە لە هاتنە ئارای پەیوەندی ناهاوسەنگ، وە پەیوەندییەکانی دەسەڵات بریتیە لە بوونی هێزێکی شەرعی لەو پەیوەندیانەدا.

واتە هێزی دەسەڵات تەنیا هێزی سەرکوت نیە، بەڵکو هێزی ملکەچکردنی تاکەکانە، دەشێ ئەم هێزە هێزی ئابوریو کۆمەڵایەتی یان قەناعەت پێکردنو ڕەزامەندی بێت هەروەک چۆن دەشێ هێزی سەرکوتیش بێت.

(میل) ڕای وایە کە مەبەست لە پیادە کردنی هێز بەشێوەیەکی یاسایی بەسەر کۆمەڵگەی مرۆیدا ڕێگرتنە لە زیان گەیاندن بە خۆیانو دەوروبەریان نەک سەرکوتکردنیانو ئازاردانیان.

فۆکۆ لە ژێر کاریگەری بیرەکانی (نیچەو هایدیگەر) لە دەسەڵات دەڕوانێتو ڕای وایە کە دەسەڵات بریتییە لە هێز یاخود پەیوەندییەکانی هێز، وە پەیوەندییەکانی هێز لای فۆکۆ بەمانای دەسەڵاتە و دەسەڵات لە فراوانترین مانایدا شێوەیەکە لە شێوەو فۆرمەکانی پەیوەندی هێزو لە دەرەوەی پەیوەندییەکانی هێز مومارەسەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات وجودی نییەو دەسەڵات وەک پرۆسەیەک لە پەیوەندیدا بەبێ بوونی هێز بوونی نابێت.

## دەروازەی دووەم: دەسەڵات ئاگایی

### بەشی یەکەم: دەسەڵات - دیسکۆز:

دیسکۆز لە زمانی کوردیدا بە مانای گوتار دێت، بەڵام فۆکۆ ئەم چەمکە بە مانای قوڵترو جیاواز لە مانای ئاسایی چەمکەکە بەکاردەهێنێت ، بۆیە تێگەیشتن لەم چەمکە لای فۆکۆ کارێکی پڕدژوارو ئاڵۆزەو ئاسان نییە، لەبەر ئەم ئاڵۆزییەش ڕەخنەیەکی زۆر لە چەمکی (دیسکۆز لای فۆکۆ) گیراوە بەوەی کە چەمکێکی نا ڕۆشنەو ناتوانرێ دەستنیشانبکرێ و بپێورێو چوارچێوەکەی دیاری بکرێ.

دیسکۆز لای فۆکۆ تەنیا گوزارشت نییە لە گووتنە ڕۆژانەییەکانی خەڵکی، بەڵکو هەموو تیۆرە زانستیو سەرجەمی ئەو زانینو مەعریفانەش کە لە تێکستو نوسراوە فەلسەفیو ئاینیو ئەدەبیو کۆمەڵایەتیەکاندا ئامادەیی هەیە لەخۆ دەگرێت، ئەمە لە پاڵ کۆی نوسراو و زانیارییە پزیشکیەکانی پەیوەست بە (لەش)جەستەو دەروونی ئینسان، هەروەها کۆی یاداشتو بەسەرهاتی ژیانی کەسەکانو یادەوەرییەکان کە نوسراون دەگرێتەوە ، وە (فۆکۆ) پێی وایە کە ئەرکی دیسکۆز هارمۆنییەت و گونجانی دەق و گوتارەکانە لەگەڵ یەکتر، وە شوێنگەی کۆی ئەو دەربڕینانەیە کە وەسفی ژمارە گەلێکی ئەو دەربڕینانە دەکات ، واتە ئەم چەمکە بە ئەندازەیەک فراوانە کۆی ئەو زانینانە دەگرێتەوە کە دەتوانرێ

بکرێ بە نوسراوو دەربڕدرێ، فۆکۆ قوڵتر دەڕواتو ڕای وایە کە دیسکۆز تەنیا نوسینەکان، کتێبەکان، تێکستەکان، وتارو وتار بێژەکان نین، بەڵکو نموونەکانو بەرهەمەکانیشن ، هەروەها فۆکۆ  دیسکۆزی بێ نوسەر دیاری دەکاتو لە ڕوانگەی ئەوەوە گوتنە ڕۆژانەییەکان، سروتو پەیماننامەکان، دێکۆمێنتە یاساییو بڵاوکراوەکان بریتین لە دیسکۆزی بێ نوسەر، چونکە ئەم دیسکۆزانە کاتێنو لە لایەن گروپو کۆمەڵەو تاقمەکانەوە دروستکراونو تاکە کەسی نوسەر نەینوسیوون ، بە پێی سەرنجەکانی فۆکۆ دەتوانین دیسکۆز پێناسە بکەین بە «ئەوچوارچێوە زمانییەیە کە کۆنترۆڵمان دەکاتو پێمان دەڵێت چ شتێک ڕێگە پێدراوە بگوترێو چ شتێک نابێ دەربڕدرێ، دیسکۆز ئەو ڕێساو پێناسانە لەخۆ دەگرێت کە دونیای پێ دەبینینو ڕاڤەی دەکەین، واتا دیسکۆز مانا بەو نۆرمانە دەبەخشێ کە لە پەیوەندییەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا پەیڕەویان دەکەین» ، بە پێی ئەم پێناسەیە دەتوانین بڵێین دیسکۆز بریتیە لەو دەربڕینەی، یاخود بریتیە لەو شتەی کە لە نێوان کۆتو بەندو قەیدەکانی زمان لە لایەکو زانستو تواناکانی پەیوەندیو لێکگرێدراوی کە لە سیستەمی زماندا بە شاراوەیی هەن لە لایەکی تر ڕوودەدات، واتە دیسکۆز «خۆی پەیوەندی دروستدەکات لە نێوان مەرجە تەکنینیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانو تۆڕی وەزیفی ئەو کردارانەدا».

دیسکۆز بە تەنیا کۆمەڵە گوتارو دەزگاو بڕیارو یاساو ڕێساو کۆمەڵە زانستو زانیاری هەمەڕەنگو کۆمەڵە گوتراوی فەلسەفیو ئاینیو ئەخلاقی نییە، بەڵکو تۆڕی پەیوەندییەکانی نێوانیشیانە، واتە تۆڕێکە هەموو ئەو شتانە بەیەکەوە دەبەستێتەوەو بەردەوام لە گۆڕانکاریو لە نوێ بوونەوەو پچڕانو دروستبوونەوەدایە ، فۆکۆ یەکەم کەس نییە کە بواری کارکردنی دیسکۆز لە کۆمەڵگەداو لە پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەدا شرۆڤە دەکات، بەر

له فۆکۆ (مارتن هایدیگەر) له هەمان بواردا کاری کردووەو ڕای وایه»هەموو تێگەیشتنێک خاوەنی مەزاجه، له هەموو مەزاجێک دا تێگەیشتن هەیه، ئەو تێگەیشتنەی کەسێک لەنێو مەزاج دا هەیەتی خەسڵەتی کەوتن وەردەگرێ، ئەو تێگەیشتنەی مەزاجییه لەنێو کەوتن دا کۆکدەکرێت و پەیوەندییەکەی لەگەڵ زانین دا لەنێو گوتاردا دروست دەکات» ، واتا کۆی مەزاج و زانینەکان له بوون دا لەنێو دیسکۆزدا ئامادەن، وە دیسکۆز لای فۆکۆ له پەیوەندی بەردەوام دایه لەگەڵ ئەم کۆ(شتانه) له کۆمەڵگەدا.

بەڵام فۆکۆ قوڵترو زیاتر له شرۆڤەی دیسکۆزدا هەنگاوی ناوەو سەرنجی تازەی پێشکەش کردووه ، به ئەندازەیەک لای فۆکۆ ئەوەی دەستنیشانی ئەوه دەکات تاکەکان چی بن‌و چۆن‌و تا چ ئەندازەیەک‌و پەیوەست به چ بوارێک‌و ئاراستەیەک بیربکەنەوەو خاوەنی چ (خود)و دەروونێک‌و ساخڵەمیەک بن، دەسەڵات‌و دیسکۆزه، (دیسکۆزو دەسەڵات) فەزایەک دروست دەکەن که ئینسان له سێبەریدا ئامادەگی هەیەو ئەم فەزایەو کارتێکەرەکانی (دیسکۆزو دەسەڵات) مرۆڤ بەو جۆره ڕادەهێنێت که چۆن بیربکاتەوەو چی بڵێ دەربارەی غەریزەکانی‌و تەنانەت چۆن بژیت، واته دیسکۆز لای فۆکۆ هەمان ئەو وەزیفەی هەیه که (ژێر خانی ئابووری) لای مارکس خاوەنیەتی ، پەیوەست به بیر کردنەوەکان‌و ژیانی مرۆیی.

لێرەوه فۆکۆ بەدوای دیسکۆزی ڕاستەقینەدا دەگەڕێ، دیسکۆزی ڕاستەقینه لای فۆکۆ ئەوه نییه که فەیلەسوفەکان‌و بیرمەندان لەبەرەبەیانی مێژووەوه بۆی گەڕاون‌و دەگەڕێن، ئەوەی فۆکۆ بەدوای دا وێڵه جیاوازه لەوەی (ئەفلاتون‌و ئەرستۆ) بەدوایدا وێڵ بوون، وە جیاوازه له سەرنجه عەقڵیەکانی (دیکارت و کانت و هیگڵ )، فۆکۆ به دوای ئەو تێکستانەوە نییه که تیایدا باشترین لێکۆڵینەوەکان، یان سەقامگیرترین لۆژیک (منگق) یان

بەدی هێناوە، فۆکۆ شرۆڤەکانی پەیوەست بە دیسکۆز لەبەر ئەوەیە کە ناوکی دەسەڵاتن، واتە نابێت دیسکۆزەکان لە ڕوانگەی نوسەرانو خوێنەرانیەوە بە تەنیا ببینرێت، بەڵکو دەبێت ئەو لایەنەش لەبەر چاو بگیرێت کە چۆنو تا چ ئاستو جۆرێک ئافرێنەرو دروستکەری پەیوەندییەکانی دەسەڵاتن.

دیسکۆز بە ئەندازەی عەقڵ، مەعریفە، زانستو حەقیقەت دەچێتە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوەو ڕاستیو ناڕاستی دیسکۆز پەیوەست دەبێت بە ئەندازەی کەڵکی بۆ دەسەڵات، بۆیە فۆکۆ دژ بەو باوەڕەیە کە پێی وایە دیسکۆز دەتوانێت درک بە ڕاستی بکاتو توانای ئەوەی هەیە ناڕاستیش ڕاست بکاتەوەو هەڵەکان چاک بکاتەوە.

بەلای فۆکۆوە خەسڵەتی دیاری دیسکۆز ئەوەیە کە لە پەیوەندیدا بەدەسەڵاتەوە پێناسە دەکرێتو، دیسکۆز لای فۆکۆ دەربڕینی ئایدیالیستانەی خەیاڵەکان نییە (وەک لە کۆماری ئەفلاتوندا دەبینرێت)، بەڵکو لە چوارچێوەیەکی ماتریالیانەدایەو بەشێکی گرنگی بونیادی دەسەڵاتی هەنوکەییە، وە لای فۆکۆ گرنگی دیسکۆز لەوەدایە کە ئاشکراکەری گەمەی دەسەڵاتە لە شوێنکاتە دیاری کراوەکاندا، واتە تەنیا گوزارشت ناکات لە ئایدۆلۆژیاو پێگەیەکی چینایەتی دیاریکراو، وەک ئەوەی ژێرخانی ئابووری لای مارکس لە ڕووە سیاسیەکەیەوە گوزارشت لێکەریەتی ، بەڵکو کردار گەلێکی دەسەڵاتاوییە کە شکڵ بە ژیانی خەڵک دەدات.

هەموو دەسەڵاتێک دیسکۆزی تایبەت بە خۆی هەیەو مەعریفەیەکی تایبەت بە خۆیشی بەرهەم دێنێت، بەرهەمهێنانی ئەو مەعریفەیە لە پێناو بەهێز کردنو پتەوکردنی دەسەڵاتو دیسکۆزەکانی دەسەڵاتو حەقیقەتی دەسەڵاتو زانستی دەسەڵاتە.

بەڵام دیسکۆز دیوێکی تریشی هەیە کە دژایەتی کردنی دەسەڵاتە،

واتە دیوێکی دیسکۆز دەسەڵات بە هێز دەکاتو دیوەکەی تری دەسەڵات دەتوێنێتەوەو دەیخاتە مەترسییەوەو لەرزۆکی دەکات ، واتە دیسکۆز هەم بەرهەمهێنو بەهێزکەری دەسەڵاتەو هەم هەڵکەنو هەڵوەشێنەرەوەی.

لای فۆکۆ دەسەڵات پەیوەندی لەگەڵ عەقڵو زانستو مەعریفەو حەقیقەتو دیسکۆرزدا هەیە، بەڵام دەسەڵاتو دیسکۆز نە هاوپەیمانن‌و نە دژی یەکترن، واتە هیچ یەکێکیان بناغەی ئەوی تر نییەو (ئەسڵ)ی تر نییە لەوی تر، چونکە وەک باسمانکرد دیسکۆز لە لایەک دەسەڵات بەرهەمدەهێنێتو هێزی پێدەداتو پتەویدەکات، لە لایەکی تر دەیخاتە مەترسییەوەو هەڵی دەوەشێنێتەوە، دیسکۆز توانای بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵات بە جۆرێکە تا دەتوانێت لە جوڵەی بخات، بە لای فۆکۆوە لەم کاتەدا بێدەنگیو شاردنەوە دەبنە پەناگەی دەسەڵات، فۆکۆ بە بەکارهێنانی چەمکی دیسکۆز ڕێنماییمان دەکات بۆ ئەوەی لە چەمکی دەسەڵات تێ بگەین، کە تیایدا تێڕوانینی دیاریکراوی شوێنگەی یاساییو تێڕوانینە چالاکە تەکنیکییەکانی قەدەغەکردن‌و شیکردنەوەو شرۆڤەکانی گۆڕەپانی گۆڕانی پەیوەندیەکانی هێز لە هەوڵی سەقامگیری دەسەڵاتدان( دەسەڵات کە بۆ هەمیشە سەقامگیر نییە)و دەیانەوێت ڕەوایەتی مافی فەرمانڕەوایی پێبدەن ، لێرەوە هەر سیستەمێکی پەروەردەیی‌و زانکۆیی دەبنە ئامرازێکی سیاسی‌و کارگەی بەهەمهێنان‌و دروست کردنی جۆرێک لە دیسکۆز کە دەسەڵات دەپارێزن‌و خزمەتی دەکەن، واتە سیستەمەکانی پەروەردە، کە بەرهەمهێنەری دیسکۆزن هەم دەکەونە ژێر کاریگەری بونیادی دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵگاوەو هەم بەشێوەیەک لە شێوەکان دەبن بە بەرهەمهێن‌و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو بونیادە ، بۆیە فۆکۆ گریمانەی ئەوە دەکات کە بەرهەمهێنانی دیسکۆز لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا لە هەمان کاتدا بریتیە

له بەرهەمهێنانی چاودێری، دیسپلین، کۆنترۆڵکردنو ڕێخستن...هتد، بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک ڕێسا، کە زۆرێک لەو ڕێسایانە دەگەڕێنەوە بۆ نەریتی قەدەغە کردنو سنورداناو نابێت لەبارەی زۆر شتەوە بدوێین ، لێرە بەدواوە بە دیدی فۆکۆ شتێک سەرهەڵدەدات کە فۆکۆ ناوی ناوە (دیسپلینی زانین) کە پڕەنسیپێکە بۆ چاودێری بەرهەمهێنانی دیسکۆز، کە سنوربەندی دەکاتو شوناسێکی پێ دەبەخشێت کە لە چوارچێوەی فۆرمێکی هەمیشەیی ڕێساو دەستورەکاندا بێت.

لەم شرۆڤانەوە دەردەکەوێت کە ئیدی دیسکۆز شوێنکارەکانی هەست پێ دەکرێتو جێ پێکانی دەدۆزرێتەوە لە پەیوەندی بەدەسەڵاتەوەو دەخزێتە مەیدانی پراکتیکو کاردانەوەوە، ئەم گوتەیە لەگەڵ گوتەیەکی تردا، دیسکۆزێک لێرەو دیسکۆزێک لەوێ کۆمەڵگەی دەسەڵات پێک دەهێنن، بە واتای گواستنەوەی دیسکۆز لە بواری مەعریفیەوە بۆ بواری مەیدانی کاری دەسەڵات پەیوەستانە، بە گەیشتن بە تەکنەلۆجیاکانی دیسپلینو چاودێریو دوورخستنەوەو سزادانو...هتد، واتا دیسکۆز دەبێت بە بەرمەبنای تەکنەلۆجیاکانی باڵا دەستیو بەڕێوەبەرێتی دەسەڵات، فۆکۆ ڕای وایە لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی تەکنەلۆجیای دەسەڵات کە سیستەمە مەعریفیو عەقڵیو زانستییەکان وەک پێوەرو مەحەکی ڕاستگۆیی دیاریدەکاتو بەکاردەهێنێت، ئەوا دیسکۆز دەکات بە ئامڕازی دامەزراندنی تیۆرییەکی سروشتی دەربارەی کۆمەڵو کۆمەڵگە.

وە لەو ڕێگەیەوە پرۆسەکانی کۆنترۆڵ سەقامگیرتر دەکات، ئەم جۆرە لە دیسکۆز پەیوەستە بە کاتێکی مێژووییەوە کە سەدەکانی ناوەڕاستو تا نزیک بە سەردەمی نوێ دەگرێتەوە، لەو سەردەمەدا لە چوارچێوەی بیرکاکڵی (عەقڵ دەڵەمەیی، کاڵفامی)و جەستەو پەشیمان بوونەوە (تەوبە)

دا دیسکۆز وەکو ئامرازی تەکنەلۆجی دیسپلینی بەیەکگرتووی‌و یەک پارچەیی دەردەکەون، بەڵام لە سەردەمی نوێدا ئەم یەک پارچەییە نەماو دیسکۆزە جیاوازەکان‌و هەندێک جار دژ بەیەکەکان سەریانهەڵدا وەک: کۆمەڵناسی، بایۆلۆژی(ژینناسی)، پزیشکی، سایکۆلۆژی‌و دەروون پزیشکی، ئەخلاق ناسی، پەروەردە و دواتر ڕەخنەی سیاسیشی لە خۆیدا کۆکردەوە ، لە ڕوانگەی ڕەخنەی سیاسیەوە دیسکۆزی حەقیقی بە باشترین شێوە بەرەنگاری و دژایەتی دەسەڵاتی سەرکوت دەکات‌و دەنگی ناڕەزایی بەرز دەکاتەوە، ئەگەر چی ئەم جۆرە حەقیقەتەش خاڵی نییە لە دەسەڵات، بەڵام دەسەڵاتەکەی لە خزمەت ڕاشکاوی‌و ڕاستی‌و فەزیلەت‌و خێری گشتیدایە.

**بەشی دووەم: دەسەڵات — مەعریفە:**

مەعریفە وەک ووشەیەک لە خودی خۆیدا واتە زانین، لەسەر ئاستی فکریش بریتییە لەو بەرهەمهێنراوە جەوهەرییەی کە لە کرداری ڕەخنەگرتنی فیکرێک لە فیکرێکی تردا دەردەکەوێت ، واتە زانین لە مانا زاراوەییەکەیدا پەیوەستە بە تاک (خود-زانین) و کۆمەڵگە (کۆ-زانین) و گروپەکانەوە، بەڵام دواجار مەعریفەش دەئاڵێنە تۆڕی دەسەڵاتەوەو لێکگرێدراوی (دەسەڵات-مەعریفە) دێنە ئارا، چونکە «ئارکیۆلۆژیای مەعریفە هەرگیز جگە لە ڕووخسارێکی دیکەی دامەزراوەی دەسەڵات هیچی دیکە نییە».

(دەسەڵات - مەعریفە) بریتییە لەو پەیوەندییە دوولایەنەی کە لە نێوان دەسەڵات‌و مەعریفەدا هەیەو هەردوولا کار لە یەکتری دەکەن‌و دەکەونە ژێر کاریگەری یەکتریشەوە، دەسەڵات مەعریفەو زانینەکانی خۆی وەک راستی پێناسە دەکات‌و ئەوەی دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوە مەعریفیەکەی بە ناڕاست ئەژماری دەکات، ئەومافەش بە خۆی دەدات

که هەموو ئەوانە سزابداتَ کە دەکەونە دەرەوەی مەعریفەی دەسەڵاتەوە، یاخود لە مەعریفەو ڕاستیەکانی دەسەڵاتَ لایانداوە ، یاساکانیش لەسەر ئەم بنەماو لەم پێناوەدا لە دایک بوون، تاکو بتوانن بەرگری لە مەعریفەی دەسەڵاتَ بکەن‌و سزای لادەرەکانی بدەن، هەر لەسەر ئەم بنەمایەشە کە هۆرکهایمەر دەڵێ: بە ئەندازەی گەشەو فراوانبوونی مەعریفەی زانستی ئەوا ئازادی و بەختەوەری و سەربەخۆیی مرۆڤ دادەکشێتَ و تاریک دەبێتَ.

لە سەردەمی نوێ‌و جیهانی مۆدێرندا مەعریفە یەکێکە لە ڕەگەزە دیارو سەرەکیەکانی دیاری کردنی ڕەفتارەکانی دەسەڵاتَ ، و هەموو کردەوەو پرۆسەکان کە دەسەڵاتَ ئەنجامیاندەداتَ پشتَ بە باکگراوندێکی مەعریفی دەبەستن‌و هەموو سزایەک کە دەسەڵاتَ دەیسەپێنێتَ بەسەر تاکەکاندا ئەوا پاساوێکی مەعریفی بۆ دەهێنێتەوە، ئەمەش بە ڕوونی لە پرۆسەی پۆلێنکردن، دابەشکردن، ڕێکخستن، مونفەریدەسازیکردن، چاوەدێری کردنی زیندانەکان‌و دانانی سێبەری دەسەڵاتَ بەسەریانەوە دەردەکەوێتَ، وە (برنار هنری) دەڵێتَ: «مەعریفەی عەقڵ لەهەناوی خۆی دا سیستەمی زیندانی هەڵگرتووە» ، لە سەردەمی مۆدێرندا پەیوەندی (دەسەڵاتَ – مەعریفە) ڕۆدەچێتە قوڵاییەکی ترسناکەوەو بەئەندازەیەک‌و ئاستێک دەگاتَ کە هیچ یەکێک لە مەعریفەو دەسەڵاتَ بەبێ بونی ئەوی تر نابن، واتە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتَ تواناو وجود یان نابێتَ کە نەکەونە پەیوەندیەکی دوولایەنەیی لە کایەیەکی مەعریفیدا، هیچ مەعریفەیەکیش بوونی نابێتَ ئەگەر پێشتر لەو گریمانەیەوە نەهاتبێتَ کە لە پەیوەندیەکانی دەسەڵاتدا ئامادە بێتَ.

چونکە ئەگەر ڕاستی ئەو مەعریفەیە لە لایەن دەسەڵاتەوە نەسەلمێنرێ ئەوا ناتوانرێ گرەنتی مانەوەی بکرێ‌و دەشێ هەر زوو

بپوکێنەوەو لە ناو بچێ، وە مەعریفە دەچێتە هەموو ئەو جێگەیانەی کە دەسەڵات پێیان دەگات، فراوانی مەعریفە بە ئەندازەی فراوانی تۆڕەکانی دەسەڵات پەلدەهاوێژێو هەموو ناوەکیەکی مەعریفی (هەڵە، پێداویستی، وەهم، خەیاڵ، سوودو قازانج، مەبەستو ئامانج فێڵو تەڵەکە بازی، ڕاستیو ناڕاستی، دیسپلینو کۆنترۆڵو خوازەی لارەملێی تاکەکان بۆ دەسەڵات...هتد) لە خۆ دەگرێت ، ئەمەش وا دەکات کە هەست بە بوونی مەعریفەیەکی ناوەکی بکەین لای ئەو کەسانەی کە دەکەونە بەر سزاکانی سیستەمەکانی دەسەڵات، کە بریتین لەوانەی تەکنەلۆژیاکانی دەسەڵاتی دیسپلین بەسەر جەستەیانەوە نەخشێنراوەو شوێنەوارەکانی پرۆسەی داوەشاندن شوێنەواری خۆی بەسەر جەستەیاندا جێهێشتووە، بەنمونە ئەو مەعریفەیەی لای نەخۆشێکی نەخۆشخانە دەروونیەکان هەیە، یاخود لای زیندانییەکو تاوانبارێکو چاودێریکراوێکی تەمێخانەکان هەیە، لای قوربانیانی سەربازگەکانو پاسەوانەکانیانو هۆمۆسێکسواڵو ژنە سۆزانیو سحربازەکانو دەربەدەرەکانو لای مناڵو فاڵچییەکانو...هتد هەیە.

فۆکۆ لە ژێر کاریگەری (گاستۆن باشلار) باس لە دابڕانی مەعریفی دەکات کە لە قۆناغەکانی مێژوودا ڕوودەدەن، لای فۆکۆ هەرگیز گۆڕانەکان لە (ئەپستیم) بۆ (ئەپستمیکی)تر بەهێواشو لەسەر خۆی ڕوونادات، بەڵکو فۆکۆ باوەڕی بە گۆڕانی لەناکاوو کتوپڕهەیە، بۆیە دەڵێین ئەپسیتمو ناڵێین مەعریفە، چونکە ئەم چەمکە لای فۆکۆ بەمانای ئەو ژێرخانە فکریە دێت، کە هەموو شێوەکانی مەعریفەی لەسەر بونیاد نراوەو جیاوازو دابڕاوە لە ئەپسیتمەکانی بەر لە خۆی، وە ئەپستمۆلۆژیا بەو زانستە دەوترێ، کە پەنجە دەخاتە سەر سەرچاوەو ژێدەرەکانی زانیاری لەگەڵ دیاریکردنی ئەو مەرجانەی کە لە بەرهەمهێنانو وەدەست خستنیدا پێویستنو دەستنیشانی شێوەکانی

بەکارهێنانیشی دەکات، واتە ئەپستمۆلۆژیا زانستی لێتوێژینەوەی کۆمەڵگەو شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە نیە، بەڵکو زانستی ئارگومێنتکردنە لەسەر مەعریفەو شێوازەکانی انتاجکردنی، واتە ئەو زانستەیە کە سەرچاوەکانو گرفتەکانیو مەرجەکانی بەرهەمهێنانو بەکارهێنانی مەعریفە شیدەکاتەوە.

مەبەستی فۆکۆ لە قسەکردن لە ئەپستمۆلۆژیا، قسەکردنە لەسەر ئەو گۆڕانانەی کە لە قۆناغەکانی مێژوودا ڕوودەدەن، وەک ئەوەی (دیکارت) کۆتایی بە سەردەمی عەقلانیەتی (ئەریستۆ) دێنێتو (کانت) کۆتایی بە ئەپسیتمی سەردەمی (دیکارت) دێنێت، وە مەبەستی فۆکۆ لە دوان دەربارەی گۆڕانی مەعریفە ئەوەیە کە لەگەڵ گۆڕانی مەعریفە ستراتیژو شێوەکانی دەسەڵاتیش دەگۆڕێن ، چونکە فۆکۆ مەعریفە لە ڕوانگە (نیچە)ییەکەیەوە دەبینێ کە پێی وایە «مەعریفە دەوری ئامرازێکی دەسەڵات دەبینێ« ، هەروەها فۆکۆ مەبەستییەتی لەو کەڵەکە بوونی مەعریفەیە سەرنج بدات کە بەردەوام لە شێوەی حەقیقەتدا خۆی مانیفێست دەکاتو دواجار ئەو مەعریفەو حەقیقەتانە دەبنە ناوەڕۆکی ئایدۆلۆژیاو هزرە تۆتالیتارو ستەمکارەکانو هەوڵی یەکڕەنگیو کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەی جیهانی دەدەن.

دەسەڵاتی مۆدێرن دەست دەگرێت بەکۆمەڵێک مەعریفەوەو لە ڕێگەیانەوە چاودێری تاکەکانو کۆمەڵگە دەکات و ڕایان دەهێنێ لەسەر لارەملێو گوێڕایەڵی، هەروەها لە پێناو پتەوکردنو پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی دەسەڵاتی مۆدێرن ناچارە کۆمەڵێک دەزگاو دامەزراوەی مەعریفی بنیاتبنێت ، لە نمونەی ئەو دەزگایانە دەتوانین زانکۆو دەزگا پەروەردەیەکان وەربگرین کە کار دەکەن بۆ بڵاوکردنەوەی مەعریفە لە پێناو پاراستنو درێژە پێدانی دەسەڵاتو دوور خستنەوەی ئەو دامەزراوانەی تری دەسەڵات کە لە لایەن چینێکی کۆمەڵایەتی دەرەوەی دەوڵەت بەڕێوە دەبرێن، ئەم

جۆره له مەعریفه به لای فۆکۆوه کاری بریتییه له بەوەهمکردنو بەخەیاڵ کردن ، و دەسەڵاث خۆی ئەم جۆره مەعریفانه بەرهەمدەهێنێ ، پەیوەندی (دەسەڵاث -مەعریفه) لای فۆکۆ پەیوەندیەکی دوو لایەنەیەو هەندێ جار مەعریفه دەسەڵاث دروستدەکاثو هەندێ جاریش دەسەڵاث مەعریفه بەرهەم دێنێث ، هەروەها»فۆکۆ ویستی مەعریفه هاوتا دەکاث بەویستی هێز» ،بەو واثایەی تا ئەندازەی هێزی هەبووث تواناى بەدستهێنان یاخود هەبوونی مەعریفەث هەیه، بەنەمانی هێز ئەوا بوونی مەعریفەش بەرەو پوکانەوەو خنکان دەچێث، کاتێ فۆکۆ دەڵێ زانین واته هێز، ئەوا ئەو چەمکه لای فۆکۆ جێگەی گومان و ڕتکردنەوەیە، لێرەدا مەبەستی فۆکۆ دژایەتی کردنی گەیشتن نییه به زانیاری، بەڵکو دژایەتی ئەو بۆچونه سەرو ڕاستیی و له خۆ دڵنیایەی زانسته، چونکه لای فۆکۆ زانستەکان جگه له ڕامکردن(دیسپلینکردن) چیدیکه نین.

**بەشی سێیەم: دەسەڵاث — حەقیقەث:**

بۆ دوان دەربارەی حەقیقەث له ڕوانگەی فۆکۆوه ئەوا ناچارین پەیوەست به تاکو دەسەڵاث لێی بئاخاوتیین، فۆکۆ سەیری تاک دەکاث وەک دڵو جەوهەریەتی دروستکردنی حەقیقەثو نێوەندگیرییەتی نێوان حەقیقەثو دەسەڵاث، هەروەها فۆکۆ دەڵێ: که حەقیقەث له دەرەوەی دەسەڵاث ئیمکانی بوونی نیەو نابێث ببێث، وه هەموو حەقیقەثو حەقیقەث خوازییەک له قوڵاییدا لەگەڵ دەسەڵاثو ویستی دەسەڵاثو ئامانجەکانی لێکگرێدراوه.

دەسەڵاتی مۆدێرن‌و سەردەم بەلای فۆکۆوە تەنیا سەرکوتکەرو نێگەتیڤ‌و سنوردار کەر نییە وەک ئەوەی کە باسی لێوەدەکرێت، بەڵکو لەهەمانکاتدا پۆزەتیڤ‌و بەرهەمهێنەرو ئافرێنەرو داهێنەرو دروستکەریشە، فۆکۆ لە کتێبی (دیسپلین‌و سزا)دا دەڵێ: دەسەڵات (سروتەکانی حەقیقەت) دروست دەکات ، هەروەها لە ڕوانگەی فۆکۆوە دەسەڵات تاکەکان ناچار دەکات بە بەشداربوون لەوەبەرهێنانی حەقیقەتدا.

کاتێ فۆکۆ دەڵی ئێمەی تاک لە لایەن دەسەڵاتەوە ناچاردەکرێین کە بەشداربین‌و حەقیقەت بەرهەمبهێنین ئەوا مەبەستی فۆکۆ ئەوەیە کە دەسەڵات لەکۆمەڵگەدا شتێک دیاری دەکات وەک حەقیقەت‌و پێوەی پابەند دەبێت‌و ئێمەش ناچاردەکات کە دان بەو حەقیقەتەدا بنێین‌و وەریبگرین، وە دەتوانین واشیکاری بکەین کە لێرەدا حەقیقەت هەمان ڕاستی کۆمەڵایەتی نییە کە لە کۆمەڵگەدا وجودی هەیە، بەڵکو ئەو شتەیە کە دەسەڵات وەک ڕاستی دیاری کردووەو دەبێت ئێمەش قبوڵ‌و ستایشی بکەین ، ئەم جۆرە لە حەقیقەت یەکێک لە بەشەکانی دەسەڵات پێکدێنێ و زۆرێک لە دەسەڵاتەکان ئایندەی خۆیانی لەسەر بینا دەکەن، وەک دەسەڵاتی مارکسی کە پێشبینیەکانی مارکسی کردووە بە حەقیقەتی داهاتووو کۆی ژیان‌و ئامانجی خۆیان لەسەر بینا کردووە.

فۆکۆ لە دەرئەنجامی ڕەخنە گرتنەکانی لە ڕۆشنگەری‌و دەسەڵاتی سەردەم‌و عەقڵی مۆدێرن دەگاتە ئەو بڕوایەی کە حەقیقەت وەک بەرهەم

هاتووی عەقڵی مۆدێرن هاو واتای دەسەڵاتە، وەک فۆکۆ خۆی دەڵێ: مانای (حەقیقەت) مانای (دەسەڵات)ە ، ئەگەر ئەم هاو واتایەی دەسەڵاتو حەقیقەت ڕوونتر بکەینەوە دەتوانین بڵێین کە دەسەڵات شتێکو شێوازێک وەک حەقیقەتی خۆی بەرهەمدەهێنێو ئەوەی لە دەرەوەی ئەم شێوازو شتەی دەسەڵات بێت ئەوا بە ناحەقیقیو شێت وەسف دەکرێت، لەبەرئەوە دەسەڵات شەرعیەت بە خۆی دەدات لە پێناو حەقیقەتدا هەموو ناحەقیو شێتیەکان سزا بداتو لەناو بەرێتو کۆنترۆڵ بکات.

واتا بەپێی ئەم ڕونکردنەوەمان فۆکۆ لەم هاو مانایەدا حەقیقەت دەکات بە پاشکۆی دەسەڵاتو بەبێ بوونی دەسەڵات بوونی حەقیقەتیش نابێ، کە ئەمە جیاوازە لە دیدی (یۆرگن هابرماس)ی نەیاری سەردەمی فۆکۆ، چونکە (هابرماس) ڕای وایە کە دەسەڵات پەیوەستە بە حەقیقەتەوە، واتە لێرەدا دەسەڵات پاشکۆی حەقیقەتە نەک حەقیقەت پاشکۆی دەسەڵات بێت ، لە بۆ چوونی فۆکۆدا حەقیقەت ئەبەدیو جاویدانو تا ئەبەد نییەو حەقیقەت لە چوارچێوەی مێژوودایەو لە کۆمەڵگەدایەو دەسەڵات بەرهەمی دەهێنێتو کار بۆ دەسەڵات دەکات ، هەموو سەردەمو کۆمەڵگەیەک حەقیقەتو حەقیقەتخوازی تایبەت بە خۆی هەیە و حەقیقەتی کۆمەڵگەیەک لەوانەیە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر حەقیقی نەبێتو ئەوەی ئەمڕۆ وەک حەقیقەت ئاماژەی بۆ دەکرێ مومکینە سبەی لە دەرەوەی بازنەی حەقیقەت بێتو وەک نەیاری حەقیقەت پێناسە بکرێو لە لایەن حەقیقەتی ئەوسای دەسەڵاتەوە سەرکوتو خەفە بکرێ، فۆکۆ بەم سەرنجە مێژووییەی بۆ حەقیقەت ئەوا «حەقیقەت لەسەرجەم فۆرمو تێگەیشتنە میتافیزیکیەکان دادەماڵێ» و دەیخاتە سەر ڕەوڕەوەی مێژووو ئەو ناسینە ڕەهایەی لـێ فڕێ دەدات کە بەبەریدا کرابوو، ئەوناسینە ڕەهایەی پێناسەی حەقیقەتی دەکرد بەوەی

حەقیقەت هەر حەقیقەتە ئیتر لەهەر کاتو شوێنێکدا بێت، لە کاتێک دا تێگەیشتنی حەقیقەت لەناخی مرۆڤ دا لە دیمەنگەلی جیاوازەوەیە ،و فۆکۆ ئەم حەقیقەتە ڕەهایە ڕەتدەکاتەوەو ڕایوایە حەقیقەت بەندە بەو هەلومەرجەی دەسەڵات کە شتێک وەک حەقیقەت دیاری دەکاتو پێناسەی ڕاستو دروستی بەبەردا دەکات، واتە لێرەدا حەقیقەت ئامرازی کاریگەری دەسەڵاتە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکان ،هەر حەقیقەتێک ڕاستو دروستە تائەو کاتو ئاستەی خزمەت بەبەرژەوەندیو ئامانجەکانی دەسەڵات بکاتو ئیتر لەو ماوە مێژووییەدا بەڕاستو دروست دەژمێردرێ، ئەو حەقیقەتە هەر کاتێ کەڵکی دەسەڵاتی پێوە نەماو هۆکارێک نەبوو بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات ئەوا لەو ساتەوە ترازان لە ڕاستی حەقیقەتەکەشی پەیدا دەبێت.

هەر بۆیە دەسەڵات لەگەڵ حەقیقەت بەمانا ڕاستیە میتافیزیکیەکەی تەواو لە یەکدی دەرەکین، دەسەڵات هەردەم سنوورو چوارچێوە بۆ حەقیقەت دیاری دەکاتو سزاکان بەرهەمدەهێنێت و یاساکان دەکاتە پاساوی سانسۆر، وە دەسەڵات کاری تەنیا ڕێگرتنەو فرمانگەی ملکەچکاری تاکەکانە بۆ دەسەڵات، لێرەوە دەسەڵات دەبێت بەسەرکوتو ئەمەش لەڕێگەی یاساوەیەو یاساش خوازیاری تەسلیم بوونە و دوا پاساوی دەسەڵاتیش بەرگری کردنە لە حەقیقەت (حەقیقەتی دەسەڵات) کە جیاوازە لە (حەقیقەتی دروست)ی دەرەوەی دەسەڵات، دەسەڵات هەمیشە بەرەنگاریو ڕێگری دەکات لە حەقیقەتی واقیعیو وەکو ئامرازی سەرکوتو بەربەست لە بەرامبەر حەقیقەت دەوەستێو لەکەداری دەکاتو هەوڵی پێکهێنانی ئاگایی درۆیینە دەداتو پەرە دەدات بە بڵاوکردنەوەی نائاگاییو بەکارهێنانی گەلێک فرتو فێڵو هۆکار، هەر لەبەر ئەوەی دەسەڵات لە حەقیقەتی

واقیعی دەترسێ، بۆیە دەبێ سەرکوتی بکات ، حەقیقەت بەمانا دەرەوەی دەسەڵاتەکەی لە خودی خۆیدا دژی دەسەڵاتەو ڕۆڵی ڕزگاریو ئازادیو گەیشتن بەڕاستی ونن دەبینێ.

**بەشی چوارەم: دەسەڵات — عەقڵانیەت:**

(هیگڵ) بیرمەندی مۆدێرن هەموو ئەو سەرنجو بۆچونانە ڕەت دەکاتەوە کە پێیان وابێت بابەتو ڕووداوەکان پەیوەست بە ویستو ئیرادەی مرۆڤەکان خۆیانە، چونکە لە دیدی (هێگڵ)دا کۆی بەسەرهاتو ڕووداو و شتەکان لە ڕیگەی عەقڵەوە دیاری دەکرێن کە هێگڵ بە (فرمانڕەوایی جیهان) ناوی دەبات ، هەروەها لەسەر ئەو بنەمایە تونترین ڕەخنە ئاڕاستەی شۆڕشی فەرەنسی دەکاتو پێیوایە کە سەربەستیەک لەسەر بنەمای گرێبەستێکی وەک پەیمانی کۆمەڵایەتی بێت ئەوا دابڕاوە لە عەقڵو بەتەواوی لەسەر بنەمای حەزو هەوەس وەستاوە.

(هیگڵ) هەموو شتەکان بۆ عەقڵ دەگێڕێتەوەو تەنانەت عەقڵ بەسەرداری جیهان دادەنێتو پێی وایە هەموو شتەکان لە عەقڵەوە دەبێت سەرچاوە بگرنو بگەڕێنەوە بۆ عەقڵ، وە عەقڵ دەکات بە ئامرازی ملکەچی مرۆڤ و داوا دەکات مرۆڤ زیاتر بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی عەقڵ و لۆژیک و پاساوەکانی میتۆدی دیالێکتیکی ، هەروەها لای نیچە «عەقڵ سەرزەمینێکە وەک خودی واقیع خۆی پڕە لە هێزو دەسەڵاتو ململانێی هەمە جۆر، یاساکانی هێزو دەسەڵاتو ململانێو هەیمەنە چەند لە واقیعدا ئامادەن، ئاواش لە ناو عەقڵو کارەکانی عەقڵیشدا ئامادەن، عەقڵێک نییە لە پاڵیداو لەناویدا پرۆژەیەکی دەسەڵات ئامادە نەبێت، ئیرادەی دەسەڵات کە جەوهەری بوونە، ئیرادەیەکە تەواو لە ناو عەقڵدا بەرجەستەیە».

وه (ماكس ڤیبەر)ی كۆمەڵناس دەسەڵاتی عەقڵانی یاسایی بەدەسەڵاتێكی گرنگ وەسف دەكاث كە بووەتە بەدیلی دەسەڵاتی نەریتی.

وەک لە دیدی بیرمەندانی سەرەوەدا ئاماژەمان پێداوە، دەتوانین بوونی پەیوەندی پتەوی عەقڵو دەسەڵاث بدۆزینەوە، عەقڵ وەک ئامرازو هەوێنی ڕووداوەكانو بەسەرهاتەكان و ئەژمار هاتووەو زۆر جاریش بەپایەو بناغەی دەسەڵاث دادەنرێث.

هەر لە كۆنەوە هەمیشە وتراوە كە نەزانی بێدەسەڵاتییە و دەسەڵاتداران كەسانی زۆرزانو عاقڵنو توانیویانە عەقڵی خۆیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەكار بهێنن، وە (ئیمانوێل كانث) فەیلەسوفی ڕۆشنگەر (ئازابەو بوێرە عەقڵی خۆث سەربەخۆ بەكاربهێنە) بە دروشمی شۆڕشی ڕۆشنگەری دادەنێ ، لای (كانث) ئازادی عەقڵ هۆكاری ئازادی مرۆییەو مرۆڤ ناتوانێ سەربەسث بژیث ئەگەر عەقڵی سەربەسث نەبێ، وە (كانث) دەڵێث: عەقڵ سەرچاوەی هەموو یاسا دانانێكی ئاكارییە.

عەقڵانیەث لە ئەک ڕووە ئیجابیەكەیدا لایەنێكی نێگەتیڤیشی هەیەو لە زۆربەی كاتەكاندا عەقڵ دادوەرێكی بێلایەنو سەربەخۆ نیە و لەبەرژەوەندی لایەنێک بڕیار دەداثو هەندێ جاریش هەڵەی گەورە دەكاثو كارەساتی پڕ مەئساث دەخوڵقێنێ، هەر بۆیە ئاساییە كە بیرمەندانێک عەقڵانیەثو بە عەقڵانی بوونو بەعەقڵانی كردن بەدەستەواژەو وشەی مەترسیدارو ئافاتاوی بزانن.

چونكە عەقڵ لە ناوەڕۆكی دەسەڵاتدایەو انتاجی دەسەڵاثو جۆرەكانی دەكاثو زۆرجاریش دەسەڵاتی ئاكرەوو دیسپۆتیزمیو ئیستبدادی بەرهەمهێناوە، بەڵام بیرمەندانی (فرانكفۆرث) ڕایان وایە كە نەعەقڵ بەرهەمهێنەری دیسپۆتیزمی بێث، بەڵكو عەقڵو عەقڵانیەث لە لایەن

دیسپۆتیزمی سەرمایەداریەوە احتکار کراوەو دەبێت ئێمە عەقڵ قوتار بکەین لەم قۆرغکردنە، نەوەک دەستبەرداری عەقڵ بین، چونکە ئەمە فۆرمێکی شێواوو گەندەڵی عەقڵی ئەوروپایە ، بەڵام فۆکۆ ڕای جیاوازە لە کۆی بیرمەندانی پێش خۆیو لە دیدی ئەودا عەقڵانیەت لە هەر سەردەمێک لەسەردەمەکاندا بێت ئەوا لە پەیوەندیدایە لەگەڵ هێزو دەسەڵاتداو هەموو کات دەسەڵات شتانێک وەک حەقیقەت دەسەلمێنێتو شتانێکی تر وەک هەڵە و لە پێناو چەسپاندنی حەقیقەتەکانیدا جەنگ دروستدەکاتو بەرەو شەڕانگێزی پێهەڵدەگرێ لە پێناو کۆنترۆڵکردنی تاکەکانو پەیوەستکردنیان بە حەقیقەتەکانی خۆیو لادانیان لەو شتانەی کە هەڵەن بەپێی عەقڵی سەردەمەکە، لەم پرۆسە شەڕانگێزییەیدا عەقڵ بەجۆرێکی تازە تەعبیر لە خۆی دەکاتو کۆنترۆڵ دەکات لە پێناو سەر لەنوێ ڕاهێنانەوەی بەردەوامی کەسەکان، ئەم پرۆسانەشی زیاتر لە ڕێگەی (وەرشە، کارگە، نەخۆشخانە، سەربازگە، قوتابخانەو زیندانەکان)ەوە جێبەجێ دەکات، ئەم دەزگایانە مرۆڤەکان کۆنترۆڵ دەکەنو دەگۆڕن بۆ مرۆڤی گوێڕایەڵو بەکەڵک بەپێی دیدە عەقڵانیە باوەکان ، لێرەوە پەیوەندی نێوان عەقڵانی بوونو زیادەڕۆییو زۆرداری دەسەڵاتی سیاسی دەردەکەوێتو بەم چەشنە کۆی دامەزراوە عەقڵیەکان دەخرێنە خزمەت دەسەڵاتو دەزگاکانی.

ئیتر دەسەڵاتی مۆدێرن لە هەناوی عەقڵانیەتدا سەرهەڵدەداتو چەندان تەکنیکو ئامرازی عەقڵانی لە پێناو ڕامکردنی مرۆڤەکان بەکاردەهێنێو کارەساتی گەورە دەخوڵقێنێ بە تایبەت لە دوو جەنگە جیهانیەکەدا، ئیتر لێرەوە قەیرانی عەقڵ دەست پێدەکات، سەرەتاکانی سەرهەڵدانی قەیرانی عەقڵ دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست.

بەر لە سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی یەکەم عەقڵی ئەوروپی عەقڵێکی

باڵادەستو لەخۆی دڵنیا بوو، عەقڵێک بوو کە بووبووە بنەماو پێوەری ڕاستو ناڕاست، هەموو ئەوانەی کە بەپێی ئەم عەقڵە قبوڵنەکراو بوون ئەوا لە کۆمەڵگەش قبوڵکراو نەدەبوون، بەڵام دوای جەنگی یەکەمی جیهان گورزێکی کوشندە بەر عەقڵانیەت کەوتو جێی پێ لەقکراو خرایە ژێر پرسیارەوەو شکۆی جارانی نەماو شکا.

فکری فۆکۆ دەربارەی عەقڵی ڕۆشنگەریو ڕەخنەکردنی ئەو عەقڵەیە کە بووەتە سیستەمێکی جڵەوکردنو ڕامکردنو دیسپلین ، ڕەخنەیە لەو عەقڵە موتڵەق گەرایەی کە خۆی بە حەقیقەتو جیهانیی (یۆنیڤێرساڵی)و لەسەروی کۆمەڵگەو مرۆڤەوە دادەنا ، ڕەخنەی جەوهەری فۆکۆ لە عەقڵ لەو کاتەدا چڕ دەبێتەوە کە عەقڵ دەچێتە ناو پەیوەندیە ئاڵۆزەکانی دەسەڵاتەوە بۆ کۆنترۆڵو چاودێری، لێرەوە جیاوازی بیری فۆکۆ لەگەڵ (یۆرگن هابرماس) ی فەیلەسوفی فرانکفۆرت دەردەکەوێت.

کە لەمڕۆدا (هابرماس) دیارترین فکری نەیاری فۆکۆیەو بەرگری لە عقڵ دەکات وەک ئامرازو هۆکاری ڕەخنە گرتن لەو لاریانەی دەرئەنجامی دەسەڵاتنو ڕێگە گرتن لە خراپیەکانی دەسەڵات.

فکری فۆکۆ پرۆژەیەکە لەناویدا هەڵگری پرۆسەکانی ڕەخنەکردنی عەقڵی خۆرئاواو دەرخستنی پەیوەندییە لە نیوان مەعریفەو دەسەڵات، فۆکۆ بەو دەرئەنجامە دەگات کە عەقڵی خۆرئاوایی لە سەردەمی نوێداو بەتایبەت لە سەدەی بیست(20)دا پاکو بێگەردنییەو بەکۆیی هەڵگری مەعریفەش نییە، بەڵکو لە پەیوەندیو تێکەڵاو بووندایە لەگەڵ (هێز، دەسەڵات، هەیمەنە، چەوسانەوە، خۆسەپاندن، کۆنترۆڵکردنو ڕامکردندا)، واتە ئەم عەقڵە لە ڕۆشنگەریەوە هەڵگەڕاوەتەوە بۆ عەقڵێکی جڵەوکارو دیسپۆتیزمیو لە هەوڵی ئەوەدایە کە سەرجەم کونوکەلەبەرەکانی ژیانی

مرۆیی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوریو فەرهەنگی...هتد لە قاڵب بداتو جڵەویان بکات.

فۆکۆ بە ئەندازەیەکی فراوان لە مۆدێرنە ڕەشبینو نیگەران بوو، وەڕای وابوو کە عەقڵی مۆدێرنەو ڕۆشنگەری ئازادییەکانیان دەستبەسەرکردووەو کۆتو بەندیان بۆ داناوە ، بە ڕای فۆکۆ عەقڵی ڕۆشنگەری عەقڵێکی کۆنترۆڵکەرە.

بەتایبەت لە سەردەمی مۆدێرنەدا کە ئیتر زانستە مرۆییەکان لە دایک دەبن و ڕۆڵێکی فراوان دەبینن لە داڕشتنی ئەو سیستەمە عەقڵانیە سەرتاسەریەی کار بۆ کۆنترۆڵی تاکەکان دەکات، لێرەوە بەرهەمەکانی عەقڵ دەچنە خزمەتی دەسەڵاتی کۆنترۆڵو دیسپلینکردنی کۆمەڵگاو تاکەکانەوە ، لە بۆچوونی فۆکۆدا دەگەین بەو ئاستەی پەیمانو بەڵێنەکانی ڕۆشنگەری بۆ گەیشتن بەئازادی لە ڕێگەی عەقڵو هاوئاهەنگی عەقڵانیەتەوە بە پێچەوانە دەرچوو ، چونکە نەک هەر بەدیهێنەری ئازادی نەبوو بەومانایەی بانگەشەی بۆ دەکرد، بەڵکو سانسۆری بۆ ئەو ئازادیەش دانا کە هەبوو، سانسۆری کردو کۆنترۆڵیکردو بەسەرنجی فۆکۆ عەقڵانیەت بوو بە هۆکارو ئامرازێک بۆ سەرهەڵدانی نەهامەتیو کۆیلایەتی لەسەردەمی نوێدا، لێرەوە فۆکۆ ڕەخنەکانی ئاڕاستەی هیومانیزم دەکات بەو پێیەی هیومانیزم پێداگیری زۆردەکات لەسەر عەقڵانی بوونی مرۆڤ، فۆکۆ لە ئاڕاستە کردنی ڕەخنەکانی بۆ هیومانیزم دەپرسێ کە ئاخۆ کێ عەقڵانییەو کێ ناعەقڵانی؟، وەکێ ئەم عقڵانی بوونو ناعەقڵانی بوونە دیاری دەکات؟، بەچی پێوەرێکو چۆنو بۆچی؟، هەروەها دەپرسێ کە چی شتێکو هەڵسوکەوتێک عەقڵانییەو چ شتو هەڵسوکەوتێکی تر ناعەقڵانیە؟.

هەروەها فۆکۆ سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە هیومانیزم وا دەکات

کەسانێک بە ناعەقڵانیو شێت وەسف بکرێنو دواتر دەکرێنە دەرەوەی هەرێمی عەقڵانیەتەوە، لێرەوەو لەم پرۆسەی دەرکرانەوە ئیتر ئازادییەکانیان لە دەست دەدەنو ملکەچیو کۆیلایەتی لەسەردەمی عەقڵانیەتدا سەر هەڵ دەدات، هەروەها لەو سەردەمەی عەقڵانیەت دەبێتە ڕاستیەکی پرسیار لێنەکراو، ئەوا بۆ وەلاناتی گومانەکان تەنیا پشت بە ڕاستی مشتو مڕو ئارگۆمێنتو سەلماندنو دادوەری ڕاستینە نابەستێ، بەڵکو بۆ باڵاییو یەقینی خۆی تێکەڵ بە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتو ئەو یاریانە دەبێت کە دەسەڵاتو حەقیقەت لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا بەیەکەوە گرێدەدات.

فۆکۆ سەرنجێکی نێگەتیڤی لەسەر عەقڵانیەتی مۆدێرن هەبوو، لەکتێبی (دیسپلینوسزا)دا باس لەو پرۆسەیە دەکات، کە عەقڵانیەتی سیاسی مۆدێرن وەگەڕی خستووەو لەم پرۆسەیەدا هەوڵ دەدات تاکەکان بکاتە گوێڕایەڵی دەوڵەتو دیاریکردنی ئەرکو مافەکانیان هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت، هەر لەم پێناوەشدا زیندان و هەموو ئەو هۆکارو ئامرازو شێوازو ڕێگایانەی گەشەپێدا کە لە پرۆسەی کۆنترۆڵی مرۆڤەکاندا پێویستن ، هەر بۆیە فۆکۆ دەگاتە ئەو باوەڕەی کە عەقڵی مۆدێرن لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆشنگەرە ئەوا ستەمکاریشە، چونکە هەرچەندە سەردەمی ڕۆشنگەری هەندێ لە ئازادییەکانی خوڵقاند، بەڵام بەو ئەندازەیەو بگرە زیاتریش کۆتو زنجیری بۆ دروستکردن و سنورو سانسۆری بۆ دانانو مرۆڤی ئازادی کردە تاکێکی لارەملو گوێڕایەڵی دەسەڵات، لە ڕێگەی زیندان، نەخۆشخانە، زانکۆ، سەربازگەو دامەزراوەکانی تری دەوڵەتەوە پرۆسەکانی کۆنترۆڵی مرۆڤ بەردەوامی پێدراو لەڕێگەی دەقە یاساییەکانەوە شەرعیەتو ڕەوایەتی وەرگرت.

**بەشی پێنجەم: زانست - دەسەڵات:**

زانست دەرەئەنجامی گریمانەیەو دوای تێبینیکردنو تاقیکردنەوەو سەلماندن وە دەست دێت، لێکۆڵینەوە دەربارەی پێکهاتەو کاریگەرییەکانی مادەیەک لە تاقیگەیەکدا ئەنجام دەدرێت و ئەوەی بەدەست دێت بریتیە لە بەرهەمێکی زانستی، وەک تاقیکردنەوە فیزیایی، کیمیایی، ماتماتیکیو...هتد، ئەمە تا ئێرە کارێکی ئاساییەو پەیوەستە بە زانستە سروشتیەکانەوە، بەڵام دواجار زانست دەپەڕێتەوە بۆ زانستە مرۆییەکانو ژینالۆژییەتی دەسەڵاتو بایۆلۆژیاو زانستی پزیشکی، کە ئەم زانستانە بابەتی لێتوێژینەوەکانیان مرۆڤەو دەخرێتە مەیدانی پراکتیکەوەو کاریگەری قورسو پڕ مەئساوی لەسەر مرۆڤ جێدەهێڵن.

زانست لە خودی خۆیدا شتێکی گرنگ نابێت کە خاوەنی ئاماژەیەک نەبێت، وە ئاماژەدان کردەوەی لەگەڵدایەو پەیوەندی زانستو کردار پەیوەندییەکی پتەوی کۆنکرێتییە ، ئەگەر زانست نەخرێتە بواری کردەوەوە ئەوا هیچ جیاوازی نابێت لەگەڵ نەبوونیدا، پەیوەندیەکانی زانستو پراکتیک هەمان پەیوەندییەکانی (زانست- دەسەڵات)ەو لە کردەوەکانی زانستدا پەیوەندی ناهاوسەنگو باڵایی خاوەن زانست بەسەر بەرامبەرەکەیدا سەر هەڵدەدات، دەسەڵاتی پزیشک بەهۆی زانستە پزیشکیەکەیەوە لە کرداری چارەسەرکردندا بەسەر نەخۆشدا دەردەکەوێت، دەسەڵاتی دەروون پزیشکێک بەسەر شێتێکدا بە هۆی زانستە سایکۆلۆژییەکەیەوەو لە پەیوەندی بەناو (نۆرماڵ) سازییەکەیدا. بوونی ئەم پەیوەندییە کۆنکرێتییەی نێوان زانستو دەسەڵات لەو بابەتە گرنگانەن کە فۆکۆ لە نوسینەکانیدا ئاماژەیان پێدەداتو سەرقاڵی شیکردنەوەو شرۆڤە کردنیان دەبێت.

فۆکۆ ڕای وایە لە هەر کوێیەک کردەوەکانی دەسەڵات ئامادە بن،

ئەوا زانستیش بەرهەم دێت، وە ئەم ڕایەی فۆکۆ جیاوازە لە هزری بیرمەندانی ڕۆشنگەری کە بەباوەڕی ئەوان لەوەستانی دەسەڵاتدا زانست لە دایک دەبێت، بەڵام لای فۆکۆ لە هەموو پەیوەندییەکی دەسەڵاتدا ناوەندێکی زانستی هەیەو بەبێ بوونی ئەم ناوەندە زانستیە پەیوەندی دەسەڵات ئیمکانی بوونی نییە، وە هەموو زانستێکیش پەیوەندی دەسەڵاتی لە خۆیدا هەڵگرتووەو بێ بوونی ئەم پەیوەندییەی دەسەڵات ئەوا هیچ زانستێک ناتوانێت هەبێت.

لە سەردەمی مۆدێرندا زانستو دەسەڵات بەرپرسیاریەتی پرۆسەکانی ژیان وەئەستۆ دەگرنو دەست دەکەن بە پرۆسەکانی کۆنترۆڵ ، زانستە مرۆییو پزیشکیو بایۆلۆژیو سایکۆلۆژیو سۆسیۆلۆژیەکانیش هەوڵی گۆڕینی تاکەکان دەدەن، ئەم دەستێوەردانو پرۆسەو کاریگەریانەی زانست وا لە فۆکۆ دەکات بڵێ: بەر لە سەدەی هەژدەهەم مرۆڤ بوونی نەبووە، واتە مرۆڤ داهێنانێکی سەردەمی نزیکە، داهێنانێک کە لە وانەیە لە کۆتایی خۆی نزیک بووبێتەوە لەم دەربڕینەیدا فۆکۆ گەرەکیەتی بڵێ مرۆڤ بەر لەو سەردەمە بابەتێک نەبووە بۆ زانستەکان کە توێژینەوەی لەسەر بکەن، بەڵکو ئەم بە بابەت بوونەی مرۆڤ بۆ توێژینەوە لەسەرکردنی زانستەکان داهێنراوێکی نوێی سەردەمی مۆدێرنە،چونکە زانست ولێکۆڵینەوە لە مرۆڤو کردنی مرۆڤ بە بابەتی توێژینەوەکان لەگەڵ دەزگاکانی سەردەمی مۆدیرندا سەرهەڵدەدات، (هایدیگەر) لە (بوون و کات)دا ئەم باوەڕەی هەیەو دەڵێ:»مرۆڤ لە بوونی خۆی دوور کەوتۆتەوەو خۆی ناناسێ، مرۆڤی تازەگەری بۆ نمونە لە سەردەمی ڕێنسانسەوە بۆ ناشتن ئامادە کراوە».

زانستی (دەروونناسی، دیمۆگرافی، ئامار، ئاوانناسی، پزیشکی،

بایۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی...هتد) سەرەتا لەناو دەزگاو دامەزراوە مۆدێرنەکانی دەسەڵاتی مۆدێرندا وەک(نەخۆشخانە، زیندان، شێتخانە، دام‌و دەزگا بەڕێوەبەریەکان...هتد)دا هاتنە بوون‌و هەر لەو دەزگایانەدا ڕۆڵ‌و دەوری سەرەکی‌و پسپۆڕی خۆیان وەرگرت.

وە فۆکۆ جەختندەکانەوە لەوەی کە ئەو زانستانە لەسەردەمی مۆدێرندا هەمان ئەو ڕۆڵە دەبینن کە دین لە سەردەمی بەر لە مۆدێرن لە بوارەکانی دیسپلین‌و کۆنترۆڵ‌و چاودێری‌و سنووردانانندا بینیویەتی ، واتە گۆڕانی غەیبانیەتی حەتمی‌و بێ هەڵە بۆ زاستی لە خۆدڵنیاو بێکەم‌و کوڕی، وەک چۆن پیاوێکی ئاینی بە بڕوایەکی یەقین‌و پڕ قەناعەتەوە قوربانیەکانی لە ناودەبردو ئەم کارەی بە ئەرکێکی پیرۆز دەزانی، ئەوا بەهەمان شێوە کەسێکی هەڵگری ئایدۆلۆژیایەک کە باس لە زانستی بوونی خۆی دەکات ئەو کارە دەکات ، بۆیە کۆکوژییەکانی نازی بەرامبەر جولەکەکان لە کارەساتی (هۆلۆکۆستدا) هەمان ئەو شتەیە کە پیاوانی ئایینی لەجەنگەکانیاندا دەیانکرد لە ڕووی بڕواو قەناعەتەوە، لەم ڕوانگەیەوە فۆکۆ دیدێکی ڕەخنەییانەی بۆ زانست هەیە ، ڕەخنەکانی فۆکۆ لە زانستە مرۆڤایەتیەکان لەبەر ئەوەیە کە بە سەرنجی فۆکۆ ئەو زانستانە وەک خزمەتکاری دەسەڵاتن ، لە ڕوانگەی فۆکۆوە زانست دەسەڵاتێکەو ناچارت دەکات بە هەندێ گوتن‌و کردار کە خواستی خۆت نین، ئەم زانستە لە سەردەمی مۆدێرندا  بە ئاسایی کراوەو لە ڕێگای سیستەمی زانکۆیی‌و دەزگا پڕ لە کۆت‌و بەندەکانەوە بە دامەزراوە کراوەو خراوەتە خزمەتی دەسەڵاتەوە ، وەک هزری کۆمەڵناسی کە لەسەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی گشتگیری تیۆری گەشەدابوو ، ئەمەش بەڕوونی لە ئایدۆلۆژیا سەرکوتکارەکاندا دەردەکەوێت کە شوناسی

زانستی بەخۆیان دەدەنو بەو پەڕی ڕاستییەوە لە داهاتووی خۆیان دەڕوانن، مارکسیزم لەو ئایدۆلۆژیایانەیە کە ڕەوایەتیو حەتمیەتی زانستی بەخۆیداوەو ڕەوایەتییەکی درۆزنانەی بۆ کردەوەکانی وەک پاساو چنیوە، مارکسیزم کاتێک پلەیەکی زانستی بەخۆی دەداث ئینر شێوەی گوتارێک وەردەگرێ کە کاردەکاث بۆ گوێڕایەڵکردنو کۆنترۆڵکردن، بە شێکی ڕخنەکانی فۆکۆ ڕەخنەیە لە مارکسیزم، فۆکۆ دەستبەرداری ئەو تێڕوانینە مارکسیە تەقلیدییە بوو کە دەڵێ شۆڕش دەبێ دەست بەسەر ئامرازەکانی دەوڵەث و دواتریش دەسەڵاتدا بگرێث، پاساوی فۆکۆ بۆ دەستبەردار بوون لەو بیرۆکەیە لەو باوەڕەوەیەتی کە دەسەڵاث تەنیا لەنێو ئامرازەکانی دەوڵەتدا کۆ نەبووەتەوە ، لێرەوە فۆکۆ ئایدۆلۆژیا بە هۆکارێک دەزانێث لەو هۆکارانەی عەقڵ لە ڕێگەیەوە بنەماکانی دیسپلین دەسەپێنێث، (ئارێنث) هاوڕای (فۆکۆ)یە کە ڕای وایە کاتێک فەلسەفەو بۆچوونەکان وەردەگێڕدرێنە سەر ئایدۆلۆژیاو بەرگی زانستیان بەبەردا دەکرێ ئەوا ڕەهەندە مرۆییەکەیان لە دەستدەدەن و دەخرێنە خزمەث دەسەڵاتی کۆنترۆڵو دیسپلینو چاوەدێریکەرەوە.

## دەروازەی سێیەم: دەسەڵات — هەیمەنەو دیسپلین

### بەشی یەکەم: هەیمەنەو بایۆ- دەسەڵات:

دەسەڵات مومارەسەی پەیوەندییەکی نابەرابەرە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت دەسەڵات فرەجۆرو فرەڕەهەند نییەو بە چەندان شێواز پیادە ناکرێت، دەسەڵات لەو کاتەی بەرهەم دەهێنێ، هەڵیش دەوەشێنێ، لەو چرکە ساتەی دەیەوێت ژیان دروست بکات دەشێ لە هەمان چرکە سات کار لە سەر خوێن، کوشتن، قوربانی بکات، واتە دەسەڵات لە خودی خۆیدا تەنیا کوشتنو توندو تیژ نییە، هەروەک چۆن تەنیا ڕەزامەندیش نییە، بەڵکو دەسەڵات بونیادی گشتی ئەو کردەوەیەیە کە شوێنەوار لەسەر کردەوە مومکینەکانی تردا دەنێت، هەروەها دەسەڵات دەوروژێنێت، هان دەدات، گومڕادەکات، ئاسانکاریو سازاندەکات، دەشێ دوژوارسازیو سەختی بکات، دەسەڵات لە کۆتاییدا سنورداریێنیو سانسۆرکاری دەکات یان بەشێوەی ڕەها پێشگیریو نەرێ دەکات ، واتە دەسەڵات لە یەک کاتدا کار لەسەر زیاتر لە مەجالێکو بوارێکو شێوازێکو ڕەهەندێک دەکات، دەسەڵات توندوتیژی وەلانانێ، لە هەمان کاتدا ڕەزامەندیش پشتگوێ ناخات، بەڵکو کار لەسەر هەردوو لایەنەکە دەکاتو بەپێی پێویستیەکانی هاوسەنگی ڕێژەکەیان دەگۆڕێت.

له هەندێ کاتو بارودۆخ مشتومڕی ئەوە دەکرێت کە دەسەڵات یاخود جۆرێکی دەسەڵات دوژمنی ئازادیە، هەندێ کات هەموو فۆڕمەکانی دەسەڵات وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر تاک دەبینرێت، وەک دەوترێ دەسەڵات بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەبێ هەموان ملکەچو گوێڕایەڵ بن بێ ئەوەی کەس پرسیار بکات، لەم پێنەوە لەگەڵ فراوان بوونی سنوری دەسەڵات، ئیتر ئازادی بە ئاسانی خەفە دەکرێو دەستی بەسەردا دەگیرێ و هێزی کۆنترۆڵی خۆی فەرز دەکاتو دەسەپێنێتو دەسەڵاتی هەیمەنەکار سەرهەڵدەدات.

بەڵام ئێمە دەبێت ئەوەمان لە بیر بێت کە قسە کردن دەربارەی هەیمەنە قسە کردن نییە دەربارەی کۆی دەسەڵات (power )، واتە هەیمەنە هەموو دەسەڵات نیە، بەڵکو جۆرێکە لە مومارەسەی دەسەڵات یان جۆرێکە لە پەیوەندیەکانی دەسەڵات، بەڕای فۆکۆ هەیمەنە حاڵەتێکی تایبەتی دەسەڵاتە کە لە سەردەمی مۆدێرنەدا باڵایی خۆی دەسەپێنێت ، فۆکۆ دژایەتیەکی توندی ئەم حاڵە یان ئەو دۆخە دەکاتو ناوی دەنێت (دەسەڵاتی هەیمەنەی هەمەلایەن) یان (جڵەوکەری تەواوەتی).

بەڕێز (مەریوان وریا) لە وتارێکیدا لە ژێر ناوی (دەسەڵاتو زات: چەند سەرنجێک لەسەر تێڕوانینی میشێل فۆکۆ بۆ ئینسان) زۆر بەووردی (هەیمەنە)ی ناساندووە، لێرەدا ئێمەش هەوڵدەدەین هەندێ سەرنجی بەڕێزیان وەک شوناس پێدانێک بۆ هەیمەنە بگوازینەوە بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی دەسەڵاتی هەیمەنە، بەڕای کاک مەریوان «هەیمەنە ئەو شێوازە تایبەتەی دەسەڵاتە کە تیایدا لایەنێک بە تەواوی دەستنیشانی چۆنیەتی ئیشکردنی ئیرادەی لایەنێکی دیکە بکات، هەیمەنە ئەو شێوازەی دەسەڵاتە کە سەرجەمی شێوازەکانو ئەگەرەکانی دیکەی دەسەڵاتێکی دیکە بێدەنگ دەکات، هیچ مەودایەک بۆ بەرگریو نەخێرگوتن بەرامبەر بە

ئیرادەو دەرکەوتو ئامادەگی دەسەڵاتی باڵادەست ناهێڵێنەوە، دەسەڵاتی خاوەن هەیمەنە دەسەڵاتێکە ناهێڵێت لە دەرەوەی خۆیدا هیچ هێزێکی دیکە کاریگەری لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دونیا هەبێت، هەیمەنە ئامادەگی ئەو جۆرە تایبەتەی دەسەڵاتە کە توانای دەسەڵاتەکانی دەرەوەی خۆی پەکدەخات ئەگەرێک بۆ ئامادە بوونو کارکردنو هەڵبژاردنە تایبەتەکانیان ناهێڵێتەوە، دەسەڵاتی هەیمەنە کار سیستەمێک دروست دەکات کە تیایدا پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە بەردەم ئەگەری هیچ گۆڕانێکدا نەبنو هەمیشەو هەردەم بە هەمان شێوەو بەهەمان قورساییو بەهەمان ستراتیژەوە بمێننەوە «.

بەو پێیەی هەیمەنە جۆرێکە لە مەشقکردنی دەسەڵات نەک هەموو دەسەڵات ئەوا فۆکۆ ڕای وایە کە لە حاڵەتی هەیمەنەشدا بوارێک دەمێنێتەوە بۆ بەرگری، واتە لە هەر حاڵەتێک لە حاڵەتەکاندا تەنانەت لەو حاڵەتەش کە تاک بەبێدەسەڵات دەناسرێ دەتوانێ خۆی یان خاوەن دەسەڵات بکوژێ، واتە هەرگیزحاڵەتی بێدەسەلانی تا ئەندازەی سفر یاخود حاڵەتی خاڵی لە دەسەڵات بوونی نییە، بەڵام فۆکۆ لە دیمانەیەکدا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئێمە جیاوازی بکەین لە نێوان دەسەڵاتو گەمە ستراتیژییەکانی کە بەو ئەنجامانەمان دەگەیەنن کە هەندێ کەس هەوڵی کۆنترۆڵی چالاکی ئەوانی دی بکەن لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە حاڵەتەکانی هەیمەنە.

دەسەڵاتی هەیمەنە کار بۆ کۆنترۆڵی ئەوانی تری دەرەوەی خۆی، بۆ کۆنترۆڵی ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا باڵا دەستە، کار دەکات باڵا دەستیو گشتگیری خۆی پەرەپێدەداتو لەم پێناوەدا مرۆڤەکان ڕێک دەخات، کۆمەڵگە دیسپلین دەکاتو یاساو ڕێساگەلێکی زۆر دەر دەکات بۆ پنەوی ئەو ڕێکخستنە، بەجۆرێک وەک دەبینرێ کە نازیەکان وەک دەسەلاتێکی کۆنترۆڵکار لە ساڵانی

یەکەمی دەسەڵاتیاندا بەلێشاو یاساو قەراریان دەر دەکرد و تەواوی جوڵەی تاکەکانیان کۆنترۆڵ دەکردو چاودێری دەسەڵات بۆ پاراستنی ئەو ڕێکخستنە لە هەموو ناوچەکانی وڵاتدا ئامادەگی هەبوو، بە جۆرێک تارمایی دەسەڵات لە هەموجێگەو کونو کەلەبەرەکانی کۆمەڵگەدا ئامادە بوو، دەرکەوتنی دەسەڵاتی کۆنترۆڵو باڵادەست بەسەر کۆی ژیاندا وەک کردار دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەو سەردەمی مۆدێرن، بەو پێیەی کاری دەوڵەتی مۆدێرن بوو بە سەرپەرشتی ژیانو ئاماری دانیشتوانو چاودێری کردنیان ، بەڵام دەسەڵاتی باڵا بەسەر ژیانداو دەسەڵاتی هەیمەنەو کۆنترۆڵکار ڕیشەیەکی هزری کۆنتری هەیە وەک شێوازەکانی ڕێکخستنی ژیان لە (کۆمار)ەکەی (ئەفلاتۆن)دا کە (کارل پۆپەر) لە بەرگی یەکەمی نوسراواکەی (کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی) دا وەک جۆرێک لە دەسەڵاتی کۆنترۆڵکارو تۆتالیتار ئاماژەی بۆ دەکات.

هەروەها لە شارستانیەتی ئیسلامیدا دەسەڵاتی سوپاییو ناسیۆنالیزم هەردەم ئاوێنەی یەکتر بوون.

دەسەڵات لە سەردەمی مۆدێرندا بەسود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیاکانی دیسپلین بەتەواوی بەسەر ژیاندا دەسەپێتو شەرعیەتیش بەم سەپاندنە دەدات، کۆنترۆڵگەلێکی ووردو تۆڕێکی ڕێکخستنی هەمووشتگر بەسەر کۆی ژیاندا دەسەپێنێت، واتە لە سەردەمی مۆدێرندا لە ڕێگەی تەکنیکەکانی زانیاری لەسەر ژیانی مرۆڤەکان کۆی هەڵسوکەوتوو پەیوەندییەکانیان لەلایەن دەسەڵاتی دەوڵەتەوە لە ژێر چاودێریو کۆنترۆڵدایە، تاکەکان هەر لە سەرەتاوە ژیانیان پەیوەست بەدەزگاگەلێکی دەسەڵاتیەوە شەتەک دەدرێ هەر لە دایەنگاوە تا قوتابخانەو زانکۆو کارگە، لە نەخۆشخانەوە بۆ کتێبخانەو بانکو سەربازگە، وە تەرکیزی فۆکۆ زیاتر لە سەر پیادە کردنی دەسەڵاتە بەسەر جەستە (لەش) دا یان تەرکیزییەتی بۆ دیسپلینی جەستە.

دەسەڵاتی مۆدێرن بە ناوی پاراستنی ژیانو سەلامەتیەوەو لە ڕێگەی تەکنیکو تەکنەلۆژیاکانی کۆنترۆڵەوە دەستی وەردایە ژیانی تاکەکانو کەوتە وێزەی مافەکانیان بە بەهانەی ئاسایشی مرۆڤەکانەوە خودی مرۆڤی کردە قوربانیو زیندانیو ناچار بەکوشتنیان دەکات جا چ لە ڕێگەی سزای کوشتنەوە بێت یاخود لە جەنگی بەناو پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ، هەروەک فۆکۆ دەڵێت: «قەت شەڕەکان بە ڕادەی شەڕەکانی سەدەی نۆزدەیەم بەدواوە خوێنین نەبوون، هەرگیز ڕژێمەکان تا ئەم ئاستە خەڵکەکانی خۆیان کۆمەڵکوژ نەکردووە».

دەتوانین زیاتر بوونو فراوان بوونی ڕۆژ بە ڕۆژی دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر تاکدا ببینین بە تێپەڕین لەو بۆچوونەی کە دەوڵەت خاوەنی خەسڵەتو سیمایەکی تایبەت بە خۆیەتی، بەرەو دیدێکی تر کە باوەڕی وایە مرۆڤ بابەتی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی دەوڵەتە، واتە دەوڵەت لە پەیوەست بە تاک وەکو بونیادێکی مرۆیی شرۆڤە بکەین، دەبینین، کە مرۆڤ تا ئەو شوێنەی کە بەرهەمهێنەری دەسەڵاتێکی زێدەیە، تا ئەو جێگەیەی کە بوونەوەرێکی زیندوو کرێکارو قسەکەر، تا ئەو ئاستەی کە لە ژینگەیەکی سەر بە دانیشتوانە ئەوا بابەتی سەرەکیو ڕاستەقینەی دەسەڵاتی دەوڵەتە، ئیتر گرنگی ژیان لەبەر ئەم بابەتە پەیوەندیدار بە دەسەڵاتی سیاسی زیاد دەکات، وە جۆرە ئاژەڵسازییەکی مرۆڤ لە ڕێگەی ئاڵۆزترین تەکنیکە سیاسیەکان دێتە ئاراوە.

پرۆسەیەکی لە مرۆڤ خستن کە هەر لە ناوەوە (لە دەروونو ناوەڕۆکەوە) مرۆڤەکان لە بیرکردنەوە بە تاڵ دەکاتەوە نەبەوجۆرەی کە (هابرماس) ڕای وایە «نایەوێت بیربکەنەوە بەبێ ئەوەی کە بە خێرایی بیر بکەنەوە لەوەی کە ئەوەی بیردەکاتەوە مرۆڤە» نا بەڵکو پرۆسەیەکی

قورستر له لێتوێژینەوەی بیر کردنەوە، چونکە ئامانج لەم ئاژەڵسازییە بریتییە لە بەشتکردنی مرۆڤ شتگەلێکی لە خزمەت دەسەڵاتدا، وەک بەڕێز (فاروق رەفیق) دەڵێ: لێرەدا خاڵی گرنگ هەڵهاتنو ڕاکردن لە دەسەڵات نییە، چونکە ئەمە کارێکی مەحاڵە، بەڵکو ڕزگار بوونو دەربازبوونە لە ستراتیژی حاڵەتێکی پەیوەندی دەسەڵات کە خەریکە کۆنترۆڵمان دەکات.

پتەوترینو توندترین فۆرمی کۆنترۆڵی دەوڵەت لە دەوڵەتە تۆتالیتارەکانی سەردەمی مۆدێرندا دەبینرێ، چونکە جەوهەری تۆتالیتاریزم تەئسیس کردنی دەوڵەتێکە کە کاریگەرییەکەی کۆی بوارەکانی ووجودی مرۆڤ داگیر دەکات، وەک ئابوری، پەروەردە، کەلتور، ئاین، ژیانی خێزانیو...هتد.

ئەمەش وامان لێدەکات کەمێکیش لەسەر کتێبەکەی (هانا ئارێنت) بە ناوی (بنەماکانی تۆتالیتاریزم) بوەستین تاکو شرۆڤەیەکی ورد تری ئەم جۆرەی دەسەڵاتی کۆنترۆڵ بکەین، ئارێنت پێیوایە کە حکومەتە تۆتالیتارەکان حەز دەکەن هەموو گۆی زەمین داگیربکەنو کۆنترۆڵی گشت وڵاتانی جیهان بکەن ئەمەش بەتایبەت لە حکومەتەکانی بۆلشەفیزمو نازیزمدا دەردەکەوێت ، بەو پێیەی دەسەڵات لە ڕوانگەی تۆتالیتاریزمەوە بەتایبەت لە توانای ڕێکخستندا خۆی حەشارداوە ، هەر بۆیە هەوڵدەدات پرۆسەی دیسپلینسازی بەسەر کۆمەڵگەدا جێبەجێ بکاتو «مرۆڤەکان بەجۆرێک ڕێکبخات کە فرەییو جیاوازی ناکۆتایان لە نێو بەرێت، وەک ئەوەی هەموو مرۆڤایەتی تاکە کەسێک بێت» خەسڵەتێکی تری تۆتالیتاریزم ئەوەیە کە پشت بە دەزگای نهێنی دەبەستێ، بە جۆرێک دوای گرتنە دەستی دەسەڵات کۆمەڵگەیەکی نهێنی دروستدەکات، ئەو کۆمەڵگە نهێنیەی ڕژێمی تۆتالیتار جگە لە خودی پۆلیسی نهێنی شتێکی دیکە نەبوو، چونکە تاکە نهێنی

که لەوڵاتێکی تۆتالیتاریدا زۆر بەنهێنیو نادیاری دەمێنێتەوە برێتیە لەو زانیاریانەی پەیوەندی بە چالاکیو کاری پۆلیسو بارودۆخو هەلومەرجی ئۆردوگاکانی گرتنی بەکۆمەڵەوە هەیە ، دوای لە ناو بردنی کەسانی مەبەست ئەوا کاری پۆلیسی نهێنیە کە یادەوەریو شوێنەوارەکانی ئەو کەسە لەناو بەرێت کە لای دۆستو خزمانی جێی هێشتووە ، هەر لەبەر ئەمەش دەتوانین بڵێین کە پۆلیسی نهێنی لە ناو سەرجەم دەزگاکانی دەسەڵات لە ڕژێمی تۆتالیتاردا ڕێکخراوترینو کاراترینو تەنانەت ڕاستەقینەترین ئۆرگانی جێبەجێکاری حکومەتو دەزگای دەسەڵاتە ، واتە کاری ڕاستەقینەی پۆلیسی نهێنی کارکردنە لەسەر مرۆڤو بەتایبەت مرۆڤی ناوخۆ، نامیلکەیەکی سەردەمی (لویسی چواردە) دەڵێت: بابەتی کاری ڕاستی پۆلیس مرۆڤە ، کاری مرۆڤی ناوخۆیە زیاتر لە دەرەوە چونکە ئەگەرچی باس لە مەترسی دەرەکی دەکەن، بەڵام دەسەڵاتە تۆتالیتارەکان زیاتر بەرامبەر میللەتەکەی خۆیان هەست بە مەترسی دەکەن تا میللەتە بیانیەکان ، واتە ئەرکی پۆلیس بریتیە لە ڕێکخستنو جێبەجێ کردنی تەکنیکەکانی باڵادەست بەسەر ژیاندا ، لێرەوە جۆرێکی تری دەسەڵات، فۆرمێکی تۆکمەترو باڵاترو هەیمەنەکار تری دەسەڵات ئامادە دەبێت، فۆرمێکی دەسەڵات کە باڵایی خۆی بەسەر کۆی ژیاندا دەسەپێنێو تەواوی ژیان بەخۆیەوە پەیوەستدەکات، واتا دەسەڵاتی باڵا بەسەر ژیاندا، کە توانای پاراستن، یاخود وەرگرتنەوەی ژیانی هەیە، فۆکۆ ئەم جۆرە دەسەڵاتە ناو دەنێت (بایۆ –دەسەڵات) (Bio–Power)، بایۆ – دەسەڵات لە هەردوو فۆرمی دەسەڵاتی سەروەری کە دەهاویشتەی سەردەمی پاشایەتییەو هەموو تاوانێک بەرامبەر پاشا ڕەتدەکاتەوەو سزای قورسی بۆ دادەنێ، سەروەری بە پاشا دەبەخشێ ( لە سەردەمی مۆدێرن سەروەری لە پاشاوە گوازرایەوە بۆ دەوڵەت)، دەسەڵاتی دیسپلین، کە

جۆرێکی تری دەسەڵاتی سەردەمی مۆدێرنەو تیایدا زیندان لە دایک بوو جیاوازە واتا (بایۆ- دەسەڵات) لە هەردوو ئەو فۆمە جیاوازە، (بایۆ - دەسەڵات) جەخت لەسەر کۆی دانیشتوان دەکاتەوە نەک تاکێکی دیاریکراو، یاخود تاقمێکی دیاری کراو -.

دەسەڵات لەم جۆرەیدا ناوەڕۆکی حەق بەخۆدانە بۆ داگیرکردنی شتەکان، کات جەستەکانو لە کۆتایدا کۆی ژیان.

فۆکۆ دەڵێ یەکێک لە پشکەکانی سروشت نوێنی هێزی دەسەڵات مافی ژیانو مردن بوو، وە فۆکۆ ئەسڵیەتی ئەم مافە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو مافەی لە (دەسەڵاتی باوکانە) (pariia potesta)ی کۆنی ڕۆم هەبوو، کە مافی ژیانی مناڵەکانی وەک ژیانی کۆیلەکان لە دەستی باوکی بنەماڵە بوو، باوکی بنەماڵەکە ژیانی بە منداڵو کۆیلەکان دابوو، دەیتوانی وەریبگرێتەوە ، دواتر ئەم چەشنە لە مافی ژیانو مردن بۆ دەسەڵاتی مۆدێرن دەگوازرێتەوە، کاتێک (ماکیاڤیلی) ئامۆژگاری میر دەکات، کە چۆن دەوڵەتەکەی بپارێزێت وە تەنیا ئامانجی پاراستنی دەوڵەتەکەی بێت لەم پێناوەدا سیاسەتی گشتگیر سەرهەڵدەدات بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، ئیتر سیاسەت دەگۆڕێت بۆ (بایۆ- سیاسەت) (Bio- politics) دوای سەرهەڵدانی (بایۆ-سیاسەت) ژیانی دانیشتوانو نابود کردنیان دەبێت بە پاشکۆی سیاسەت، چونکە ئەم حەشیمەتە هیچ نیە جگە لەو شتەی کە دەوڵەت لە پێناوی خۆیو بەرژەوەندییەکانی خوی گرنگیان پێدەدات هەر بۆیە دەوڵەت دەیتوانی بە پێی ویستی خۆیو لە پێناو بەرژەوەندییەکانیدا جێگۆڕکێیان پێبکات یاخود بە ژێر نوکی چەقۆدا گوزەریان بکاتو تێیان پەڕێنێت.

وە فۆکۆ ڕایوایە کە «ژیان وەک ئامانجێکی سیاسی بە خێرای وەرگیراو دژی سیستەمێک بەرزکرایەوە کە هەنگاو هەڵدەگرێت بەکۆنتڕۆڵ

کردنی ژیان بە پلە زیاتر لە ماف بووبەپرسو دۆزی خەباتە سیاسیەکان».

جگە لە هۆکارە مێژووییەکان چەند فاکتەرێکی تر بەشداری سەرهەڵدان یاخود کاریگەریان هەبوو لە سەرهەڵدانی (بایۆ- دەسەڵات) لەوانە:

ا-هۆکاری ئابوری: بۆرژوازیەت لە پێناو پاراستنی پێگەی دەسەڵاتی چینایەتی خۆی بە درێژای سەدەی نۆزدە، خۆرێکخستنی لە شێوەی چینێک پێویست بوو، بۆرژوازیەت لەسەرتادا کۆنترۆڵی ووردی بەسەر ئەندامەکانی خۆیدا پیادە دەکرد، وە تەکنەلۆژیاکانی دانپیانانو هۆگرییە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە (ژیان، جنسیەتوتەندروستی) لە سەرەتادا بەهۆی بورژوازیەوە بەسەر خۆیدا پیادە دەکرا، وە(بایۆ-دەسەڵات) یەکێک لە ستراتیژە سەرەکیەکان بوو کە بورژوازیەت بۆ دروستکردنی خۆی وەک چین بەکاریهێنا ، (بایۆ-دەسەڵات) سەیری جەستە دەکات نەک وەک ئامرازی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی مرۆڤ بەڵکو زیاتر وەک بابەتێک سەیری دەکات کە دەبێتە ئامێری وەبەرهێنان، وەک فۆکۆ دەڵێ (بایۆ-دەسەڵات) «کاریگەری گەورەی لەسەر داڕشتنو گەشەی سەرمایەداری هەبووە، سەرمایەداری بەتەنها لە باتی گونجاندنی کۆنتڕۆڵکراوی لەشەکان لە سیستەمی بەرهەم هێنانو بەسازکردنی دیاردە حەشیمەتیەکان لەگەڵ پرۆسەو پاشهاتەکانی ئابوریدا مەیسەرکرا، هاوکات زیادکردنو بەهێزکردنی لەشەکانو کەڵک لێوەرگرتنیانو دەستەمۆکردنیان بۆ سەرمایەداری پێویست بوو» .

ب-یاسا: (بایۆ- دەسەڵات) لە ڕێگەی یاساوە دەچێتە هاوکێشەی پەیوەندییەکانی ئینسانەکانەوە، دەچێتە مەسەلە تایبەتیەکانو خێزانەکانەوە، فۆکۆ دەڵێت یاسا ناتوانێت چەکدار نەبێت، یاسا پەڕی سەرەوەی مردنە،

یاسا لانیکەم وەک دوایین بیانوو وەڵامی ئەوانە دەداتەوە، کە یاسا شکێنی دەکەن، یاسا بەردەوام دەگەڕێنێتەوە بۆ شمشێرێکی دوولایەنە.

ج-هۆکاری سەخڵەمسازیو پاسەوانی کردن لێیان، کە کاریگەری لەسەر پەرەسەندنو فراوان بوونی (بایۆ- دەسەڵات) هەبوو، وەک فۆکۆ دەڵێ: «کۆمەڵگەی نۆرماڵساز ئاکامی مێژوویی تەکنەلۆژیای دەسەڵاتێکە کە چەقگیرە بەسەر ژیاندا» ، فۆکۆ ڕای وایە (بایۆ- دەسەڵات) ژیانو میکانیزمەکانی هێنایە ناو بواری ئاماژەکردنی ئاشکراوەو مەعریفە دەسەڵاتی کردە هۆکاری گۆڕانی شێوازی ژیانی مرۆیی، وە بەدیدی فۆکۆ مرۆڤی مۆدێرن ئاژەڵێکە سیاسەتەکەی بوونەکەی (بوونی وەک مرۆڤ) دەخاتە ژێر پرسیارەوە ، دەتوانرێ ئەو بۆچوونەی فۆکۆ وەک وەڵامێک بۆ فەیلەسوفانی گریک بە تایبەت (ئەرستیۆتالیس) ببینرێ کە پێی وایە (مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسیە).

(بایۆ- دەسەڵات) سیسنەمێکە کۆی ژیان دەگرێتەوە «دەسەڵات بەشێوەیەکی گشتی بە کەسێک ناسپێردرێت تا بەچەشنێکی ڕەهاو بەتەنیایی بەسەر ئەوانی تردا پیادەی بکات، بەڵکو ئەمە ماشێنێکە کە هەموو کەس تیایدا گرفتار دەبێت چ ئەو کەسانەی کە ئەم دەسەڵاتە پیادە دەکەنو چ ئەو کەسانەی کە دەکەونە ژێرییەوە» واتە هەموان «ملکەچی دەسەڵاتێکی نەبینراون، کە دەشێ چاوو گوێی نهێنی لە هەموو شوێنێک هەبێتو بچێتە ڕۆحی هاوڕێو کەسە نزیکو هاو نهێنیەکانیشەوە». دوا جار (بایۆ- دەسەڵات) گریمانەی سەرکوت کردنی لەناو خۆیدا جێکردەوە.

**باسی یەکەم: تاکو دەسەڵات:**

لە توێژینەوە فەلسەفیەکاندا تاک وەک ئیشکالیەتێک دەگەڕێتەوە بۆ (خود-نامۆ)یی‌و خۆناسن‌و خود ئاگایی، (ژان پۆل سارتەر ) لە کتێبی (بوون‌و نەبوون)دا دەڵێت : «واتای جیهان بۆ (بوون-بۆ-خۆ) نامۆیە، هەر یەکێک لە تاکەکان خۆی لەبەردەم دەستەیەک واتادا دەبینێت کە خۆی دروستی نەکردوون» ، دەرکەوتنی تاک وەک پرس‌و بە تاک کردن وەک پرۆسە بەر لە کاریگەری دەسەڵات دەرئەنجامی (خود-ئاگایی)یەو لای (سارتەر) تاک لەناو (خود- ئاگایی)دا بە هاوکێشەیەکی تردا ڕەتدەبێت‌و «ئەگەری توانەوەی (بوون-بۆ-خۆ) لە نێو (بوون-لە نێو-خۆ)دا هەیە، واتە دەشێ بوونێک پەیدا بێت، کە پێچەوانەی (بوون- لە نێو-خۆ)ی (بوون-بۆ- خۆ)یە، لەم بوونەدا(بوون-لەنێو-خۆ) (بوون-بۆ-خۆ) ڕادەکێشێتە نێو هەڵکەوتن‌و دەرەکیەکی نا جۆرەوە یان بۆ نێو بوونێکی بێبناغەوە».

فۆکۆ بۆ شرۆڤە کردنی ئەم هاوکێشەیەی خود، خود ئاگایی، خود-دەسەڵات، خود دەخاتە چوارچێوەیەکی مێژووییەوەو لە پەیوەست بە حەقیقەت لێکۆڵینەوەی دەکات، چونکە فۆکۆ بە ئارکیۆلۆژیستی فکر ناوزەددەکرێت، واتا چۆن ئارکیۆلۆژیستەکان شوێنەوارە مێژووییەکان هەڵدەکۆڵن‌و پاشماوەی شارستانیە کۆنەکان دەدۆزنەوەو شەن‌و کەوی دەکەن، ئەوا فۆکۆش فکرەکانی ڕابردوو هەڵدەکۆڵێ‌و لێتوێژینەوەیان دەکات، لەم

هەڵکۆڵینەوە فۆکۆ بەو دەرئەنجامە دەگاتْ کە هەموو قۆناغو سەردەمێکی مێژوویی خاوەنی حەقیقەتی تایبەتی خۆیەتیو شتێکو بابەتێکو بۆچونێک وەک حەقیقەتْ دیاری دەکرێتْو دەبێتْ بەپێوەری حەقیقیو نا حەقیقی شتْو بابەتْو بۆچونەکانی تر، ئینسانیش وەکو خود(زاتْ)، تاک (فرد) لە پەیوەندی بەم حەقیقەتانەوە دروستْ دەبێتْ، هەر بۆیە بە گۆڕانی سەردەمەکان کە گۆڕانی حەقیقەتەکانیش بەدوای خۆیاندا دەهێنن، ئەوا ئەو خودێتیو زاتیەی تاکی ئینسانیش گۆڕانی بەسەردا دێتْ، فۆکۆ لەگەڵ (خود)دا، (عەقڵ)یش وەکو بونیادێکی مێژوویی ئەژمار دەکاتْو ڕای وایە کە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتْ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە شێوازی دروستْ بوونو کارکردنو داوەریکردنی (زاتْ-عەقڵ)و(زاتْ-ئاگایی)دا، بەکورتی فۆکۆ لەجەوهەردا هەم (خود)وهەم(عەقڵ) لە پەیوەندییەکی پتەوو ڕاستەوخۆدا دەبینێتْ بەستراتیژەکانی دەسەڵاتەوە.

واتە بوونی یەکێتی (خودی)ی وەهمێکەو ئاڵاوەتە ڕووداوەکانەوەو بەبێ ڕووداوەکان (خود) ناتوانێ هەڵسوکەوتْ بکاتْ ، وە دەسەڵاتْ کار بۆ دروستکردنی زاتێکی پەرتکراو، نامۆ، دەستەمۆ، ملکەچو گوێڕایەڵ دەکاتْ، ئەم پرۆسەی بە (زاتْ) کردنەی ئینسان لەو دیوی چوارچێوەی ئازادی مامەڵە دەکرێتْ، واتە ڕایەڵەکانی پەیوەندی نێوان ئازادیو پرۆسەی دروستکردنی (خود) زۆر لاوازنو هەندێ جاریش لە ناودەچنو دەسڕێنەوە، چونکە تاک وەک زاتێکی پاسیڤ کاری لەسەر دەکرێ، کەوا بوو لەم پرۆسەیەدا ئازادی دەستەبەر نابێ، چونکە وەک ئەوەی «سپینۆزا ڕای وایە کە تاک ئازاد نییە بەڵکو ئازاد دەبێتْ» ، بەڵکو گۆڕانی زاتْ لە تاکێکی پاسیڤەوە کە دەسەڵاتْ کاری لەسەر دەکاتْ بۆ تاکێکی ئاکتیڤ کە خاوەنی تاکێتی خۆیەتی ئازادیو سەربەستی وەدی دەهێنێ، لە لایەکەوە تاک هەوڵی فراوانکردنی مەودای

ئازادیەکانی دەدات، لە لایەکی ترەوە دەوڵەت هەوڵی تۆکمەیی تۆڕی کۆنترۆڵی خۆی دەخاتەگەڕ، ئەم دوو هەوڵە دەبنە هۆکاری ناکۆکی نێوان تاکو دەسەڵات.

زۆرێک لە بیرمەندان هەوڵی ئەوەیان داوە، کە خواستە زاتیو دەوڵەتیەکان بەیەکەوە بگونجێننو بەشێکیشیان پاساویان بۆ بوونی دەوڵەت بەرقەرار کردنی ئاسایشی هاووڵاتیانە، لە سەردەمی نوێدا (هێگڵ) یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە لە فەلسەفەکەیدا دەیەوێت خواستی تاک بۆ سەربەستیو ئازادی ئاشتبکاتەوە لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتو خواستی بۆ دەرکردنی بڕیاری ملکەچکردن ، بەڵام فۆکۆ نەک ئەم هەوڵە نادات، بەڵکو دەیەوێت لەو میکانیزمانەش بگات، کە ئینسان دەکەن بە بابەتی دیارو سەرەکی لە هزری جیهانی مۆدێرندا، واتە دەیەوێت ئەو هۆکارو فاکتەرانە کەشف بکات، کە ئینسان لە شوناسێکی گشتیو سەربەستەوە دەکەن بە (زات)ێکی تایبەتو تاکەکەسێکی دەستەمۆو خودێکی پاسیڤ، لە دیدی فۆکۆدا هەر لە سەرەتاوە لە دایکبوونی زاتو بەخود بوونی ئینسان لە پەیوەندی ڕاستەوخۆدایە بەجۆرێکی دیاری کراوی دەسەڵات، کە فۆکۆ بە (دەسەڵاتی دیسپلینو چاودێریکەر) ناوی دەبات، واتە ئەوەی زات دروست دەکات بەلای فۆکۆوە دەسەڵاتە ، فۆکۆ خود وەک بەرهەمی راستەوخۆی دەسەڵاتو دەرئەنجامی کاری دەسەڵات لەسەر جەستەو دەروونی ئینسان دادەنێت، ئەم بۆچوونەی فۆکۆ بە ڕوونی لە کتێبی (دیسپلینوسزا)دا هەستپێدەکرێت.

لێرەوە هەموو ئەو بۆچونانە دەچنە ژێر پرسیارەوە، کە دەسەڵات بەئافرێنەرو پارێزەری ئازادی تاک ئەژمار دەکەن.

(سپینۆزا) ڕایوایە ئازادی ئینسان پەیوەستەبە ماهیەتی بوونمان وەک ئینسانو ئێمە تاک نین بەڵام دەکرێین بە تاک ، کە ئەم بۆچوونە تا ئاستێک

جیاوازە لە دیدی هیومانیزمی سەردەم، وەفکری فۆکۆش پرۆژە فکرێکە دژ بەو دیدە جەوهەریەی هیومانیزم بۆ وێنا کردنو شوناسپێدانی ئینسان خاوەنیەتی، چونکە فۆکۆ بەو جۆرە لە (زات) دەڕوانێت کە بەرهەمێکی مێژووییەو پراکتیکەکانی دەسەڵاتو مەعریفە ڕۆڵی بناغەیی لەبەرهەمهێنانیو لە دایک بوونیدا دەبینن ، فۆکۆ دژ بە (دیدی هیومانیستی دەربارەی خود) کار دەکاتو ئەو سەرنجو فەلسەفەیەی کە هیومانیزم بۆ ئینسان هەیەتی ڕەتدەکاتەوەو بە وێنەیەکی هەڵەو ناڕاستو میتافیزیکی دادەنێت، چونکە هیومانیزم لەژێر سێبەری دەسەڵاتی دەوڵەتی مۆدێرندا گەشەی کردو پایەکانی پتەو کرد، لە ژێر باڵی هەمان دەسەڵاتدا پرۆسەکانی کوشتنی کەسایەتی مرۆیی دەستی پێکردو بەدوای ئەوەشا ئەوەی بوو بە بەربەست بۆ گۆڕانی مرۆڤ بۆ تەرمی زیندو جیاوازی نێوان تاکەکانو شوناسی تاکگەرای مرۆڤە ، واتە دیدی تاکگەرایی مۆدێرن بەتایبەت لە سەردەمی هزری تۆتالیتاریدا زیندوویی لە جەستەی مرۆڤ دەستێنێتەوەو مرۆڤ دەکات بەئامرازی تۆکمەیی دەسەڵاتو بابەتی مامەڵە کردنی خواستە دەسەڵاتیەکانی، بۆیە پرسی سیاسی، ئەخلاقی (مۆڕاڵی)، کۆمەڵایەتیو فەلسەفی ڕۆژگاری ئێمە ئەوە نییە کە تێبکۆشین تەنیا بۆ ئەوەی تاک لە چنگی دەوڵەتو دامەزراوە دەوڵەتیەکان ڕزگار بکەین، بەڵکو دەبێت تاک هەم لەدەست دەوڵەتو هەم لە کۆتی ئەو جۆرە تاکسازییە (فەردسازی)ی بە دەوڵەتەوە بەستراوە ڕزگار بکەین، ئێمە دەبێت شێوازێکی نوێو جیاوازی فەردایەتی (خود-ایەتی) لە ڕێگەی نەفیکردنی ئەو جۆرە تاکسازییە ملکەچگەراییەی کە چەندین سەدەیە بەسەرماندا سەپێنراوەو لە ڕێگەی دیدی عەقدگەرایی (هۆبز،لۆکو ڕۆسۆ)وە شەرعیەتی ڕێکەوتنی پێدراوە پەروەردە بکەین.

**باسی دووەم: جەستە وەک شوێنکاری دەسەڵات:**

جەستە وەک ئەو جێگایەی دەسەڵاتی وێنای خۆی تیا دەدۆزێتەوە، وەک شوێنی نەخشاندنی هێزەکانی دەسەڵات، بووە بە هۆکاری گرنگی پێدانی توێژەرانی بواری دەسەڵاتو سیاسەت، بەڵام ئاڵۆزییەکانی جەستە (لەش) بووە بەهۆی قورسی تێگەیشتنو شیکردنەوەی کاریگەریەکانی لای ئەو توێژەرو بیرمەندانە، (سپینۆزا) لە بەشی سێیەمی کتێبی ئاکاردا دەڵێت: «هیچ کەسێک تا ئێستا ئەوەی دیاری نەکردووە کە جەستە دەتوانێ چی بکات، لەبەر ئەوەی هیچ کەسێک تا ئێستا نەی توانیووە لە بونیادی جەستە بگات بەشێوەیەکی دروستی ئەوتۆ کە دواجار بتوانێ وەزیفەی جەستە ڕوون بکاتەوە» .

وە (دیکارت)ی فەیلەسوفی مۆدێرن لەگەڵ جیاکردنەوەی لەش لە دەروون جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناسینی لەش ئاڵۆزەو ناسینی دەروون ئاسانترە لە ناسینی لەش، (دیکارت) جگە لە جیاکردنەوەی فاکتۆرەکانی بیرکردنەوە لە لەش ئەوە یەکەمیانی بەسەرچاوەیەکی پیرۆزیشەوە بەستۆتەوە ، وە (سارتەر) لە کتێبی (بوونونەبوون)دا دەڵێ: «من بەلەش هەم: ئەمە یەکەم ڕەهەندی بوونە، کەسانی دیکەش لەشم دەناسنو بەکاری دەهێنن: ئەمە دووەم ڕەهەندێتی» ، واتە جەستە جگە لە ڕەهەندی بوونەکەی وەک بوون کە شوێنێک لە بۆشایی داگیردەکات، ئەوا خاوەنی ڕەهەندێکی ترە کە بریتیە لەوەی کاریگەری لەسەر دەوروبەری دادەنێتو بەهەمان شێوەش دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە.

کاریگەری دەسەڵات بەسەر جەستەدا کاریگەریەکی بەردەوامەو لە هەموو کاتو ئاستەکاندا ئامادەگی هەیە، لەهەمانکاتدا دەسەڵاتیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری جەستەوە، پەیوەندی ئاڵۆزی دەسەڵاتو جەستە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەشێ بتوانین لە ڕێگەی گونجاندن یان نەگونجاندنی

پەیوەندییەکانی نێوان جەستەکانەوە دەستنیشانی دەسەڵات بکەین ، کەواتە دەبێت تێگەیشتنێکی ووردو دروستمان دەربارەی سروشتی بەریەک کەوتنی جەستەکان هەبێت، ئەگەرنا دەشێ سیستەمێکی ئەخلاقی ئەوتۆ بهێنینەکایەوە کە لە دوا قۆناغدا جەستەکان بکەینە بەند(کۆیلە)ی ئەو سیستەمە، ئەمەش لە ڕێگای کۆمەڵێک چەمکو ئایدیاوە کە پەیوەندییەکیان بە ژیانەوە نییە، چونکە بەریەککەوتنی جەستەکان هەندێ جار کارەساتی گەورە دروست دەکەن، مەرج نییە کە جەستەکان هەموویان بەیەکەوە بتوانن هەڵبکەن، بەڵکو هەندێ لە جەستەکان ئەوانی تر لەناودەبەن، ژەهرو خوێن دووجەستەن، لە کاتی بەریەککەوتنیان نەک بەیەکەوە ناتوانن بژین بەڵکو یەکێکیان (ژەهرەکە) دەبێتە هۆی شیکردنەوەی ئەوی دی (خوێنەکە).

دەسەڵات هەندێ جار لە شێوەی ژەهر کە کار لەسەر خوێن دەکات، کار لەسەر (لەش) جەستەی تاکەکان دەکات، فۆکۆ مشتومڕی ئەوەی بوو ئەگەر چی لەکاتو لە دوای شۆڕشی فرنسی (1789) ئەزیەتدانی جەستەیی لە لایەن دەسەڵاتەوە کەم بووەوە بەڵام سزای دەروونی سەریهەڵدا و ئەزیەتی جەستەیی لەگەڵ کەمیەکەیدا هەر بەردەوام بوو بەتایبەت دوای هاتنە ئاراو بەرفراوان بوونی تەکنەلۆژیاو زانستەکانی جەستەی مرۆڤ (پزیشکی، توێکاری...هتد)، ئیدی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا تەنیا بە مافی کوشتن نەوەستایەوە، بەڵکو کۆنترۆڵی جەستەشی خستە پاڵ، کۆنترۆڵی ئەندامانی جەستە، چالاکیەکانیان، ئەندازەی بەشداریان لە وەبەرهێنان، تەندروستیانو...هتد، لێرەوە کۆنترۆڵی جەستە سەرهەڵدەدات کە دەتوانین بڵێین کۆنترۆڵیی جەستەیی مانای ئازاردان، یان داوەشاندن، یان بێبەشکردنی جەستە لە سۆزو مافەکانی، کە ڕێکخستنە دەزگاییەکان مومارەسەی دەکەن،

وەک: دامەزراوە سزاییەکان و بەندگا و نەخۆشخانەی دەروونی و...هتد ، زانستی پزیشکی یاخود ڕاستر بڵێین «تەکنەلۆژیای جەستە وەک بابەتی دەسەڵات لەبوارێکی پەرشو بڵاوو پەراوێزدا دروست بووە، فۆکۆ ئەم زانستە تازەیە بە دەسەڵاتی کۆنترۆڵ ناو دەنێتو بەدرێژی لە کتێبی دیسپلینو سزادا شرۆڤەی دەکات» ، بەڕای فۆکۆ کلیلی دەسەڵاتی دیسپلین بوونی دەسەڵاتی کۆنترۆڵە کە کاری خۆی لە جەستەی ئینسانەوە وەک بابەتی کاری دەست پێدەکات ، کاری دەسەڵات لەسەر جەستە ئەو پرۆسەیەیە کە ئاستی کۆنترۆڵو سنوری کاری دەسەڵات دیاریدەکات، واتە لە شێوازی مامەڵەی دەسەڵات لە بەکار هێنانیو بارهێنانی جەستەدا مەودای ئازادیو ئاستی ستەمی دەسەڵاتی سیاسی دیاری دەکرێت، لە نمونەی سیستەمی سەرمایەداریو دەسەڵاتی بۆرژوازیەت کە «جەستەیەکی بۆ خۆی فەراهەم کرد کە ڕیعایەت بکرێت، بپارێزرێت، پەرەی پێبدرێت، ئیدامەی پێبدرێت بەرامبەر چەندین مەترسیو بەریەک کەوتنی زۆر بۆ ئەوەی تەریک بکرێت لەوانی دی لەپێناو هێشتنەوەی بەها جیاوازو نابەرامبەرەکەی» ، جەستە لە پێناو مانەوەی دەبێت دەست بگرێت بەو ڕایەڵەوە کە بەدەسەڵاتەوە دەیبەستێتەوە، تەریک کردنو دابڕانی لەوانی دی ئەو جەستەیە ئەوەندەی تر بەدەسەڵاتەوە پەوەدەکات بەجۆرێک هەر دەست لێبەردانێکی دەیخاتە دۆخێکی خراپەوەو جەستە ناتوانێ بە ئەو پەیوەندییەی بەدەسەڵاتەوە بەردەوام بێت، هەر بۆیە سەربەستی خۆی لە پێناو مانەوەیدا دەبەخشێتە دەسەڵات و دەسەڵاتیش پیادە کردنی کۆنترۆڵ بەسەر جەستەکاندا لەسەر بنەمای (یاسای بینای دەسەڵات) دادەمەزرێنێت، وە ئەم جۆرەی کۆنترۆڵ دەتوانین لە ڕێگای پیادە کردنی چاوەدێریو تێڕوانینو دابینکردنی کارایی تەکنیقی دەسەڵات لە ڕێگەی ڕوانینەکانی بۆ کۆمەڵگەو بەتایبەت لە ئۆردوگا

سەربازیەکاندا بدۆزینەوە.

دواجار دەسەڵاتْ کاری کرد، بۆئەوەی جەستەی مرۆڤ پەروەردە بکرێتْو ڕابهێنرێتْو سەرپەرشتی بکرێتْ، پێکهێنانی دەزگایەکی نویّ بۆ چاودێریو تێڕوانین پێویستْ بوو بۆئەوەی بەرنامەی پیادەکردنی دیسپلین بەم جۆرە جێبەجیّ بکاتْ ، لێرەوە دەسەڵاتْ لە دوو ئاڕاستەوە کار لەسەر جەستە دەکاتْ، واتە ئەو جەستەیەی کە لە ژێر ئەشکەنجەو سزادا ئازار دەدرێتْو دەکرێتْ بە شانۆی تۆڵە لێکردنەوەی پڕ لە سوکایەتیو ڕاپێچی ڕامکردنو یاری پێکردن دەکرێتْو لەبەردەم بەرداشی هێزە ئامێرییەکاندا لەتْ لەتْ دەکرێتْ ئەوا هەمان ئەو جەستەیەیە کە زانستە مرۆییەکان کردوویانە بە بابەتْو کۆنترۆڵی دەکەن ، واتە دەسەڵاتْ هەم لە ئاڕاستەی هێزو سزاوە، هەم لە ئاڕاستەی زانستەوە ڕووەو جڵەو کردنو کۆنترۆڵی جەستەیی هەنگاو هەڵدەگریّ، فۆکۆ دەڵیّ: پیادە کردنی دەسەڵاتْو هەژمونی دەسەڵاتداری بەسەر جەستەکاندا لە ڕێگەی زاڵبوون بەسەر هزرەکانیشەوە ئەنجام دەدریّ ، دواجار جەستە دەبێتە ملکەچو گوێڕیەڵی دەسەڵاتْو شوێنکاری هەژموونەکانیو دەسەڵاتْ کار بۆ درککردن بەجەستە لەودیو سنورە تەسکەکانی مەعریفەو ئەو زانیاریانەی دەربارەی جەستە لەبەر دەستدان دەکاتْ ، دواجار دەبینین ئەم میکانیزمانەی دەسەڵاتْ لانیکەم هەمان ئەو میکانیزمانەیە کە لە سەدەی هەژدەیەم بەدواوە دەیویستْ بەرپرسیاریەتی ژیانی مرۆڤەکان، مرۆڤەکان وەک جەستەگەلێکی زیندوو بگرێتە ئەستۆ  کە درێژ کراوەی مێژووییەکی قوڵترە.

**بەشی دووەم: کۆنترۆڵو دیسپلین**

## باسی یەکەم: دەسەڵاتی دیسپلین:

دیسپلین کارگەی دروستکردنی لارەملێو گوێڕایەڵییە، دیسپلین نەک ڕێکخستنی سودمەندانەی تاکەکان، بەڵکو تەکنەلۆژیایە لە نێو زیندان سەربازگە، کارگە، فێرگەکاندا سەرهەڵدەداتو جەستەو هۆشی مرۆڤەکان کۆنترۆڵو ڕاهێنراو دەکات، بەبڕوای فۆکۆ دیسپلین یەکێکە لە ئامرازەکانی دەسەڵات بۆ خستنە ژێر چاودێریو چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی ڕەوشت (ئاکار) ڕەفتار (هەڵسوکەوت)و تواناو توانستەکانی کەسەکان ، و دیسپلین دەتوانێت پرۆسەکانی کۆنترۆڵکردن و ملکەچکردن لە ڕێگەی دانانی ڕێسای سەرەکی بۆ سیستەمی پاداشت و ڕێسای تری تایبەت بە سیستەمی سزادان ئەنجام بدات.

لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات: بۆچی تاک ڕەزامەندیو قبوڵی دەبڕی بۆ ملکەچیو دیسپلین بوون؟، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لەوانەیە هۆکاری مێژوویيو ئەزموونی بۆ قبوڵی دەسەڵاتو دیسپلین لە ئارادا بێت، ئەزموونێک کە بە درێژایی تەمەنی مرۆڤ ئامادەگی هەیە، لە لەدایک بوونیەوە تاکو بەردەوامیو مانەوەی ژیان، وە مێژوويیەک کە دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی دەزگا گەورەکانی دەسەڵات لە سەرەتای ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆیيو پەرەسەندنی دەزگا دەسەڵاتیە دینییەکانو سیستەمەکانی ڕێکخستنی

خێڵو کۆمەڵگەو دەوڵەت تاکو دەگات بەسەرجەم کایەکانی ژیانی مرۆیی.

بەر لەوەی دەسەڵاتی دیسپلینکەر لە دایک بێت، شێوازێکی تری دەسەڵاتی هەبووە کە کاری لەسەر سزادانی جەستەیی دەکرد، بەر لە سەرهەڵدانی دەسەڵاتی دیسپلین کەسانی تاوانبار (بەدیدی دەسەڵات) بە بەر چاوی خەڵکەوەو لە شوێنێکی گشتیدا سزادەدران ، دەسەڵات بەر لە دەسەڵاتی دیسپلینکەر لەشی دەهاڕیو لەتوپەتی دەکرد بە ئاشکرا، بەڵام دەسەڵاتی دیسپلینکەر گۆڕانی گەورەی بەسەر سزادادندا هێناو دەسەڵاتی خۆی لەناو زیندانو خوێندنگەو کارگەو سەربازگەو سۆزانی خانەکاندا بەسەر لەشدا دەسەپاندو دەیخستە ژێر فرمانو دیسپلینو چاودێرییەوە.

پێش لەدایکبوونی زیندان بەرهەمهێنانی ترس بۆ چاو شکاندنی خەڵک فەلسەفەی سەرەکی دەسەڵاتە دەسەڵات لە ڕێگەی کوشتنی ئاشکراوە دەخوازێت گەورەترین خۆف لە دڵی تەماشاکاراندا بچێنێت، هەر بۆیە سەرکەوتنی دەسەڵات لە کۆکردنەوەی زۆرترین تەماشاکەردا بوو لەگەڵ ترسناکترین جۆری سزادان تاکو زۆرترین ترس لە دڵی زۆرترین کەسدا جێگیر بکات.

تەکنیکو تەکنەلۆژیاکانی کۆنترۆڵو دیسپلین سەرەتا لەناو سوپاو فێرگەکاندا گەشەی کردو دواتر لە ناو زیندانو نەخۆشخانەو کارگەکاندا بەتەواوی کامڵ بوو لەوێوەش بۆ کۆمەڵگەو سەرجەمی تاکەکانی گرتەوە چ لەناو خێزان یان لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا.

پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەناو سەربازگەو سوپاو لەشکرەکان، پۆلیسخانەو تەمێ خانەکاندا، لە قوتابخانەو زانینگەو زانکۆدا، لە ئۆفیسو فەرمانگە، لەناو خێزانو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی تردا، لەناو حیزبدا، لە نەخۆشخانەو بیمارستاندا، لە زیندانو شاردنگەی مرۆیدا، لە دەزگا

بیرۆکراسیو دامودەزگاو دامەزراوە..هتد،دا کار لەسەر داگیر کردن، زەلیلکردن، ژێر دەستە کردن، ملکەچ کردنی جەستە دەکات.

بە بڕوای فۆکۆ دیسپلین لەم دەزگایانەداو لە قۆناغەکانی سەرەتای سەرهەڵدانو بڵاوبوونەوەیدا بەزۆری کاری لەسەر جەستە کردووە، پاشان بەرفراوان بووە بۆ کارکردن لەسەر ئەخلاق (مۆراڵ)و دەروونو ڕۆحو بیری تاکەکان.

فۆکۆ لە کتێبی دیسپلینو سزادا سەبارەت بە دیسپلینی جەستەی ڕای وایە کە جەستەی مرۆڤ لەم کاتەدا دەخزێنرێتە ناو دەزگایەکی دەسەڵاتەوە، کە هەڵدەلوشێ، تێکدەشکێنێو سەر لە نوێ بونیادی دەنێتەوە، دیسپلین جەستەیی ملکەچو گوێڕایەڵو ئامادەی قبوڵ کردنی دیسپلینی زیاترو دەسەڵاتی زیاتر دروست دەکات، بەر لە سەردەمی مۆدێرن سزادان تەنیا ڕووی لە کەسی تاوانبار بوو، تەنیا تاکە کەسی تاوانبار ڕووبەڕووی سزا دەبووەوە، بەڵام تەکنیکەکانی دیسپلین ڕوویان لە کۆی دانیشتوانە، واتە دەسەڵاتی دیسپلینی تەنیا کەسێک دیاری ناکات تاکو بیخاتە ژێر چاودێرییەوە یاخود سزای بدات، بەڵکو هەوڵی کۆنترۆڵی کۆی کۆمەڵگە دەداتو هەموو دانیشتوان دەخاتە ژێر چاودێرییەوە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی ملکەچ کردنو لارەملێی تاکەکانو فراوان بوونی دەسەڵاتەکەی، پێویست بوو گشت ڕەهەندێکی فەزا، زەمەنو جوڵە ڕێساو یاسایان بۆ دروست بکرێو بێ وەستان سودیان لێ وەربگیرێ، هەر بۆیە تەکنەلۆژیاو تەکنیکەکانی دیسپلین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر، دەست پێوە گرانە تر، بەش بەشکەرتر، هونەری تر، دیارترو قازانج خوازانە تر دەبوون. هەر بۆیە دەسەڵاتی دیسپلینی بەدیلو جێگرەوەو جێنشینی جۆرو شێوازەکانی تری دەسەڵات نییە لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو دەسەڵاتەکانی تر ئابڵوقە دەداتو ئیستعماریان دەکات، لەیەکتریان

دەبەستێ‌و بەستێنی کۆنترۆڵیان فراوان دەکات‌و کاریان بەهێزترو قایمترو بەتینتر دەکات ، بەڵام جیاکردنەوەی ئەوەی کام دەسەڵات دیسپلینەو کام جۆرانەی دەسەڵات ئابلۆقە دەدرێن کارێکی دژوارە، بۆیە لە سەیرکردنمان بۆ هەر کتێبێکی فۆکۆ ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مێژوونوسی ڕیشەیش لە تەکنیک‌و تەکنەلۆژیاکانی دەسەڵات‌و پرۆسەو کردەکانی سەپاندن ناتوانێ تێبگا، مەگەر بەهۆی بەراورد کردنەوە لەگەڵ پرۆسەو کردە سەپاندنەکانی تردا نەبێت.

دیسپلین بونیادو دامەزراوە نییە، بەڵکو تەکنیکە، ئەم تەکنیکە بەکاردەهێندرێت و بەشێوەیەکی تەواوو سەرانسەری سودی لـێ وەردەگیرێت لە هەندێ دامەزراوەی وەکو (دەست بەسەرگەکان‌و سوپاکان)، دیسپلین بەهۆی ڕێکخستن‌و ڕیزبەندی تاکەکان، دامەزراندنی سیستەمێکی هیرارکی فەرمانداری‌و بەرفرمان لەناو فەزادا بەرەو پێشەوە دەچێت کەوا بوو پێویستی بە ئەنجامدانی پرۆسەی بەرتەسکسازی فەزا هەیە، لە نەخۆشخانەو قوتابخانەو پانتایی سەربازی بەو پێیەی فەزای بەرتەسکن جەخت لەسەر تۆڕی کۆنترۆڵی پتەوو ڕێک‌و پێک دەکرێتەوە ، لەم بارەیەوە فۆکۆ دەڵی: ئەم تەکنیکانەی دیسپلینکردن‌و چاوەدێری هەم جەستەو هەم رۆحو دەرون‌و هزری ڕامکراوو گوێ لە مشت‌و ملکەچ بەرهەم دەهێنن ، بەتایبەت کۆنترۆڵکردنی زانیاری‌و بژێوی تاکەکان کە لە سیستمە نا دیموکراتەکاندا دەسەڵات بۆ دەستەمۆکردنی هاوڵاتیان‌و خەفەکردنی هەڵوێستیان بەکاریان دەهێنێ، هەروەهاسیستەمی پەروەردەو بەکارهێنانی لە خزمەتی دەسەڵات وادەکات تاکەکان بە ئارەزوومەندانەو لە قەناعەت‌و ناخیانەوە ببنە گوێڕایەڵی دەسەڵات‌و ئامانجەکانی دەسەڵات بەئامانجی خۆیان بزانن ، ئەگەر چی پرۆسەی کۆنترۆڵ لە ڕێگەی دەزگا پەروەردەییەکانەوە هەندێ کاتی

گەرەکە، بەڵام پتەوترو سەقامگیرترە لە کۆنترۆڵ بەهۆی ترس بڵاوکردنەوەو بەکارهێنانی هێزەوە، پرۆسەی پەروەردەی کۆنترۆڵی مێژوویەکی دێرینی هەیەو لە کۆمارەکەی ئەفلاتۆندا بە تەواوی پشتی پێبەستراوە، هەروەها (ئۆگست کۆنت) پرۆسەیەکی پەروەردەی دارشت کە تا تەمەنی (21) ساڵان لەخۆ دەگرێ، بەشی یەکەمی تا تەمەنی (14) ساڵی لە ژێر چاوەدێری دایکیدا دەبێت، دواتر ڕاهێنانی عەقڵانی لە ژێر چاودێری پیاوانی ئاینیدا پێ دەکرا ، واتە ملکەچی مرۆیی لەسەرەتادا ڕەهەندی کۆمەڵایەتیو ئاینی لە خۆ دەگرێتو ئەمەش دەروازەی ڕامکراوی سیاسیەتی، فۆکۆ ڕای وایە کە دیسپلین «بەشێوەیەکی جۆراو جۆرو پڕ لە ووردەکاری کار دەکات، دیسپلین تاکەکان دروست دەکاتو تەکنیکی تایبەتی دەسەڵاتێکە، کە تاکەکان هەم وەکو بابەتو هەم وەکو ئامرازی جێبەجێکردنی خۆی سەیر دەکات» ، وە دەسەڵات لە ڕێگەی دیسپلینەوە میکانیزمەکانی ڕاهێنانو چەوساندنەوەی جەستەکان (چ وەک تاک چ وەک کۆ) دێنێتە کایەوە.

فۆکۆ سەرنجمان بۆ پرۆژەیەکی (جێرمی بێنتام) بۆ پێکهێنانی (کۆمەڵگەیەکی هەموو بین) (1791) ڕادەکێشێ، کە بەلایەوە نمونەیەکی ئایدیالی تەکنەلۆژی دیسپلینە، ئەگەر چی بەلای هەندێ کەسەوە ئەم پرۆژەیە جەوهەری دەسەڵاتە، بەڵام بەلای فۆکۆوە نمونەیەکی ڕوونو ئاشکرای شێوازو چۆنیەتی ڕەفتارو سلوکی دەسەڵاتە ، ئەم پرۆژەیە کە بە (پانۆپتیکۆن) (panopticon) ی (جێرمی بێنتام) ناسراوە بەمانای سەرانسەر بین (هەموبین)ە، (پانۆ پتیکۆن) بەبینایەک دەوترا کە لە شێوەی گومەزدا بوو، لەژێر ناوەندی بیناکەوە سەکۆیەکی ئێشکگریو چاودێریکردن بەرز کرابووەوە، لەم سەکۆیەوە ئێشکگری ناوەندی زیندانەکە دەیتوانی جموجۆڵی کۆی خانەکانی ناو زیندانەکە ببینێ، بۆیە هەریەک لە زیندانەکان ئاگاداری

ئەوە بوون کە هەموو جوڵەکانیان لە ژێر چاودێریدایە ، بەڵام ئەمان (زیندانیەکان) نەیان دەتوانی ئێشکگرەکە ببینن، بۆیە نەیان دەزانی چی کاتێک چاودێرەکە ئامادەیەو چ کاتێک بێئاگایە، ئەمەش وای لێکردن هەموو کات وا هەست بکەن لەژێر چاودێریدانو بەم جۆرە سیستمی خۆ چاودێری بنیاتنرا، هەروەها چاودێریکەری ناوەندی زیندانەکەش وای هەستدەکرد کە لەسەرەوەی خۆی چاودێری دەکرێ، بەم جۆرە چاودێریکەرو چاودێری لەسەرکراو بەیەکەوە خرانە ژێر کۆنترۆڵەوە، لە ژێر چاودێری سیستەمی سەرانسەر بیندا دەسەڵات لە شێوەی سێبەر(تارمای)ی هەر کەسێک بوو، لە هەموو جێگەیەک چاوو گوێی دەسەڵات ئامادەیی هەبوو، کەسەکان بۆ هەر کوێ بڕۆیشتنایە بەدوایانەوە بوو، ئەگەر کەسیش چاودێری نەکردنایە دەبوو کەسەکان خۆیان چاودێری خۆیان بکەنو لە خۆیان بپێچنەوە ، دواجار لە ژێر سایەی ئەم سیستەمەدا «دەکرێت خەڵک وەک میکرۆب بخرێنە ژێر زەڕەبینی چاودێری بەردەوامەوە» ، واتە لێرەدا مرۆڤ وەکو بوکەڵەیەک وەکو ڕۆبۆتێک دەبێت بەڕووخسارێکی مرۆڤانەوەو بەئارەزووی دەسەڵات دەبێت بجوڵێت، دواجار ئەم جۆرە لە سیستەم (سیستەمی سەرانسەربینو چاودێری بەردەوامو خۆچاودێر) رژێمی تۆتالیتاری بەرهەمدێنێ، کە ئامانجی ئەم ڕژێمە ئەوەیە مرۆڤ بەتاڵ بکاتەوە لە گشت شوناسو بونیادێکی مرۆیانەو ناچاری بکات خۆی ڕۆڵی پۆلیسو جەللادی خۆی ببینێ ، واتە لەم سیستەمەداو لە پرۆسەی کۆنترۆڵدا دەسەڵات هەوڵدەدات سەرنجی دونیای ناوەکی (دەرونی) مرۆڤ ڕابهێنێو دروستکردنی بەجۆرێک بێت کە هاوتەریبی ستراتیژەکانی دەسەڵات بێت، دونیایەک بێت کە هەموو میکانیزمەکانی چاودێریو کۆنترۆڵی دەرەوە بگوازێنەوە ناو دەروونی مرۆڤەکان ، بەجۆریک مرۆڤەکان ئەوەندە چاودێری دەرەکیان لەسەرە کە

هەمیشە لەترسی ئەو چاودێریانە بەپێی ویستی دەسەڵات دەجوڵێنەوەو دواجار بۆ خۆلادان لە تورەیی دەسەڵات ناچارن خۆیان کۆنترۆڵی خۆیان بکەنو ئەم چاودێرییە دەگوازنەوە ناو ناخی خۆیانو خۆیان چاودێری جموجۆڵەکانی خۆیان دەکەن، فۆکۆ دەیەوێت ئەوە ڕوونبکاتەوە کە مرۆڤی مۆدێرن نەبوونەوەرێکی ئازادو سەربەخۆیە وە نەبوونەوەرێکی عەقڵانیە وەک ئەوەی هیومانیزم پێشنیازی دەکات، بەڵکو فۆکۆ ڕای وایە مرۆڤی مۆدێرن بوونەوەرێکی کۆنترۆڵکراو، دیسپلینکراو، چاودێریکراوە، وە مەحکومە بە دەیان جەبری فەرهەنگیو ئابوری ، لێرەوە پەیوەندیەکانی دیسپلین لەگەڵ سەرمایەداری ئاشکرا دەبن، چونکە فۆکۆ بۆچوونی وایە کە کۆنترۆڵی دیسپلینیو دروستکردنی جەستەی ملکەچو ڕامکراوو لارەملو گوێڕایەڵ پەیوەندی دارە بەسەرهەڵدانی سەرمایەداریەوە، چونکە مەبەستی دیارو سەرەکی دەسەڵاتی دیسپلینی دروستکردنی مرۆڤێکی ڕامکراو لەهەمان کاتدا بەرهەم هێنەریشە، وە فۆکۆ بۆ ئەمە بەڵگە دێنێتەوە کە دەسەڵاتی کۆنترۆڵ گرەنتی سەرکەوتنی سەرمایەداری وەک بزوتنەوەیەکی ئابوری دەستەبەر دەکات، چونکە بەبێ ئامادە بوونی (تاک)ە دیسپلینکراوەکان لە ناو دامەزراوەکانی بەرهەم هێناندا نەدەتوانرا پێداویستەکانی سەرمایەداری جێبەجێ بکرێت، هەر لەبەر ئەمەش تەکنیکە پێویستەکان بۆ کرداری کۆنترۆڵ سەرەتا لەسەر چینی کرێکارانو چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەدا جێبەجێکرا، دواتر بۆ قوتابخانەو زانکۆکان گوازرایەوە ، کەوابوو خستنە ژێر چاودێری کۆمەڵگەکانی ئەوروپای سەدەی هەژدە(18) لەبەر ئەوە نەبوو کە تاکەکان سات دوای سات گوێڕایەڵو ملکەچتر دەبن، یان لەسەربازگەو زانینگەو زیندانەکان لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە، نا بەڵکو مەبەستی دروستکردنی هەماهەنگیە لە نێوان چالاکیەکانی بەرهەمهێنان لەلایەکو سەرچاوەکانی

پەیوەندیو کردەوەی پەیوەندیەکانی دەسەڵات لە لایەکی ترەوە، لێرەوە چوارچێوەیەکی دەستدەکەوێت کە بە چەشنێکی ڕوو لە زیاد دەخرێتە ژێر چاودێرییەکی تەواوترەوەو هەرچی زۆرتر عەقڵانیو ئابوری دەکرێت.

**باسی دووەم: یاسا:**

بوونی یاسا وەک ئامرازێک بۆ سزادان ڕیشەیەکی مێژوویی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین، دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگەی سەرەتاییو ژیانی خێڵەکی، لەسەرەتادا یاساکان نوسراو نەبوون، پشتاوپشتو بەگێڕانەوە لە باوانەوە بۆ منداڵەکان دەگوازرانەوەو بەردەوامیان دەکێشا، لە نمونەی ئەو جۆرە یاسایانەی کە بۆ سزادان هەبوون لە یۆنانی کۆندا دەبینرێ کە بۆ ئەشکەنجەدانو دانپیانانو دواجار سزادانی کۆیلەکان لە ئارادا بوون، وە لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیشدا پەرەی زۆر بە (یاسای دانپیانان) دراوە، وەدواتر دەرکەوت کە لە نەرمترینو ناسکترینو باشترین دەسەڵاتەوە بۆ جەللادترینو استبدادترین دەسەڵات وەکو یەک پێویستیان بە دانپیانانە، هەرچەندە جیاوازی لە شێوازی سزاکاندا هەیە، بەڵام لەکۆتاییدا کۆی دەسەڵاتەکان مرۆڤیان گۆڕی بۆ ئاژەڵێکی درکێنەر (دانپیانەر)و اعترافکەر.

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا یاسا گەشەی زیاتری کردوو زمانی دەسەڵاتو خواستەکانی لە ناو بیرۆکەی یاسای گشتیدا توانەوە، کە لە سەر بنەمای یاسای ڕۆحانی داڕێژرابوونو بەرگی پیرۆزیشیان بەبەردا کرا، وە لەو سەردەمەدا یاسا تەنیا بیانویەک نەبوو کە پاشاکان بەشارەزاییو کارامەیی دەکاری بێنن(استغلالی بکەن)، بەڵکو شێوەی پەسەندی سیستەمی پاشایەتی دەردەخست، لە کۆمەڵگەی خۆرئاواییداو لە سەدەکانی ناوەڕاستو بەدواوە سەپاندنی هێز بەبەردەوامی لە یاسادا شکڵ پێدەدرا و بەشێکی گرنگو

سەرەکی ناوەڕۆکی یاساکانی پێکدەهێنا، هەر لە ئەشکەنجەدان بۆ اعترافە وە تاکو ئەشکەنجەدان وەک سزای تاوانەکە، ئەم هێزە شەرعیەتو ڕەوایەتی تەواوی پێدراو ئەشکەنجەدراو دەبوو دان بە ڕەوایەتی ئەشکەنجەکەدا بنێت.

ئەگەر کەمێک بچینە دواترو لە سەردەمی دوای سەدەکانی ناوەڕاستو بەتایبەتی دوای کۆنگرەی (ویستڤالیا 1648)، ئەوا یاسا بەرەو کامڵ بوونو ڕۆیشتو لە هەندێ بەشی پتەودا ڕێکخراو سەروەری یاسایی سەری هەڵدا، کە سەروەری لە ئێستادا شێوەی ڕاگەیەنراوی ئەو یاس دانراوانە وەردەگرێ کە بە دیموکراسی دانراون ، هەروەها (مۆنتسکیۆ) دەڵێ: «دیارترین قۆناغی ئاڵو گۆڕی داب و نەریتە ناوچەییەکان بۆ یاسای نوسراو لەسەردەمی(شارلی حەوتەم) و جێگرەکانی دا ڕووی داوە کە داب و نەریتە جیاوازەکانیان نوسییەوەو لە داڕشتنی یاسای نوسراودا ، ڕەچاوی ڕێوشوێنی تایبەتیان کردووە.

واتە سەرهەڵدانی چەمکی سەروەری لەسەدەی حەڤدەیەمدا بوو کە دەرئەنجامی سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرنە لە ئەوروپا ، وە دوا بەدوای دەرکەوتنی دەوڵەتی مۆدێرن یاسا شێوازێک بووە کە پرەنسیپو بنەماکانی دەسەڵاتی پیشانداوە، واتا نەک تەنیا هەقیقەتی دەسەڵات یاخود پاساوی بووە، بەڵکو ئامرازیشی بووە ، کە بەرگری تەواوی لە دەسەڵاتو هێزەکەی کردووەو گرەنتی مانەوەو بەردەوامی بووە لە لایەکو لە لایەکی ترەوە ئارامیو سەقامگیری بۆ فەراهەمکردووە، فۆکۆ لە (مێژووی جنسیەت)دا ئەمە زیاتر ڕوون دەکاتەوەو ڕای وایە کە دەرکەوتنی پاشایەتی بەجۆرێک بوو کە بریتی بوو لە بەیەکسان دانانی ئیرادەی خاوەن دەسەڵات لەگەڵ یاسادا، ئەمەش لە ڕێگای (تابۆ کردن)و پێکهێنانی یاساغیەتو پیادە کردنی سزاوە ، فۆکۆ بۆچوونی وایە سیستەمی یاسایی ڕۆژئاوایی بەتەواوی لەژێر

سایەو سێبەرو لە هەناوو باوەشی پاشایەتیدا پەرەی سەندو کامڵ بوو، وە پاشاکان دوای سەقامگیر بوونو بەهێز بوونی پێگەی خۆیان ئیتر وەک مەرجەعو سەرچاوەی دەسەڵات خۆیان ناساند، کە هەموو یاساکان دەبێت بۆ ئەمان بگەڕێنەوەو تەعبیر لە ئیرادەی ئەوان بکەن، واتە یاسا هەم شەرعیەت بە پاشا دەبەخشنو هەم بە کارەکانی، وەک دەوترا پاشا هەڵە ناکات، سزای پاشا لەپێناو عەدالەتدایە.

لێرەوە بیرمەندانیش سەرنج دەدەن بە گرنگیو پێویستی یاسا بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەو بەرژەوەندییەکانی، (ماکیاڤیلی) بیرمەندی ئیتاڵی مۆدێرن یاسا بە بنیاتنەری مۆراڵو فەیلەت دەزانێ لەناو تاکەکاندا، وە ڕای وایە کە ئەگەر میللەتێک دووچاری گەندەڵی بوو ئەوا ناتوانرێ چاک بکرێ، مەگەر یاسادانەرێک بێتو ئەو یاسایانەیان بەسەردا بسەپێنێت کە فەزیلەتی ئەخلاقی (مۆراڵی)و مەدەنیان تیادا فەراهەم بکات ، و فەیلەسوفی ئینگلیزی (تۆماس هۆبز) دیدی بۆ یاسا بەو جۆرەیەکە یاسا فرمانی کەسێکە کە خاوەنی سەروەریە لە دەوڵەتدا، کەمەبەستی کەسی پاشایە، بەواتایەکی تر یاسا لای(هۆبز) گوزارشت لە ئیرادەی پاشا دەکات بەو پێیەی خاوەنی دەسەڵاتو سەروەریە لە دەوڵەتدا ، (هۆبز) لە کتابی (لیڤیاتان)دا بۆچونی لە بارەی یاساوە ڕوونتر دەڵێو پێیوایە بریتییە لە هێزێکی توندی قۆرخکەرو لە ژێردەستی یەک حوکمڕان دایە.

ئیتر لە سەردەمی مۆدێرنداو لە هزری بیرمەندانی سەرەوەدا یاسایەکسان دەکرێت بە ئیرادەی خاوەن دەسەڵات، یاسا هەنگاو هەڵدەگرێ بەڕێگەی ڕێگە نەدانو دروستکردنی قەدەغە بوون، وە لای (هۆبز) دەسەڵات یەکسان دەکرێت بە فرمانڕەواییو دروستکردنی یاساو چەسپاندنی تیۆرەی پەیمانی کۆمەڵایەتی ، کە ڕەوایەتیو دەسەڵاتی ڕەها بە پاشاو یاساکانی

دەبەخشێت، واتا یاسا وورده وورده جێگه به ئامرازەکانی تری دەسەڵات لێژ دەکات‌و ئیتر زمانی دەسەڵات بریتی دەبێت له یاسا نەک جادوو ئاین‌و یان هەر شتێکی تر ، واتا یاساکان جێگەی ئاین‌و جادوو دەگرنەوە بۆ ڕێکخستن‌و کۆنترۆڵی تاکەکان‌و ڕۆدەچنەوە ناو دەروونی تاکەکانەوە بەبێ ئەوەی تاکەکان هەست بەو جۆره له کۆنترۆڵ بکەن، بەتایبەت له دوای (جۆن لۆک)ەوە بەدیاری کراوی لیبراڵەکان یاسایان بەکۆنترۆڵ نەدەزانێ بۆ سەر تاکەکان، بەڵکو بەلایانەوە یاسا دەوری ئامرازێک دەبینێت که ئازادی مسۆگەر دەکات ، بەدوای (لۆک)دا لیبراڵەکان گرنگی زیاتریان بەیاسا داو (جێرمی پێنتام) ڕای وایه که یاسادانەر دەتوانێت بەکەڵک وەرگرتن له دەسەڵات چێژەکان زیاد بکات‌و مەینەتیەکان کەمبکاتەوە، هەروەها بەدیدی (بێنتام) ئەم جۆره یاسایانه له خزمەت بەرژەوەندی گشتی دان ، و (بێنتام) لەم پێناوەدا ڕێگه بەیاسادانەر دەدات که جۆرێک سزا بۆ ئەو کەسانه دیاری بکات که پێشێلی یاساکان دەکەن‌و چێژی گشتی کەم دەکەنەوە ، له ڕوانگەی (هابرماس)ەوە یاسا تەنیا ئامرازی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان تاک و دەسەڵات نییه، بەڵکو ئەو ئامرازەیه که کۆمەڵگا له ڕێگەیەوە گوزارشت له خودی خۆی و سەربەخۆییەکەی دەکات.

دەوڵەتی مۆدێرن ڕەوایەتی له یاسادا شکڵ پێدەدات‌و هێز له هەناوی یاسادا ڕەنگڕێژ دەکات، دواجار یاسا تەعبیر له دەسەڵات دەکات‌و تەواو پەیوەست دەکرێت بەدەسەڵاتەوەو له دیدی (هانا ئارێنت)دا یاسا چەترێک نابێت که مافەکانی مرۆڤ دەستەبەر بکات، بەڵکو ماف دەبێت به بەخششێک له ژێر سایەی یاسادا که دەشێ له هەر چرکه ساتێک‌و له هەر لەحزەیەکدا پێچەوانه بێتەوەو وەربگیرێتەوەو بخنکێنرێ، که بەدیدی (ئارێنت) ترسناکترین جۆری وەرگرتنەوە وەرگرتنەوەی مافی ژیانە، هەروەها

له ژێر سایەی دەسەڵاتی یاسادا کارەساتی گەورە لەوەدایە جیاوازی ئەوتۆ نییە لە نێوان ئەوانەی مافیان لێ زەوت دەکرێو ئەوانەی مافیان پێدەدرێ، چونکە ئەو بەخشینە بەخشینێکە پەیوەست نییە بەکەرامەتی مرۆڤەوە، بەڵکو بەندە بەحەزو مەزاجی دەسەڵاتو دەسەڵاتدارانەوە ، واتە یاسا وەک ئەوەی کە بونێکی خاوەن کەرامەتە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکان ناکات، بەڵکو وەک هەر شمەکێک ئەو کاتەی لە چێژی گشتی کەمدەکەنەوەو کەڵکیان نامێنێ ئەوا شایەنی سزانو پێچەوانەکەشی شایەنی بەخشش، لە سەردەمی دەوڵەتی مۆدێرندا یاسا دەچێتە قوڵایی دەسەڵاتەوەو بەجۆرێک شەرعیەتی پێدەدرێ کە هیچ پرسیارێک هەڵنەگرێ، وە فۆکۆ دەڵێ لە سەردەمی مۆدێرندا ڕەوایەتی یاسا ئەوەندە دەکرێت بەجێی باوەڕی تاکەکان تەنانەت نەیارانی ڕژێمو سیستەمەکەش بەجۆرێک دەربارەی یاسا دەدوێن کە دەسەڵاتداران قسەی لە بارەوە دەکەن.

یاسا لەبنەڕەتدا ماسکی دەسەڵاتە، ئامرازی داڕشتنی فۆرمەکانیەتی، داپۆشینی شکڵە ڕاستینەو ناوەڕۆکیەکانی دەسەڵاتە (کە دیوی سەرکوتیەتی) لەبەر چاوی کۆمەڵگە، یاسا کۆی دیوە ناشرینەکانی دەسەڵات دادەپۆشێتو ڕوویەکی جوانی درۆینەی بۆ دروست دەکاتو سزاکانی بە ئامرازی بەرقەرار کردنی عەدالەت دەناسێنێتو ڕەوایەتیان پێدەدات، یاسا دواجار جگە لە فرمانی سەروەرو دەسەڵاتدار شتێکی تر نییە، وە هەموو لایەکیش ناچار بە ملکەچیو گوێڕایەڵی دەکات، واتە وەک ئەوەی فۆکۆ لە (مێژووی جنسیەت)دا دەڵێ: دەسەڵات یاساکانی بە پێی ویستەکانی خۆی دادەڕێژێت، پاشان گوتاری حەقیقەتی بابەتەکان بەرتەسکو سنوردار دەکات، دواتر سزا بۆ سەرپێچیەکان دادەنێت، دەسەڵات لە هەموکاتو جێگەکان یەکسانە، بەپێی هەندێ میکانیزمی لە ڕادەبەدەر دووبارەبۆوەی یاسا، حەرام کردن و سانسۆر کار دەکات ، هەروەها فۆکۆ ڕای وایە «ڕواڵەتی هەمەکی دەسەڵات

له شێوەی یاسادا پیشان دەدرێتو ئاسەوارەکانی بە ملکەچی دەناسرێت» ، واتە کاتێ دەسەڵات قسە دەکات ئەوا ئەو قسەیە ڕێسایە،و فۆرمی دەسەڵات لە ڕۆڵی یاسادانەردا دەردەکەوێت، کە ئەندازیاری فۆرمسازی دەسەڵاتەو یاساکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیەکانی حکومەتو فرمانڕەوادا دادەڕێژرێتو دەبێت تاکەکان حورمەتی بگرن، نەک لەبەر ئەوەی ئەم یاسایانە تاکەکان دەپارێزن، بەڵکو لە جەوهەردا لەبەر ئەوەی ئەم یاسایانە قسەی دەسەڵاتن، پابەند بوون بەو یاسایانەوە بەدادپەروەریو لادانیش لێیان بەتاوان ئەژمار دەکرێت.

بوونی ئەو جۆرە یاسایانە دەگمەنەو لەوانەشە هەر نەبن کە بەرژەوەندی تاکەکانیان کردۆتە ئامانجی سەرەکیو لەپێشینەو لەسەروی ئامانجەکانی دەسەڵاتو بەرزتر لە ئارامیو بەردەوامی دەسەڵات دابنابن، یاساکان بەرژەوەندی تاک لەناو بەرژەوەندی دەسەڵاتدا دەبیننەوەو پاساویشیان ئەوەیە گوایە دادپەروەری لەژێر چەتری دەسەڵاتدا نەبێت وەدی نایەت، لێرەوە دەسەڵات کۆی تێزەکانی بۆ ئەوە بەکاردەهێنێ، کە چۆن ببێنە خاوەنو ڕێکخەری ژیانی تاکەکان، لەم پێناوەدا سزاو پاداشت دادەنێتو دامەزراوەی سزایی (تەمێخانەو زیندان)و یاساکان بەناوی ڕێکخستنی ژیانی تاکەکانەوە دادەڕێژێت، بەڵام دەتوانین بە ئاسانی هەست بەوە بکەین دەسەڵات بە پێی لێکدانەوەو کەڵکی خۆی یاساکانی داڕشتووەو دەزگاو دامەزراوەی شەرعی بۆ ڕەوایەت پێدانیان دروستکردووە.

فۆکۆ ڕای وایە هێز برێتیە لە دەسەڵات، بەواتایەکی تر دەسەڵات هێزەو کارەکەی تەنیا پێشگرتنو وەزیفەکەی فەرمانبەرییە، هەروەها دەسەڵات دواجار چەپاندنە، چەپاندن سەپاندنی یاسایەو یاساش خوازیاری ژێر دەستەییو تەسلیم بوونە ، بەڵام دەسەڵات لەمانا هێزیەکەیدا بەو

جۆرەیە کە بابەتی قانونی بەشێوەیەکی ناتەواو دەتوانێت نواندنی دەسەڵات بکات، کە چەقبەستەیە لە هەڵێنجانو مردن، بەڵام بەتەواوی نەگونجاوە لەگەڵ شێوازە تازەکانی دەسەڵات لە مانا هێزییەکەیدا کە نە بەیاسا بەڵکو بەتەکنیک، نە بە قانون بەڵکو بە بەهاسازی، نە تەنیا بە سزا بەڵکو بە کۆنترۆڵ کار دەکاتو بابەتی یاسایی لە ئاستو شێوەکانی بانتر لە دەوڵەتو دەزگاکانی بەکار دەبرێت ، فەیلەسوفی فرانکفۆرتی سەردەم (یۆرگن هابرماس) لەگەڵ ئەوەی نەیاری دیدی فۆکۆیەو یەکێکە لەسەر سەختترین ڕەخنە گرەکان لە بۆچوونەکانی فۆکۆ، بەڵام دان بەوەدا دەنێت، کە «میکانیزمە یاساییەکان کە ئازادییەکان لە دەوڵەتی ڕەفاهی مۆدێرندا بۆ هاوڵاتی زامن دەکەن، هەمان ئەو میکانیزمە یاساییانەن کە ئازادی سودمەندە گریمان کراوەکان دەخەنە مەترسیەوە».

**باسی سێیەم: شێتی:**

شێتی یەکێکە لەو بابەتانەی بە لای (فۆکۆ)وە جێگای گرنگی پێدانو هەڵوەستە لەسەر کردن بووە، (فۆکۆ) شێتی لە پەیوەندیدا بەدەسەڵاتەوە شرۆڤە دەکاتو شیدەکانەوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوانەی لە کتێبی (مێژووی شێتی1961-) خستووەتە ڕوو، هەرچەندە ناوی کتێبەکە (مێژووی شێتی)یە، بەڵام فۆکۆ نایەوێت مێژووی شێتی بنوسێتەوە، مەبەستی ئەوە نیە ڕابردووی شێتی ڕوونبکاتەوەو تۆمارە مێژووییەکانی دوێنێی شێتی بپارێزێ، بەڵکو فۆکۆ خوازیارە وێنایەکی ڕوونترمان دەربارەی ئێستاو ڕانەبردووی شێتی بداتێ، دەیەوێت بە زمانی ڕابردوو ئێستامان بخوێنێتەوە.

دێوانەی (شێتی) لە سادەترین مانایدا بریتیە لە جۆرێک لە ئەخلاقو فیکرو بیرکردنەوەو خەیاڵ کە لەگەڵ فۆرمە باڵا دەستەکانی ماناو ئەخلاقو

دەلالەتە عەقڵانیەکاندا نەگونجێت،یاخود بەمانای ئەوانەی لە پەراوێزی کۆمەڵگەدان و وێنا کردنێکی دیکەیان بۆ دنیاو دیاردەکانی هەیە کە ناکۆک یان جیاوازە لە بۆچونە باڵا دەستەکانی تری کۆمەڵگە لە ساتەوەختێکی مێژوویی دا.

«دێوانەیی لای فۆکۆ چەمکێکە لە یەک کاتدا هێما بۆ شێوازێکی نوێی دەسەڵاتو پێکهاتێکی دیاریکراوی مەعریفەو پەیوەندییەکی تایبەتی نێوان دەسەڵاتو مەعریفەو هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتیو فەلسەفی دەکات، کە لە چەمکی خودو ئەخلاقی تەقلیدیو دیدێکی هیومانیستی سونەتیەوە دەستپێناکات».

وە فۆکۆ ڕای وایە شێتی دیاردەو دەرکەوتەیەکی شارستانیەو پەیوەستە بەجۆراو جۆریەتی شارستانیەوە، واتە وەک هەر دیاردەیەکی شارستانی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، هەروەها فۆکۆ ڕایوایە کە هەندێ لە شارستانیەکان شێتیان قبوڵ بووەو گرتوویانەتە خۆ، هەندێ شارستانی تر نەیان گرتووەتە خۆیانو کردوویانەتە دەرەوە، هەندێکی تریشیان بەنەخۆشیان زانیوەو چارەسەریان کردووە.

هەروەها بە پێی گۆڕانی سەردەمەکان شێوازی مامەڵەی شارستانیەتەکان لەگەڵ شێتی گۆڕانی بەسەردا دێت، بەنمونە لەسەردەمەکانی ناوین (سەدەکانی ناوەڕاست) شێتەکان ئازاد بوون لە ناو کۆمەڵگەداو بەئازادی دەهاتنو دەچوون، تەنانەت بە لای هەندێ کەسەوە شێتەکان پیرۆزو نورانی بوون، بەڵام لە سەردەمی ڕێنسانسداو بە هۆی کاریگەرییەکانی بزوتنەوەی هیومانیزمیو زانستی نوێوە ئەم شێوازی مامەڵەیە بە ئاقارێکی خراپدا گۆڕانی بەسەردادێت ، سەردەمی کلاسیک جۆرێک لە بێدەنگی هەبوو بە بەراورد بە گفتوگۆ زۆرەکانی سەردەمی ڕێنسانس لە پەیوەندی نێوان عەقڵی

و شێتی، بەڵام ئەم بێدەنگیە بەس نەبوو، زمانی ناوەوەی نەخشەکێشی لە شتەکان کرد، کە ڕاستییەکەی دواتر بریتی بوو لە دەستبەسەراگرتن، بەندکردن، زنجیرو ئازار ، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تەنیا ئەوانەی توشی گەڕی ببوون (گولەکان) لە کۆمەڵگە دەکرانە دەرەوە، بەڵام دواترو لە سەردەمی نوێدا هەمان شێواز بەسەر شێتەکانیشدا پیادەکرا، عەقڵانیەتی مۆدێرن کە لە بیروڕاکانی (ڕینێ دیکارت)ی فەرەنسیەوە دەستپێدەکات، پاشان لە بۆچوونەکانی (ئیمانوێڵ کانت)ی ئەڵمانیدا بە ترۆپک دەگات، زەمینە خۆش دەکات بۆ گۆڕان گەلێکی بنەڕەتی، ئەم عەقڵە مۆدێرنە دەبێتە هۆکاری ناردنی شێتەکان بۆ شێت خانەکان، چونکە ئیتر کۆمەڵگەی عەقڵی مۆدێرن بەرگەی شێتیو نا عەقڵی نادەگرت، عەقڵی مۆدێرن ئەوەندەی تر شێتی نابودو قێزەون کرد لە کۆمەڵگەدا بە جۆرێک لە سەدەی نۆزدەوە شێتەکان بە بوونەوەر گەلێکی زەرەرمەندو زیانمەند بۆ کۆمەڵگە ئەژمار دەکرانو لە جێگەی دیاری کراوی تایبەتدا دیل دەکران ، وە لەم ماوەیەدا هەستکردن بە گۆڕین لە ژێردەستی، هەستکردن بەتاکێتی ئەخلاقی و ڕەتدانەوەی کۆمەڵایەتی، ئەمە پەیوەستە بە پەیوەندی سەردەمی مۆڕلی لە ماوەی ڕەتکردنەوەی ناوخۆیی لەسەر هەموو هەڵسوکەوتە نامۆکان، لەسەر شێوازو گۆڕانی پێیشوتری لە ماوەی تاکێتی دا.

لەسەردەمی عەقڵی مۆدێرندا لەبەرئەوەی شێت تواناى وەبەرهێنانو بەرهەم هێنانی ئابوری نامێنێ چونکە بواری ئابوری بە پایەکانی عەقڵانیەتەوە بەستراوە، ئەوا شێت لە حەقیقەت (بەدیدی عەقڵی مۆدێرن) دوور دەکەوێتەوەو، ئیتر دەبێ بێدەنگو خامۆش بکرێو بکرێتە دەرەوەی کۆمەڵگە تا کەس دەنگی نەبیستێ، هەر لەبەر ئەوەش دەخزێنرێتە چوار دیواری شێتخانەوە ، هەرچەندە لەسەردەمی عەقڵدا بزوتنەوەیەکی چاکسازی

دەرکەوت، کە بەلایانەوە شێتی نەخۆشی بوو، پێویست بوو لە نەخۆشخانەدا چارەسەر بکرێ، نەک لە زیندانو شێتخانە سزا بدرێتو سوکایەتی پێبکرێ، واتە شێتەکان لە ژێر دەسەڵاتی جەللادی قامچی بەدەستو داوەشێنەر ڕزگار کراو خرایە ژێر دەسەڵاتی چاوەدێری پزیشکیەوە، بەڵام ئەم کارە تەنیا بریتی بوو لە ئازاد کردنی لەشو لەبەرامبەردا زیندانی هۆشی داهێنا.

بەلای فۆکۆوە لە دوای سەدەکانی ناوەڕاستەوە ئیدی سەردەمەکانی پیادە کردنی دەسەڵات بەسەر شێتی دا دەست پێدەکات، سەرەتا لە سەردەمی کلاسیکدا (1660–1800) شێتەکان لە زیندانو شێتخانەکاندا سزای جەستەی دەدرێنو پاشان لە سەردەمی عەقڵدا (1800و دواتر) سزای دەروونی جێگەی سزای جەستەیی دەگرێتەوە، پزیشکی دەروونی دەچێتە جێگەی قامچی بەدەستو پرۆسەی نۆرماڵسازی جێگە بە پرۆسەی تەمێکاری لەقدەکات، واتە «شێتی ڕووبەڕووی عەقڵ دانراو عەقڵانیەت شێتی بە مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگەو کەلتوری مۆدێرن لە قەڵەم داو هەر کەسێک بەشێتو بێئاوەز بژمێردرایە پاش ئەنجامدانی زنجیرەیەک ئەزموونو لێپرسینەوە لەگەڵیدا لە کۆمەڵگە دوور دەخرایەوە بۆ شوێنێکی دیاریکراوو دەبووە بابەتی تاقیکردنەوەی زانستی کە پێشتر بوارێکی سەربەخۆ بە ناوی دەروون پزیشکییەوە نەبوو».

شێتی وەک مانا کە لە ناوەڕۆکیدا هەڵی گرتووە لە سەردەمی مۆدێرنەدا پەیدا بووە و یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی مۆدێرنە بە تایبەت لەسەردەمی دوای (دێکارت) کە (هۆشمەندی) عەقڵانیەت دەبێت بە گەورەترین دەسەڵاتی گومان لێنەکراوو پرسیار لەسەر نەکراو ، ئەوەش گومانی تیا نییە کە لە کەلتوری مرۆییو بونیادی ئێمەدا عەقڵ بەبێ شێتی بوونی نیە ، دواتر دێکارت دێتو دەڵێت: بەڵام چی ئەوانە دێوانەن ،

لێرەوە دابەشکاری کۆمەڵگە بۆ شێتو عاقڵ پەیدا دەبێتو دوای شەش ساڵ لە مەرگی دیکارت، نەخۆشخانەی گشتی (Hospital Ceneral) لە پاریس بۆ جیاکردنەوەی شێتو لانەکانی وەک سواڵکەرو ئاوانکاران کرایەوە، وەک دەوترا لە سەدا یەک (1%)ی پاریسیەکان جیاکرانەوە، بەم جۆرە شێت بوو بە (ناعاقڵ)و بەشێوەی فیزیکیش لە دنیای ژیریو هۆشمەندی جیا کرایەوە ، هەروەها کاریگەری بۆرژوازی لەو کاتەدا بەڕوونی دەردەکەوێت کە خێزان لە فۆرمە بۆرجوازیەکەیدا پێگەیەکی گرنگی لە کۆمەڵگەدا گرتو ژیانی ئابوری گۆڕا، لەو کاتەدا شێت وەک کەسێکی تەمبەڵو مشەخۆر سەیردەکرا، کە هەمیشە چاوی لە دەستی خێزانەکەیو کەسانی ترەو خۆی هیچ بەشداریەکی نیە لە بواری ئابوریدا ، واتە ئیتر شێت بوو بەوەسفێک بۆ کەسانی بێکارو هەژار، دواتر ئەم وەسفە گۆڕاو لایەنی مۆڕاڵیشی گرتەوە، واتە شێت بە شەرمو شورەیی دادەنراو دەبوایە بشاردرایەتەوە ، فۆکۆ ڕایوایە کە «شێتی ئەو جەمسەرە پێچەوانەیەکە عەقڵ بۆ خۆی دروستی کردووە» ، بەو پێیەی کە هەمیشە کەسانی عاقڵ دەسەڵاتیان بەسەر کەسانی شێتدا هەیە، ئیتر سەردەمی تاریکی شێتی سەرهەڵ دەداتو «شێتی نەک هەر زمانی عەقڵی نەما، بەڵکو بێدەنگ کرا، نەفی کراو لە ژیانی گشتیو کۆمەڵایەتی دوور خرایەوە» ، هەروەها فۆکۆ دەڵێ: لەو سەردەمەدا شێت هەبوون بەبەر چاوی خەڵکەوە سزا دەدرانو قامچی کاری دەکران، یاخود بەکاردەهێنران بۆ لاسایی کردنەوەی جۆرە یارییەکی پێشبڕکێی کە ڕاوەدوو دەنران، دواتر بەندکردنیان دەستی پێکردو ئەو یاریانە گواسترانەوە بۆ بەندگای شێتەکان کە ناونرا شێتخانە، واتە خەڵکی بۆ بینینی لێدانو قامچی کاریو داڕزاندنو سوکایەتی پێکردنی شێتەکان دەچون بۆ شێتخانەکان، وەک بەزمێکی کۆمەڵایەتیو بۆ خۆش ڕابوێری دەچوون، بە نمونە ساڵانە زیاتر لە

(96000) نەوەدو شەش هەزار کەس سەردانی نەخۆشخانەی شێتانی (بێتلهام) یان دەکرد لە لەندەن.

لەسەدەی حەڤدەهەمداو لەساڵی (1656) لەسەر بڕیاری پاشای فرنسا نەخۆشخانەی گشتی فراوان کرا، کەسانی نەخۆشو شێتو گوناهبارو لاتث پێکەوە زیندانی دەکران، هەموو ئەوانەی بەپێی عەقڵی (دێکارت) بە بێعەقڵ لە قەڵەم بدرانایە لە کۆمەڵگە دەردەکرانو بۆ ئەو مەڵبەندانە دەنێردران ، فۆکۆ ئەو کاتە دیاری دەکاتو شرۆڤەی دەکات کە لە پرێکدا جیا کردنەوەی گەورە لە نێوان دێوانەیی‌و عەقڵدا ئەنجام دەدرێ، دواتر ئەم جیاکردنەوەیە بە شێوەی دەزگایی‌و ڕێکخراو دەبێتو یەکەمین نەخۆشخانە بۆ نەخۆشانی دەروونی‌و بیمارانی ڕۆحی دروستث دەکرێن، بۆ یەکەمین جار لە ئەوروپا لەو نەخۆشخانانەدا چارەسەری دەروونی‌و بیماری ڕۆحی دەبنە بابەتێکو دکتۆرەکان کاری لەسەر دەکەن، شێتخانە وەک دەزگا، وەک دامەزراوەیەکی دابڕاو لە کۆمەڵگە، وەک شوێنێک بۆ شاردنەوەو جیاکردنەوەی ئەوانەی بە نەخۆش ناو دەبرێن دروستدەکرێث ، فۆکۆ دەڵێ: «لەم ساتەدا بۆ یەکەمین جار ئەوانەی بە دێوانە ناونوس دەکرێن هەم دەشاردرێنەوەو هەم لە شوێنێکیشدا کۆدەکرێنەوە، شێتخانەکان دەبنە سومبولی بەشە نەخۆشەکەی کۆمەڵگەو دەرەوەی شێتخانەکانیش دەبنە سەر زەمینی عەقڵو عەقلانیەث» ، کاتێکیش شێتەکان ناچارکران بەقسەکردنو گێڕانەوەی سەر گوزشتەی ژیانیانو خستنەڕووی ناخی خۆیان دەسەڵاتی دەروون پزیشکانی بەسەر شێتەکاندا زیادو پتەو کردو پەیوەندی (زانین - پزیشک)و دەسەڵاث ئاشکرا بوو ، لەم پەیوەندیەدا دەسەڵاتی دەروون پزیشکان بەسەر شێتەکاندا دەنەخشێنرێ، دکتۆرەکان نوێنەرایەتی عەقڵو عەقڵانیەث دەکەنو نەخۆشەکانیش نوێنەری دێوانەیی (شێث)ین، ئەم جۆرە لە پەیوەندی دەبێتە بنەماو بونیادی هاتنە

ئارای مۆدێلێکی نوێی دەسەڵات، ئەم جۆرە لە دەسەڵات کاری سەرەکی بریتییە لە چاودێری کردنی ڕۆحی ئینسانو کۆنترۆڵکردنو دیسپلینکردنی ناوەکی ئەو ڕۆحە، بە پێی خواستی ستراتیژە باڵاکانی دەسەڵات، ئەم ستراتیژەی دەسەڵات کە دواجار لە سەدەی بیستەمدا لەپەرگیرترین شێوەیدا (نەک هەموو شێوەکانی) نازیزمو فاشیزمی بەرهەمهێناو لێکەوتەوە، وە فۆکۆ باوەڕی وایە کە دروست کردنی شێتخانەکان تەنیا زانستی پزیشکی لەپشتیەوە ئامادەگی نەبوو، بەڵکو لە پاڵیدا دروستکردنی شێتخانەکان پرۆژەیەکیش بووە بۆ دابڕاندنو پەڕگیرکردنو شاردنەوەی ئەو بەشەی کۆمەڵگە بە ناوی دێوانەییەوە ، چونکە لە سەردەمی عقڵانیەتدا شێتی تەنیا دەرنەکرا، بەڵکو چەندان سیفەتی ناڕەوشتیو ڕەفتاری نامەعقولو نا ژیرانەو ناپەسەندی بەسەردا درا، کە هەمان پرۆسە لە پیشتردا بەرامبەر سواڵکەرو بێکارو هۆمۆسێکسواڵ (Homosexual)و بێ ماڵو حاڵەکان (vagrants)و سەرخۆشو مەستەکاندا ئەنجام درابوو.

بە بڕوای فۆکۆ لە چرکەساتی جیاکردنەوەی شێت لە عاقڵ ئیتر عقڵ سیستەمێکی چاوەدێریو کۆنترۆڵی گەورە دادەمەزرێنێ تاکو لە ڕێگەیەوە ئەو پرۆسەی جیاکاریەبپارێزێو بەردەوامیو شەرعیەتی زانستی پێ ببەخشێ ، «ئیتر شێتەکان وادانرا کە عەقڵیان نەخۆشو ناتەواوە، بۆیە دەبوو هەمیشە چاوەدێری بکرێن، لە ژێر ئاگاداریدا بن، لە جیاتی زنجیری دەستوپێ دەبوو ببنە ژێر فرمانی داوو دەرمان» ، ئیتر لەوە بەدواوە بەتایبەت لە سەردەمی ئێستاماندا بواری پزیشکی دیاردەی شێتی لە کەلتور سەندۆتەوەو بەم جۆرەش شێتی بۆتە نەخۆشیەکی عەقڵی.

## بەشی سێیەم: زیندان

### باسی یەکەم: زیندان — ئەشکەنجە:

بەر لە لەدایکبوونی زیندان سزاکان لە دەرەوە لە ناوچەیەکی قەرەباڵغو بە بەرچاوی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکیەوە ئەنجام دەدران، سزاکان لە شێوەی شانۆگەریو بەدڕندانەترین شێوەو پڕ ئازارترین جۆر بۆ هێنانەدی زۆرترین ترس لە دەروونی ژمارە گەلێکی زۆری خەڵکی بەڕێوەدەچوون، فۆکۆ لە کتێبی (دیسپلینو سزا – لە دایک بوونی زیندان)دا کۆمەڵێک ڕووداوی سزادانی ئەو کاتە باسدەکاتـ، لەگەڵ ووردەکاری لە ڕێوڕەسمی سزادانەکاندا، فۆکۆ بەسەرهاتی هەوڵێکی شکستـ خواردوو بۆ کوشتنی (لویسی پانزە) لە (ڤێرسای) لە 1757/3/2 دەخاتە ڕوو لە لایەن بکوژێکەوە بە ناوی (ڕۆبەرتـ دەیمیننز)، ئەم بەسەرهاتە لە فەسڵی یەکەمی قسمی یەکەمی کتێبی (دیسپلینو سزا)دا هاتووەو دەیمینز بەم جۆرە سزا دەدرێ: دوای وەستانی لەسەر سەکۆیەک، بە بەش بەشو پارچە پارچە لە گۆشتی (سەر مەمکی، قۆڵەکانی، ڕانیو ناو ڕانەکانی) بە شیشی سورەوکراو لێدەکرێتەوە، ئەو دەستەی کە چەقۆکەی پێهەڵگرتووە بۆ ئەنجامدانی کوشتنەکە (دەستی ڕاستی) بە تێزاب دەسوتێنرێ، وە لە هەموو ئەو شوێنانەی جەستەی کە گۆشتەکەی لێ دادەماڵرێ ئەوا (مسی تواوەی داخ، زەیتی لە کوڵ، مۆمو تێزاب) بە تێکەڵی ڕۆدەکرێن، پاشان چوار ئەسپ بە چوار پەلیەوە

(دەستەکان، قاچەکان) دەبەسترێن‌و ڕادەکێشرێ تاکو دەبێت بە چوار پارچەوەو ئینجا دەسوتێنرێ‌و لاشەی دەبێت بە خۆڵەمێش، خۆڵەمێشەکەش دەدرێتە بەر با، هەروەها فۆکۆ لەم ڕووداوەداو بەسەرنجدان لە جەللادەکە کە ناوی (سامسۆن–samson )ە ووردەکاری زیاتر باس دەکات: سامسۆن بە ئاستەم بۆی دەکرا ئەو هەموو گۆشتە لەسەر ئێسقان‌و سنگ‌و ڕان‌و قۆڵەکان داماڵێ، هەر بۆیە چەندان جار لە نیوەی کارەکەدا چەقۆ سورەکراوەکەی لە گۆشتە نیوە داماڵراوەکە دەردەهێنایەوەو جارێکی تر هەمدیسان دەستی پێدەکردەوە وە کاتێک چوار ئەسپەکە ناتوانن جەستەی تاوانبارەکە (دەیمنیز) بکەن بە چوار پارچەوە ئەوا دەیانکات بە شەش ئەسپ‌و پاشان بەهەشت ئەسپ، بەڵام هێشتا ئەسپەکان توانای ئەم کارەیان نابێ، بۆیە (سامسۆن) هاوکاریان دەکات‌و لەگەڵ ڕاکێشانی جەستەکە لە لایەن ئەسپەکانەوە، بە چەقۆیەکی گەورەی تیژ جەستەی تاوانبارەکە دەکات بە چوار پارچەوە ، ئەم جۆرە لە سزادان جگە لە ئامانجە ئەساسیەکەی خۆی کە ئازاردانی تاوانبارو لە ڕێگەشیەوە چاو ترساندنی خەڵک بوو ئەوا سزادان چەند ئامانجێکی لاوەکیشی هەبوو وەک دانان بە ڕەوایەتی سزایەکەو دانان بە وەی کە تاوانەکەی کردووە، وەک فۆکۆ ڕای وایە «دانپیانان ڕێوڕەسمێکە کە لە پەیوەندی دەسەڵاتدا دەردەکەوێت».

فۆکۆ باس لە کۆمەڵێک پرۆسەی دانپیانان لە سەدەی هەژدەدا دەکات، وە ئەم پرۆسانە هەندێ جیاوازی لە تەکنیکەکان‌و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دانپیانانەکاندا لە خۆیاندا هەڵدەگرن لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی باس لە ئاوێنە بوونی سزاو دانپیانان بکەین لەم جۆرانەی خوارەوەدا:

1– دانپیانان بە هەڵگرتنی لافیتە: تاوانبارەکە دەبوو دان بە تاوانەکەیدا بنێت، ئاشکرای بکات، ڕاستیەکە دەربخات( ئەو ڕاستیەی لەسەری

گیراوە)، لافیتە بنێ بە پشتیەوە بەسنگیەوە، لەسەر سەری وە بگەڕێ بە شەقامەکاندا، ئەو لافیتانە باسی سزاکە یان تاوانەکەو دانپیانانەکەی لەسەر نوسرابوو، دەبوو تاوانبار بەلافیتەکانەوە لە چەند ڕێگەیەکی جیاواز بوەستێ، بڕیار لە بارەی تاوانەکەیەوە لەسەر دەرگای کەنیسەکان هەڵدەواسرا، وە لە کاتی دانان بە تاوانەکەی تاوانبار بەپێی پەتیو بەنیوە ڕووتی لەسەر ئەژنۆ دەکەوتوو ڕایدەگەیاند کە ئەو ناشرینترینو قێزەوەنترین تاوانی کردووە، وە جارێکی تریش کە دەڕۆیشت بەرەو پەتی سێدارە تاوانەکەی ئاشکرا دەکردو دانی دەنا بە دادپەروەری ئەو سزایەی کە دەدرا بەسەریداو بەخۆڕاگریەوە بەرگەی سزاکەی دەگرتو هێزی دەدایە بەر خۆی تاکو گیان دەرچوونی.

2- دانپیانان لە ڕێگەی سزادان لەسەر سەکۆیەک: لەم جۆرەدا دانپیانان لە ژوورەکانی تاوانباراندا وەردەگیرا، کاتێک تاوانبارەکە هیچی نەدرکاندبا یاخود بەشێک لە ڕاستیەکانی دەشاردەوە، ئەوا دەبرا بۆ سەر سەکۆیەک بۆ سزادان تاکو دانپیانانی لێوەر بگیرێت، فۆکۆ دەڵێ: ئەو کاتەی سزادراوەکە بڕیار بوو سەربکەوێت بۆ سەر سەکۆیەکە، دەیتوانی داوای کاتی زیاتر بکات بۆ ئەوەی زانیاری تازە بدات، وەکۆی ئەو خەڵکەی بۆ بینینی شانۆی سزادانەکان لە دەوری سەکۆکە کۆدەبوونەوە هەمیشە چاوەڕێی ئەو گۆڕانە لە ناکاوانەیان دەکرد.

3- ئەشکەنجەدان لە شوێنی ڕوودانی تاوانەکە: خستنە ڕووی جەستەی حوکمدراوی تاوانبارەکە لە هەمان ئەو جێگەیەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە یاخود نزیک بەو جێگەیە، فۆکۆ بەسەرهاتی خوێندکارێک دەگێڕێتەوە لە ساڵی 1723 کە چەند کەسێکی کوشتبوو دواتر (دادگای سزادانی شاهانە) بڕیاریدا سەکۆی لەسێدارەدانەکە لەبەردەم دەرگای ئەو ئوتێلە دابنرێت کە تاوانەکەی تیا ئەنجام درابوو، یاخود سزادانی ئەو شوێنە لە جەستەی کە تاوانەکەی

پێ ئەنجام دەدرا وەک بڕینی زمانی ئەو کەسەی کوفری دەکرد، تەنانەت هەندێ جار سزایان بەسەر ئەو ئامرازانەشدا دەسەپاند کە لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا بەکارهاتوون وەکو ڕووپۆشکردنی ئەو چەقۆ بچوکەی (لە تاوانەکەدا بەکارهاتبوو) بە کبریت، پاشان بەستنەوەی بە دەستی تاوانبارەکەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ سوتانی تاوانبارەکەدا ئەویش (چەقۆکە) بسوتێت، وە کرێکارێک دوای ئەوەی خاوەنکارەکەی خۆی دەکوژێت دەنێردرێت بۆ شوێنی سزادانەکەی لە ناو عەرەبانەیەکدا ( کە پێشتر ئەو عەرەبانەیە بۆ کۆکردنەوەی زبڵ بەکارهێنرابوو) وە پەتێکی سێدارەی تیا هەڵواسرابوو، لە خوارەوەو لە ئاستی پەتەکە کورسیەک دانرابوو هەمان ئەو کورسیە بوو کە گەورەکەی (خاوەنکارەکەی) لە کاتی کوشتنەکەی لەسەری دانیشتبوو، تاوانبارەکە خرایە سەر کورسیەکە، جێبەجێکاری سزاکە هەستا بە بڕینەوەی دەستی ڕاستی تاوانبارەکەو فڕێیدایە ناو ئاگرەکەوە بەبەرچاوییەوە، دواتر چوار لێدانی بە چەقۆی گەورە (سانتۆری) بۆ کوشتنی تاوانبارەکە، یەکەمو دووەم چەقۆی لەسەریدا، سێیەمی لە قوڵیو چوارەم لە سنگی، پاشان کرا بە پەتی سێدارەکەوە تاکو مرد، دواتر جەستەی مردووی داگیراو سەری لە لاشەی جیاکرایەوەو کرا بە دەروازەی شارداو بەشەکەی تری لاشەی خرایە قوڵای (10) پێوە.

4- سزادان بە هێواشیو ئارامگریەوە لە بەرامبەر تاوانبارەکاندا جێبەجێ دەکرا، تاکو هاوارو ناڵە لە تاوانبارەکەوە دەردەچوو بە جۆرێک ئەو هاوارکردنە جۆرێک لە ڕاستی دەردەخست، ئازاردان درێژەی دەکێشا تاکو دانپیانان دەست دەکەوت، وە لەوانەبوو ژیانی ڕزگار بێت، ئەشکەنجەدانەکە پێش سزاکە دەکەوت هاوارو ناڵەی تاوانبار تەعبیری لەو سزایە دەکرد کە دەدرا بەسەریدا.

لە هەموو ئەو جۆرو نمونانە جگە لە سزادان ئەوا نیشاندانیش بووە

بۆ ئەوانی تر ، وە فۆکۆ ڕای وایە کە دواتر دەسەڵات دەیەوێت سیستەمی سزای بە جۆرێک بێت کە وەکو پرەنسیپێکی مرۆیی لەقەڵەم بدرێت ، واتە تاوانباران دەبرێنە ژوورەکانەوەو زانستو دادگاکان کاری خۆیان لەم ژوورانەی زیندانداندا دەکەن ،لێرەوە تەکنیکەکانی سزادان لەناو زیندانەکان بەڕێوە دەبرێت.

سزادان وەک دەرئەنجامی تاوان یاخود وەکو هێزێک بۆ تۆڵە کردنەوە لە تاوانبارە، بەواتایەکی تر سزادان کاتێک لە ئارادا دەبێت کە تاوانێک یاخود هەوڵێکو ویستێک بۆ ئەنجامدانی تاوان لە ئارادا بێت، لێرەوە دەسەڵات هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی سزاکە، هەر بۆیە سزادان وەکو پرەنسیپێک بۆ پیادە کردنی دەسەڵاتو نیشاندانی هێز زۆر بەربڵاوو بەرچاوە ، وە دەسەڵات بە پێی ویستو بەرژەوەندی خۆی توانای سزادانو کوشتن یاخود پێدانەوەی مافی ژیانی بە تاوانبار هەیە،بەڵام (گرین) ئەو ڕایە ڕەتدەکاتەوەو پێیوانیە کە ماف شتێک نەبێت، جگە لە دروستکراوی دەسەڵاتدار کە هێزی سزادانی لە دەستایەو خاوەنیەتی.

فۆکۆ ئەوە ڕوون دەکاتەوەکە سزادان کردەوەیەک نیە کە تەنیا دڕندانەو پڕ لە توندو تیژی بێتو هیچی تر، بەڵکو بە بڕوای فۆکۆ ئەشکەنجە حیسابو کتابی خۆی هەیە، کە ئامانجی دروستکردنی ئازارێکی حیساب بۆ کراوە، واتە ئەشکەنجە لەسەر بنەمای هونەری چەندایەتی پێکهێنانی پڕئازارترین جۆر دامەزراوە، واتە هونەری پاراستنی ژیانە لە ناو هەناوی قورسترین دەردو ئازار، واتە لەت لەتکردنی مەرگ بەسەر (هەزاران مردن) دا بەهۆی ئەنجامدانی وەحشیانەترین عەزاب بەر لە مردنی تاوانبارەکە.

دەسەڵات پاساوی سزاکانی بەوە دەداتەوە، کە دەیەوێت ڕێگە لە تاکەکان بگرێت لە زیانگەیاندن بە خۆیان و کۆمەڵگە، واتە سزادانی تاوانبار

هەر لەبەر ئەوە نیە کە ئەو تاوانبارە شایەنی ئەو سزایەیە لە بەرامبەر تاوانەکەیدا، بەڵکو بە پاساوی دەربڕینی هەستی توڕەی کۆمەڵگەیشە بەرامبەر تاوانبارو تاوانەکەی.

**سزادانی تاکەکان لە لایەن دەسەڵاتی دەوڵەتەوە بەلای هەندێ لە بیرمەندانەوە لەسەر چوار بنەماو بنچینە پاساو دەدرێ کە ئەمانەی خوارەوەن:**

1- سزادان وەک بنەمای قەرەبوو کردنەوە، یاخود تۆڵە کردنەوە.
2- سزادان وەک هۆکارێکی وەستێنەر لە تاوان، یاخود قەدەغەکار.
3- سزادان وەک ڕێگەیەک بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لە تاوان.
4- سزادان وەک ئامرازی چاکسازی کردن، یاخود نۆرماڵ کردنی تاوانبار تاکو بتوانرێ جارێکی تر بگەڕێندرێتەوە ناو کۆمەڵگە.

بنەمای یەکەم کۆنترین بنەمایە کە دەوەستێتە سەر ئایدیای تۆڵە سەندنەوە، واتا تۆڵە لە تاوانبارەکە بکرێتەوە کە ئەمەش ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە سەر بیرۆکە ئاینییەکە لەمەڕ گوناهـ، ئەم بنەمایە بەو جۆرە لە سزا دەگات کە تەعبیر لە هەستی ئەو کەسە دەکات کە تاوانی بەرامبەر کراوە، سزادان لەم ڕوانگەیەوە وەڵامی کردەوەی تاوانێکە، جگە لەوەی کە دەبێت سزاکە توندو دژوار بێت، ئەوا دەبێت ڕەنگدانەوەی چییەتی تاوانەکەش بێت ، لە دووەم پاساودا (سزا وەک قەدەغە کار) کەمتر پەیوەستە بەسزادان لە بەرامبەر ئەندازەی تاوان، بەڵکو زیاتر کار لەسەر سزا دەکات بۆ دروستکردنی هەڵسوکەوتی داهاتوی ئەوانی تر، وەک بێنتام دەڵێ: «قەدەغە کردنی گشتی پێویستە ببێتە کۆتاییەکی سزادان چونکە ئەم قەدەغە کردنە سەلماندنی سزادانە» ، لەسێیەم پاساودا سزا پارێزەری

کۆمەڵگەیە لە تاوانو لەسەر بنەمای بەدیهێنانی ئارامیو ئاسایشو سەلامەتی بۆ هاوڵاتیان پرۆسەکانی سزا بەسەر تاوانباراندا جێبەجێ دەکرێت، ئەم پاساوە لای زۆربەی حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆنیش بە بنەما وەرگیراوە چونکە بەوجۆرە لە سزایان ڕوانیوە کە هۆکارێکی جەوهەرییە بۆ سەرکەوتنی دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دا ، وە پاساوی چوارەم بەووردی لە ( زیندان- چاکسازی) لە سەری دەوەستین و شرۆڤەی دەکەین، هەر بۆیە زەروور نیە لێرەشدا لەسەری بوەستین.

سەرنجی فۆکۆ دەربارەی سزا یاساییەکان (ئەو سزایانەی پاساوی یاساییان هەیەو دەسەڵاتی دەوڵەت ئەنجامیان دەدات) هەر لەئەشکەنجەو کوشتنەوە تا دەگات بە زیندانی کردنو چاکسازی جیاوازە لەو تێڕوانینو باسانەی بەر لە فۆکۆو پەیوەست بەم بوارانەوە نوسراون، هەرچەندە ناونیشانی دووەمی (دیسپلینو سزا) لە دایک بوونی زیندانە، بەڵام فۆکۆ دەیەوێت لە ڕێگەی بەندینخانەوە مێژووی سزاکان تۆمارو شەنو کەو بکات، تا جەخت لەوە بکاتەوە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەوە وا دەرکەوت کە بیرۆکەی زیندانو بەندینخانە باشترینو کاراترینو عەقڵانی ترین ئامرازە بۆ سەپاندنی سزا ، بە بڕوای فۆکۆ سەرهەڵدانی زیندان پەیوەستە بە گۆڕانەکانی سزاوە، لە سەدەی هەژدەدا کاتێک ئەشکەنجەو لەسێدارەدانە شێوە شانۆگەریەکان جێگەیان بۆ گرتنو زیندانی کردن خۆشکرد.

لێرەدا مەبەست لە زیندان وەک جێگەیەک بۆ تاوانبارانو سزادانە، چونکە بەر لەو ماوەیەو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا گولەکان (ئەوانەی توشی نەخۆشی گولی دەبوون) بەند دەکرانو لە خەڵکی جیا دەکرانەوە، هەروەها لەسەدەی پانزە کەسانی ناسراو بەلاتو پوتو بێکەسو لەسەدەی حەڤدەوە شێتانو سواڵکەرو فەقیرو بێکارانیشی گرتەوە، بەڵام دواتر ئەو بەندگا

(زيندانه) زلو زەبەلاحانه دەورێکی تريان وەرگرت  که تياياندا لێپێچينەوەی سزايی بەشێوەيەکی نهێنیو له ژێر ڕێسای توندوووردو تۆکمەدا ئەنجام دەدرا ، تا ماوەيەکی زۆر دانپيانان له ڕێگەی سزادانەوە شێوازی باو بوو بەڵام دوای سەرهەڵدانی جوڵانەوەی ڕيفۆرمی ئايينی (لۆسەری-کاڵڤنی) شێوازێکی نەرمی ئايينی وەرگرتو له شوێنی ئاينی ئەنجامدەدرا، دواتر بەهۆی فراوان بوونی پەروەردەو بارهێنان له سەدەی هەژدەو تۆکمە بوونی پزيشکی له سەدەی نۆزدە ئيتر دانپيانان شوێنه ئاينيەکەی له دەستداو شوێنێکی تری دەستەمۆ کرد وەکو نەخۆشخانه.

**باسی دووەم: زيندان-بەرهەمهێنان:**

قۆناغی دووەمی زيندان بەکارهێنانی زيندانه وەکو ئامرازێکی وەبەرهێنانو کۆکردنەوەی سەرمايه، لەم قۆناغەدا بەکارهێنانی سزای جەستەيیو ئازاردان وەک شێوازێک له تۆڵه سەندنەوە کەم دەبێتەوەو بەکارهێنانی زيندانەکان بۆ وەبەرهێنانیو کارپێکردنيان جێگەی سزا جەستەييەکان دەگرێتەوە، وەزيفەی زيندان لەم قۆناغەدا له پاڵ وەبەرهێنان بريتيه له کۆکردنەوەی کەسانی زيندانی له چوارچێوەی زينداناو دابڕينيان له کۆمەڵگه بەجۆرێک له دەرەوەی زيندان نابينرێنو بەتەواوی له کۆمەڵگه دوور دەخرێنەوە، بەپێچەوانەی قۆناغی يەکەمی زيندان که تيايدا سزاکان بەبەرچاوی ئاپۆريەک له خەڵکی ئەنجام دەدران.

سەرهەڵدانی ئەم جۆره له زيندان پێشينەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زيندان وەک ئامرازی سزادان له پێناو ملکەچیو لارەملی، بەڵام ئەم قۆناغەی زيندان ئامرازەکەی جياوازه له قۆناغی پێش خۆی، واته ئامانجی زيندان له هەموو قۆناغەکانيدا هەريەک شته، ئەويش گوێڕايەڵیو کۆنترۆڵ کردنی

کەسی زیندانییە.

سەرهەڵدانی ئەم جۆرەی زیندان دەتوانین بگەڕێنینەوە بۆ بەر لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە، لەم سەردەمەدا بەشێکی زۆری زیندانەکانی هۆڵەندا لەسەر بنەمای ئیلتیزاماتی ئابوری دامەزرابوون، بەناوبانگترین دەزگا لەم نێوەندەدا (مازۆن دوفۆرس)بوو، لەوێدا تاوانبار (گوناهکار)و بەڕەڵاکانیان کۆدەکردەوەو ناچاریان دەکردن کاربکەن، واتە لێرەدا ئیلتزاماتە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکان لەگەڵ ئیلتزاماتە ئابوریەکان ئاوێتە کرابوون، چونکە ڕاگرتنو ئاگادار بوون لەزیندانەکان بودجەوخەرجیەکی زۆری پێویست بوو، هەربۆیە دەبوایە زیندانەکان ناچار بەکار کردن بکرێن بۆ ئەوەی خەرجی چاکسازیو پەروەردەیی خۆیان بدەن ، بەڵام بەشێوەیەکی جەوهەری لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانی پیشەسازیەوە دەسەڵاتو کارایی لەناو سیستەمێکدا لێک گرێدرانو فەزاو بەرهەم هێنان بەهۆی زانستی چاودێریو ئیڕوانین لێک بەستراون، واتە ئیتر لێرەوە کۆنترۆڵ پەیوەستدەبێت بەبەرهەمهێنانەوەو لەگەڵ بەرهەمهێناندا پەیوەندی پەیدادەکات،هەر بۆیە پێویست بوو مرۆڤی ناو زیندانیەکان کاربکەنو پیشەی تایبەتی فێربنو بەرهەم هێنبن، واتە دەسەڵات دەیویست تاکی ناو زیندانەکان بگۆڕێت بە کەسانی ئیشکەرو بەرهەمهێن، لە هەمانکاتدا بیانکات بە جەستەیەکی ڕامکارو دیسپلین کراو.

فۆکۆ دەڵێ: «هەندێ مێژوونوسو کۆمەڵناسی ئەڵمانی لیهاتوو هەبوون کە پاش تاوتوێ کردنی بابەتەکە گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەکە لە کۆمەڵگای بۆرژوازیو سەرمایەداریو پیشەسازییەکان کە بەهای سەرەکی تیایاندا تایبەت بوو بوو بەکار هاتنە سەر ئەو بڕوایەی کە بە سوودترین سزا بۆ تاوانبارەکان مەحکوم کردنیانە بەکاری زۆرە ملێ، بەڵام چۆن دەکرا ناچاریان بکەین کار بکەن؟ لە ڕێگەی حەبس کردنیان لە زیندانو ناچار

کردنیان بە ئەوەندە کاتژمێر کار لە ڕۆژێکدا».

(هانا ئارێنت) دەربارەی زیندان وەک ئامرازی وەبەرهێنان ڕای وایە ئەگەر تاک سزا بدرێت بە کاری زۆرە ملێ ئەوا وەک چۆن کار لە ڕوی قورسیەوە سنوردارە بەهەمان شێوەش لە ڕووی زەمەنەوە سنوردارە، هەروەها ئەوە تاکە زیندانیە هەندێ مافی لەسەر جەستەی دەبێت وەک ئەوەی ناخرێنە ژێر ئەشکەنجەو باڵادەستی ڕەهاوە، بەمەش مرۆڤ بەهای مرۆیی خۆی لەدەست نادات بەپێچەوانەی ئۆردوگاکانی نازییەوە کە تیایدا زیندانەکان لە هەموو بەهایەکی مرۆیی دادەماڵران.

**باسی سێیەم: زیندان — چاکسازی (نۆرماڵسازی):**

وەک لە قۆناغەکانی پێشوودا باسمان کرد، زیندان شوێنگەی سزای جەستەیی‌و کاری زۆرەملێیانە بوو، لە قۆناغی یەمەکیدا زیندان جێگەیەک بوو بۆ تۆڵە سەندنەوەلە تاوانباران بە ئازاردانی جەسنەیی، وە لە قۆناغی دووەمدا کە باسمان کرد وەکو دەرهاویشتەیەکی سەرمایەداری زیندان شوێنی وەبەرهێنان‌و کارکردن بوو، ئێمە لێرەدا باس لە زیندان دەکەین وەکو نۆرماڵگە، وەکو شوێنێک بۆ نۆرماڵسازی‌و چاکسازی‌و ئاسایی کردنەوەی زیندانیان تاکو بتوانن ببنەوە بەو کەسەی بەرلە تاوانەکە، یاخود ببنە کەسێکی ئاسایی ناو کۆمەڵگە، واتە باسکردنمانە لە شێوازی سێیەمی سزا کە فۆکۆ باسی لێوە دەکات ئەویش «زیندان‌و چاودێری‌و پاسەوانی بە مەبەستی نۆرماڵسازی وەکو بەرجەستە بوونی تەکنەلۆژیای مۆدێرنی دەسەڵاتی دیسپلینی».

فۆکۆ لە کەسە یەکەمینەکانە کە دەربارەی زیندان‌و سزا دواوەو

دەتوانین کتێبی (دیسپلینو سزا) وەکو چەکێکی گرنگی ئەم فەیلەسوفەدا بنێین بۆ دژایەتیکردنی جیهانی بەندینخانەو رەخنە گرتن لە هەلومەرجی بەندیخانە، تاکو دەگاتە رەخنە کردنی خودی پرەنسیپی بەندینخانە، وە داوای داخستنی بەندینخانەو زیندانەکان دەکات، ئەم کتێبەی فۆکۆ (دیسپلینو سزا)، کارێکی هەم دەگمەنو هەم پڕ بەها بوو بەتایبەت لەسەر ئاستی فەلسەفیو مێژوویی، گرنگیەکەی لەسەر ئاستی فەلسەفی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ئەفلاتۆنەوە تاکو ئێستا مەسەلەی زیندان مەسەلەیەکی ئامادەو قسە لەسەر کراو نەبوو لە شیکردنەوە فەلسەفیە بەناوبانگەکاندا، لەسەر ئاستی مێژوویش چونکە کۆی کارە مێژووییەکان بە هەموو جۆرو ڕێبازەکانیانەوە بەو جۆرە نزیک بە بەندینخانە نەکەوتوون وەکو دەزگایەک لە مێژووی مرۆییو شارستانی گەلاندا.

دەسەڵات ئامانجی لە سزادان یان نمایشی بابەتە سزایەکان لە شوێنە گشتیو قەرەباڵغەکان تەنیا نۆرماڵسازیو پەروەردەکردنی ئەخلاقی نەبوو بەڵکو دەیوست لە ڕێگەی بەکارهێنانی وردی تەکنیکە ئیداریەکانی مەعریفەو دەسەڵات گۆڕانکاری رەفتاری هەم لەجەستەو هەم لە ڕۆحی تاوانباردا پێکبهێنێت ، هەر بۆیە ئاساییە کە دەسەڵات دواجار گۆڕانکاری لە جۆری سزاکاندا بکات، چونکە گرنگترین شت بۆ دەسەڵات ئەوەیە کە خۆی تاکەکان کۆنترۆڵ بکات، هەر ئەم ئامانجەش جۆری سزاکان دیاری دەکات، وەک ئەوەی فۆکۆ باوەڕی وایە کە نابێت حەپسو زیندان تەنیا وەکو دەزگایەکی سەرکوت وەبەرچاو بگرین، بەڵکو گەرەکە کە لە هەمان کاتدا وەکو فرمانو ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزیش حیسابی بۆ بکەین، واتە تێڕوانینی فۆکۆ بۆ زیندان بەو جۆرەیە کە سەر لەنوێ ناسینی شێوازی پێکهێنانی تەکنیکی دەسەڵاتێکی تایبەتی لە خۆ دەگرێ، بەڕای فۆکۆ سزا

هەم سیاسیەو هەم حقوقی، ئەم دەربڕینە لە سەر وەستانی پێویستە چونکە هەرچەندە ناونیشانی لاوەکی (دووەمی) کتابی دیسپلینو سزا (لە دایک بوونی زیندان)ە بەڵام بەووردبوونەوە لەم نوسراوە دەردەکەوێت کە جەوهەریەتی بابەتی لێکۆڵینەوەکە زیندان نییە، بەڵکو لە ڕێگەی زیندانەوە قسەکردنە لەسەر تەکنەلۆژیای دیسپلین ، واتە زیندان وەکو دامەزراوەو بونیادێکی سەرەکی کۆنترۆڵکارو دیسپلینکار گەشە دەکاتو پەرەدەسێنێ، کە مۆدێلی تەکنیکەکانی وەکو خوێن لە نێو جەستەی کۆمەڵگەدا بە گشتی دێتو دەچێت ، واتە ئامانج لە زیندان حەپسو سزادان ڕێگە گرتن لە تاوان یاخود چاکسازی کردنی تاوانبارو پشتیوانی کۆمەڵگە نیە ، بەڵکو زیندان ئامرازێکە بۆ لارەملێو دروستکردنی جەستەو ڕۆحی کۆنترۆڵکراو.

فۆکۆ شرۆڤەی سزا وەکو ئامرازی دانپیانانو درکاندن پەیوەستدەکات بە دەسەڵاتی دیسپلینو زیندانی مۆدێرنەوە لە پێناو گۆڕینی تاک بۆ بوونەوەری ئیعترافکەرو ڕای وایە کە دانپیانان سەرچاوەیەکە بۆ درکاندن، وە دانپیانان دەسەپێنێتو هەڵدەسەنگێنێت بۆ داوەریکردن، ئەم کارە پاساو دەکرێ لەسەر بنەمای ڕێساگەلێک کە تیایدا دەربڕینی ڕووتو پەتی، سەربەخۆ لە ئاکامە دەرەکیەکانی، وە گۆڕانکاری گەلێکی دەروونی لای درکێنەر بەرهەم دەهێنێت، وەفۆکۆ ڕای وایە پاساوی شنگەلێکی تریش دەکرێ وەک ئیعتراف دەربازو ئازادی دەکات، پاکژی دەکاتەوە باری گوناهەکانی لەسەر شانی لا دەباتو بەڵێنی ڕزگاری پێدەدات ، بەبێ ئەوەی جەوهەری ڕاستەقینەو پڕ خوازەی لە پێناو کۆنترۆڵو داگیرکردنی بوونیەی مرۆیی دەربخات، وەک لە کتێبی (سیستەمی چاودێری باڵادەست بەسەر هەموو کەسو هەموو جێیەکدا) کە بەرهەمی (جێرمی بێنثام)ەو تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی تاوان، یەکێکە لە سەرچاوەکانی سیستەمی تازەی زیندان ، بەڕوونی دەردەکەوێت.

فۆکۆ ڕایوایە کە «ئەو ڕۆشناییەی کە ڕۆشنگەری لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت دەبێتە تیشکێک بۆ ڕوناککردنەوەی ژووری زیندانەکان، تا زیندانەوان چاکتر بتوانێت دیلەکانی خۆی ببینێتو کۆنترۆڵیان بکات، دەبێتە ڕۆشناییەک ناوەوەی مرۆڤ ڕۆشن دەکاتەوە تا زیاتر دیسپلینیان بکات، دەبێتە کەرەستەی ڕونکردنەوەی هەرچی زیاتری مرۆڤو سەندنەوەی تەواوی تایبەتمەندییەکانی تا بکرێت بە باشترین شێوە کۆنترۆڵ بکرێت».

سیستەمی نوێی زیندان کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە سەری هەڵدا وەکو تاقیگەیەک بەکارهێنرا بۆ لێکۆڵینەوەی تاوانەکانو پێکهێنانی کۆمەڵێک مەعریفە لە هەمبەر تاوانبارو تاوانەکان، واتە بەسەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای دیسپلین مەیدانێکی ئایدیال بۆ سەرهەڵدانی خودێک دەرکەوت، کە لە یەک کاتدا هەم بابەتی توێژینەوە زانستیە نوێیەکان بوو هەم بابەتی دەسەڵاتی دیسپلینی، بەم جۆرە دەروونناسی زانستی لە دایک دەبێتو لە ناو زیندانەکان هەلی کارو گەشەکردنی زۆری بۆ دەڕەخسێ، واتە زیندان بەکار دەهێنرێ بۆ پرۆسەی نۆرماڵسازیو چاکسازی، واتە زیندان جێگەی مامەڵەو چاککردنەوەی مرۆڤە دەروون نەخۆشەکانە، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ناوی چاکسازی بۆ زیندانەکان زیاد بکرێت،هەر لەبەر ئەمەش بوو کە «تێکۆشەرو شۆڕشگێڕانی کورد کاتێ لە لایەن بەعسەوە دەگیران لە زیندانی ئیسلاحیەدا بەند دەکرانو وەک نەخۆشی سایکۆلۆژیو دێوانە مامەڵە دەکرانو دەبوایە لە زیندانەکانی بەعسدا ببنەوە بە مرۆڤی ئاسایی».

دواجار ئامانجی دەسەڵات لە زیندان بەر لە چاکسازی کۆنترۆڵە، بۆئەوەی دەسەڵات هێزی خۆی بەسەر جەستەی ئینسانەکاندا گرەنتیو زامن بکات، ئەوا پێویست بوو لەشو جەستە دەزگایی بکرێت، ئەو دەزگایانەش وەکو زیندان، نەخۆشخانە، کارخانە، سەربازگە، فێرگەو زانکۆ، شێتخانە...

هتد، دەبوو زانینو ئاگایی بەردەوام دەربارەی مرۆڤە دەزگایی کراوەکان بەدەستێ بهێنرێ، لە زیندان چاوی چاودێرو پاسەوان سەرچاوەی ئەو زانینە بوون ، لێرەوە سیستەمە سەرانسەر بینییەکەی (بێنتام) کاریگەری قوڵی دەردەکەوێت، فۆکۆ ڕای وایە کە «سیستەمی سەرانسەر بین بۆ خۆی دەبێت وەکو نمایشی میکانیزمەکانی دەسەڵات کە گەیشتۆتە شێوە ئایدیالەکەی خۆی بناسرێت، ڕەفتارەکەی کە لە هەر چەشنە بەربەستێو بەرگریو ململانێیەک ڕزگاری بووە، دەبێ وەکو سیستەمی بیناسازی یان سیستەمێکی چاودێری بێگەرد پیشان بدرێت، ئەم سیستەمە لە ڕاستیدا شێوەیەکی تەکنەلۆژیای سیاسیە»، بنەمای سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیاکانی زیندانو سزایشە، چونکە سیاسەتەکانی چاودێری کردنو تواناکانی دیسپلین تەنیا کۆمەڵێک پاسەوانو بەڕێوەبەرو بەرپرسی زیندانو قوتابخانەو سەربازگەو کارگەکان هەڵگروخاوەنی نین، بەڵکو ئەم توانایە لە شێوازی دروستبوونو بەڕێوەبردنو تەلار سازی دەزگاکان خۆشیاندا بەرجەستەیە.

واتە «زیندان برێتیە لە مۆدێلی دەسەڵاتێک کە توانایەکی بێسنوری هەیە لە دیسپلینکردنو چاودێریکردندا، شوێنێکە دەسەڵات تیایدا لە خۆهەیمەنەیدایە، ژیانی ئینسان تیایدا لە دۆخی کۆنترۆڵێکی سەرتاسەری دایە» ، واتە زیندان لە پێناو کۆنترۆڵی مرۆڤەکان بەهێزترین دەزگای دەسەڵاتی دیسپلینە.

دواجار دەسەڵات لە دونیای مۆدێرن کۆمەڵێک دەزگا دروست دەکات لە سەر شێوازی زیندانو لەسەر مۆدێلی زیندان دروستکراونو تیایاندا زاتی ئینسان بە شێوەی زاتێکی دیسپلینکراو دروست دەکرێت، دەسەڵات لەم پێناوەدا مۆدێلی زیندان دەگوازێتەوە بۆ قوتابخانەو کارخانەو بیمارستانو سەربازگەو زۆرێک لە دامودەزگاکانی تری ناو کۆمەڵگە، بەواتایەکی تر

زیندان دەبێتە ئەو شێوازەی کە دەسەڵات لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا کاری پێدەکات، لێرەدا زیندان بە مانای ئازاردان نا، بەڵکو بەمانای دروستکردنی مرۆڤی ملکەچو گوێڕایەڵو کۆنترۆڵکراو.

**بەشی چوارەم: دەسەڵاتی سەرکوت:**

سەرکوت وەکو خواستی دەسەڵات لەبنەڕەتیەتی پەیوەندیەکانی دەسەڵاتدا دروست دەبێت، کاتێک کە دەسەڵات ئامادەگی هەبێت سەرکوت دەردەکەوێت، لە دەرەوەی دەسەڵات پرۆسەی سەرکوت نییەو کاتێک دەسەڵات نەبێت شتێکیش بەناوی پرۆسەی سەرکوت کردنەوە نابێت، واتە بوونی سەرکوت بەستراوە بە بوونی دەسەڵاتەوە، بەڵام مەرج نییە کە دەسەڵات هەبوو ڕاستەوخۆ سەرکوتیش هەبێت، واتە بەبێ دەسەڵات سەرکوت نیە، بەڵام دەشێ دەسەڵات هەبێتو سەرکوت نەبێت، چونکە دەسەڵات جگە لە دەسەڵاتی سەرکوت جۆری تریشی هەیە، کە دەشێ دەسەڵاتی دروستکەرو بنیاتنەرو بەرهەمهێنەر بێت، هێزی ناوەکیانەی دەسەڵات جگە لە سەرکوت هێزی تریشی تیایە، ئاخاوتنی ئێمە لێرەدا قسە کردنە دەربارەی سەرکوت وەکو ناوەڕۆکی دەسەڵاتی چەپێنەرو ڕامکار، واتا قسەمانە لەسەر سەرکوت کە دەچێتە جەوهەریەتی دەسەڵاتەوەو، لە زمانی فۆکۆوە ئەو بنەڕەتیەی کە بە گۆڕانی شۆڕشەکان ناگۆڕێتو وەکو خۆی بەردەوامی دەکێشێت.

نا توانایی شۆڕشەکان لە گۆڕینی بنەڕەتەکانی دەسەڵات بە ئاسانی لە دەرئەنجامەکانی کاپیتالیزمو سۆسیالیزمدا دەردەکەوێت، ئەم دوو سیستەمە وەکو دەرهاویشتەی مۆدێرنێتەو ڕۆشنگەری بەناوی خۆشبەختی مرۆڤەوە سەریان هەڵدا، بەڵام لە قوڵاییاندا لەسەر وەک یەک لێکردنی مرۆڤەکانو

سڕینەوەی جیاوازیەکان دروست بوون(هەردوو سیستەم کە هەڵگری جەوهەرێکی سەرکوتن) دەیانەوێت جیاوازی مرۆڤەکانو کەلتورەکانیان بسڕنەوە، ئەم مەیلە ناوەکیە بەهێزەی یەکڕەنگ کردن کە ئەم دوو سیستەمە هەڵیان گرتووە، لە بنەڕەتدا سەدای ئەو ڕۆحە میتافیزیکییەیە کە ئەم دوو سیستمە لەسەری بەندنو ڕاوەستاون، واتە ڕۆحی نەفی کردنی جیاوازیەکان، ڕۆحی کارکردن بەمەرجەعیەتێکی باڵا کە لە سەروی هەموو جیاوازیەکانەوەیە.

هێزی سەرکوت نەک تەنیا لە جەوهەری دەسەڵاتی دەرەکیدا بەڵکو لەو دەسەڵاتەشدا هەیە کە مرۆڤ لە ناخی خۆیدا بەرامبەر بە خۆی هەیەتی، واتە لە (دەسەڵاتی ناوەکی)شدا ئامادەیە، هەر بۆیە بەدیدی فۆکۆ دەبێ مرۆڤ بەردەوام سەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا بەجۆرو ئەندازەیەک بێت کە نەبێت بەکۆیلەی خۆی، ئەمەش جەختکردنە لەسەر ئەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات تەنیا لە ناو کۆمەڵگەدا نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە تاک لەگەڵ خۆشیداو لەهەناوی خۆشیدا هەیەتی، ئەمەش ڕەنگدانەوەیە لەسەر ئەوەی کە چاودێری خۆ، جۆرێک چاودێری کردنیشە لەسەر کەسانی تر.

فۆکۆ لە پێناو (خۆ ئازادی) داوای ئیرادەی سەربەستی تاک دەکات هەم لەدەسەڵاتی ناوەکی خۆییو هەم لە دەسەڵاتی دەرەکی، ئەم هەڵوێستەی فۆکۆ لەسەرنجەکانی بۆ خۆپیشاندانەکانی (1979،1978)ی ئێراندا دەردەکەوێت، فۆکۆ ئیرادەی گشتیو ئازاد لە ئێرانو لەو خۆپیشاندانەداو لە کوچەو شەقامەکاندا هەست پێدەکات ، ئەم هەڵوێستانەی فۆکۆ پەیوەندی هەیە بە نوسینەکانیەوە دەربارەی دەسەڵاتو مەترسیەکانی مۆدێرنێتی ، چونکە وەک باسمان کرد دەرهاویشتەکانی مۆدێرنێتی (سۆسیالیزمو

کاپێتیالیزم) هەڵگری دیدی سەرکوت بوون، ئەوەتا فۆکۆ خۆی لە (خواستی تێگەیشتن)دا دەڵێ: «دوای سەدان ساڵ کەشی کراوەو دەربڕینی ئازاد چاخی سەرکوت لە سەدەی حەڤدەیەمدا دەستی پێکردو ئەم ئاخێوە لەگەڵ گەشەی کاپیتالیزمدا خۆی گونجاندو خرایە پاڵ سیستەمی بۆرژوازیەوە».

دەشێ ئەم جۆرە دەربڕینە تاریکاندنی سەردەمی مۆدێرنێتی بێت، بەڵام لە لایەک مۆدێرنێتی وەکو دەرهاویشتەیەکی مرۆکردی پڕ مەئەساتە، ناشرینترین هەڵوێستەکانی جەنگو دڕندەترین ئەشکەنجە بارودۆخی مرۆڤ کردەن و ئەم هەڵوێستانە لە جەنگەکانی سەردەمی مۆدێرنێتی دوای سەدەی (17) دەرکەوتن، لە لایەکی ترەوە فۆکۆ دەڵێ: «مەبەستی من ئەوە نییە کە هەموو شت خراپە، بەڵکو ئەوەیە کە هەموو شت ترسناکە، گەر هەموو شت ترسناک بێت کەواتە هەمیشە دەبێت دەست بەکاربین».

جۆرێکی تری سەرکوت کە فۆکۆ لەبارەیەوە دەدوێ بریتیە لەسەرکوتی جنسی، فۆکۆ پرۆسەی سەرکوت تەنیا لە سەرکوتی سیاسیدا کورت ناکاتەوە، بەڵکو لە بەرامبەر گریمانەی سەرکوتکردندا تەفسیری جیاواز بۆ پەیوەندیەکانی سێکسواڵیتە، هەقیقەت، دەسەڵات، جەستە، تاک دەخاتە ڕوو، واتا فۆکۆ لەم لایەنەوە گریمانەی سەرکوتو دەسەڵاتی چاودێریکەر بەسەر ژیاندا لە پاڵ یەک دادەنێ، فۆکۆ سەرکوتی جنسی لە پەیوەست بەسەر هەڵدانی کاپیتالیزم شی دەکاتەوەو ڕای وایە کە سێکسواڵیتە تەنها پەراوێزێکە بەسەر چیرۆکی واقعی مێژوویی پەیدا بوونی سەرمایەداریەوە، بەڵام پێیوایە پەراوێزێکی گرنگە چونکە لە سیستەمی سەرمایەداریدا سەرکوت کردن شێوازی گشتی دەسەڵاتە ، فۆکۆ ڕایوایە «سەرکوت خاڵی بنەڕەتی پەیوەندی نێوان دەسەڵات، زانستو سێکسواڵیتە بوو، دەرباز بوون لێی ئاسان نیە مەگەر بەنرخێکی زۆر گران، ئەمەش ڕوونتر دەکاتەوەو لە

(خواستی تێگەیشتن)دا دەڵێ: بەستنی چاوو گوێکانو هەر جێگایەک کە سێکسی تێدایە، بەڵگەیەکە بۆ بێدەنگی گشتیو بەئەنقەست، ئەمانە دەتوانن تایبەتمەندی سەرکوتبن کە سەرکوت جیا دەکەنەوە لە قەدەغەییەکانی یاسای پەتی سزادان،سەرکوت ڕێک وەک حوکم بەبزربوون بوو، هەروەها وەک حوکم بە بێدەنگی، پەسەند کردنی نەبوونیو، دەرئەنجام بەڵگەیەک لەسەر هەرچییەک کە نابێت لەبارەیەوە نەقسەیەک بکرێو نەبینرێو نەلێی بەئاگا بێ.

**باسی یەکەم: سەرکوت:**

سەرکوت لە سادەترین مانای دا، بەواتای هەڵوێستی دەسەڵاتێکە کە ناتوانرێت هیچ کارێک بەئەنجام بگەیەنێت جگە لە ناچار کردن بەملکەچی، و کۆی کارەکانی بەهۆی هێزو دەسەڵاتەکەیەوە دەکات لە دەرەوەی نیناقی زانینو ئاگایی مەعریفی.

بۆ دیاری کردنی ویستەکان دەسەڵاتی سەرکوت دەبێت شرۆڤەی کۆی ئەو گۆڕانە جەوهەریانە بکەین، کە لە پەیوەندییەکانی هێزدا هەیە لەگەڵ لایەنی هێزدارو هاوپەیوەند بەجۆری چینەکانی کۆمەڵگەو بابەتەکانی دادگەری کۆمەڵایەتیو هەموو ئەو ئامرازو شێوازانەی کە پایەکانی دەسەڵات پێکدەهێننو ئەندازەی ڕەنگدانەوەی هەموو ئەوانە لە چوارچێوەی دەقو ڕێسا یاساییەکانو جۆرو ئامانج لەسەپاندنو ڕەنگ دانەوەو دەرهاویشتەو کاردانەوەکانی لە کۆمەڵگەدا، چونکە دەشێ جیاوازی هەبێت لە یاسا وەکو دەقو یاسا وەکو پراکتیک، سیستەم وەکو ئەوەی لەدەستوردا هەیەو ئەوەی لە مەیدانی پراکتیزەکردندا دەگوزەرێ، چونکە دەسەڵاتی سەرکوت هێزو بەردەوامی خۆی زۆر کات لە مەخفی کردنی بەرژەوەندی خۆی، یاخود

له مەخفی کردنی خۆی وەکو هێزی داپڵۆسیندا دەبینێنەوە، تاکە ئامرازی شاردنەوەی ڕووی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی سەرکوت دەستورو یاساکانیەتی.

فۆکۆ ڕایوایە دەسەڵاتی سەرکوت «سەرکەوتنی تەریب دەبێ لەگەڵ سەرکەوتنی لەشاردنەوەی میکانیزمەکانیدا» و نهێنی پارێزی لە ئالیەتو بەرنامەکانیدا، واتە یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکیەکانی دەسەڵاتی سەرکوت شاردنەوەی هێزی داپڵۆسێنەرانەو سەرکوتانەی خۆیەتیو دەستورو یاسا دەکاتە دەمامکی خۆی بۆ دروستکردنی ڕوویەکی مرۆڤانەی درۆیینە لە پێناو جوان نیشاندانی خۆیدا، تاکو بتوانێ بەردەوامی بەسەرکوت کاری بدات.

خەسڵەتێکی تری دەسەڵاتی سەرکوت چاودێری کردنو دیسپلین کردنە، (مەریوان وریا) ڕایوایە کە ڕەخنەی سەرەکی میشێل فۆکۆ لە قوتابخانەی فرانکفۆرتو بەتایبەت لە مارکۆزە ئەوەیە کە ئەوان دەسەڵات بە چەپاندنو سەرکوت کردن یەکسان دەکەن، لە کاتێکدا فۆکۆ پێیوایە دەسەڵات بەرهەمهێنە ، هەروەها کاک مەریوان ڕای وایە کاتێک فۆکۆ باس لە دەوڵەتی چاودێریکەرو دیسپلینکەر دەکات ئەوا بەمانای سەرکوت نایەت.

ڕاستە چاودێری دیسپلین خودی سەرکوت نییە، بەڵام دەشێ دواجار بچێنە یاخود بخرێنە خزمەتی سەرکوتنەوە، کاتێک لە (حەفتاکانو هەشتاکان) ی سەدەی ڕابردوودا کوردانی لادێکانی باشوری کوردستان ڕادەگوێزرێنە ئۆردوگا زۆرە ملێکانەوە بۆ چاودێری کردنو دیسپلینکردنیان ئەوا لە ڕێگەی ئەم ئۆردوگایانەوە پرۆسەی سەرکوت کردن بەتۆکمە تری بەڕێوەدەچێتو دەبێت کۆی ژیانی دانیشتوانی ئەو ئۆردوگایانە بەپێی ئەو پلانانە بێت کە دەسەڵات نەخشەی بۆ دەکێشێ، ئەگەر نا لە ڕێگەی سزادانەوە ناچار دەکرێن.

نمونەیەکی تری پەیوەندی نێوان چاودێریو دیسپلین لەگەڵ سەرکوتدا

له ڕژێمی تۆتالیتاریو بەتایبەت لەژێر دەسەڵاتی (نازی)دا بەرچاو دەکەوێت.

ڕژێمی تۆتالیتار خاوەنی دەزگا گەلێکی پۆلیسییە، ئەرکیان ئەوەیە هەر کاتێک حکومەت بڕیاریدا توێژێک لە دانیشتوان داگیربکات ئەوا دەبێ جێبەجێی ئەو کارە بکات، پۆلیسی نهێنی خەسڵەتێکی هەیە لە ڕووی سیاسیەوە کە تاکە دەزگایە بەشداری لە نهێنیەکانی دەسەڵاتی باڵا دەکات، لەم ڕێگەیەوە ڕژێمی تۆتالیتار توندو تیژی پێڕەو دەکاتو وەک ئامرازو ئامانجو ستراتیجی دوورخایەنیش توندو تیژی دەکاتە پاسایەکی حەتمی کە پاساو و حەتمیەتی زانستیو مێژوویی پێدەبەخشێ، واتە تەنیا پەنا بۆ توندوتیژی فیزیکی نابات، بەڵکو توندوتیژی ڕەمزیو عەقڵیەتی زانستگەریو حەتمیەتی مێژوویش بەهەند وەردەگرێ، تاکو پاساوی سزاکانی بداتەوەو شەرعیەتیان پێبدات، بەم پاساوانە هەر کاتێ هاوڵاتی بە ڕەزامەندیو نەرمی پابەندو گوێڕایەڵ نەبوو ئەوا بەناچارو زۆرلێکردن ملکەچ دەکرێ.

لێرە دەگەینە دوو خەسڵەتی تری دەسەڵاتی سەرکوت، ئەوانیش توندوتیژی ڕەمزیو ئۆردوگا زۆرە ملێکانە، توندو تیژی ڕەمزی بەکۆمەڵێک ڕەهەندی ترسناکەوە لەسەر ئاستێکی فیکری باڵا دەردەکەوێت، بەتایبەتی لەناو دامەزراوە پەروەردەییو دەزگا دامەزراوە دەوڵەتیەکانی کە خاوەن سیستمێکی بەڕێوەبردنی تایبەتو ئاڕاستەی کارکردنی تاکەکانیان کۆنترۆڵ کردووە.

(بۆردیۆ) پێناسەی توندو تیژی ڕەمزی دەکات بە «بریتیە لە هەر ئۆتۆریتیەک هەوڵی بەکارهێنانی یان سەپاندنی دەلالەتێکی دیاریکراو بکات، لەم سەپاندنەدا وەک دەلالەتی شەرعی تەماشای بکاتو پەیوەندییە هێزەکانی خۆی تیادا بشارێتەوەو هێزی خودی تایبەتی خۆی بۆ ئەم هێزە زیاد بکات، واتە ببێتە خاوەنی ڕەمزیەتێکی تایبەتی».

ئۆردوگا زۆرە ملێکان خەسڵەتێکی تری دەسەڵاتی سەرکوتە،

دەسەڵاتْ لەم ئۆردوگایانەدا هێزی خۆی دەنەخشێنێو بەسەر جەستەو ڕۆحی تاکەکاندا پیادەی دەکاتْ.

لە ڕوانینێکی ئاسایدا ئەم ئۆردوگایانە بێسود دەردەکەون، بەڵام بە ڕۆچونەقوڵاییان دەردەکەوێتْ کە گرنگترین دەزگای پاراستنی دەسەڵاتی سەرکوتن، چونکە ئەوەی لەم ئۆردوگایانەدا دەبینرێ (بەتاییبەتْ لە ئۆردوگاکانی نازی)دا ئەوا تەنیا بۆ کۆنترۆڵو دیسپلینو چاودێریو لەناوبردنو سوکایەتی مرۆڤەکان دروستْ نەکراون، بەڵکو تیایاندا مرۆڤ دەخرایە پرۆسەی لەمرۆڤخستنەوە، واتا دەسەڵاتْ هەوڵیدەدا ناخی مرۆڤەکان بڕوخێنێو کەسایەتی تاکەکان بە جۆرێک بگۆڕێ، کە نەک لە مرۆڤی ئاسایی بەڵکو لە ئاژەڵیش نەچن،بەواتایەکی تر بیانکاتْ بەشتێکی ڕووتْو هیچی تر ، پرۆسەی دیسپلین لەم ئۆردوگایانەدا بەشێوەیەکی ووردو پتەو بەڕێوە دەچێ بەجۆرێک کە مرۆڤەکان بەسەر گروپی بێماناداا دابەش دەکرێن، بەڵام ئەم گروپانە لە ڕوانگەی ڕێکخستنو چاودێییەوە زۆر گرنگو بەسودن بۆ دەسەڵاتْ، وەک دابەش کردنیان بەپێی ئاین، بەپێی تاوان، بەپێی باکگراوندی سیاسی، ڕەگەزی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، تەمەڵیو کەمنەرخەمی...هتد، بەم جۆرە ئاسانتر پرۆسەی کۆنترۆڵکردنیان جێبەجێ دەکرا.

کاتێک دەسەڵاتدار دەسەڵاتی خۆی زیاتر لەو دەسەڵاتەی بەپێی ڕێکەوتنێک پێیدراوە بەکاربباتْ، دەتوانرێ بەکاربردنی ئەم جۆرە دەسەڵاتە بەسەرکوتْ کردن بشوبهێنرێ، بەواتایەکی تر دەسەڵاتی ڕەوا سنورداره و دەسەڵاتی ڕەها ستەمکارو سەرکوتکارە.

کاتێک لە دیمانەیەکدا کەسێک بەناوی(بۆنسێن) لە فۆکۆ دەپرسێ

کە: بۆ شیکردنەوەی دەسەڵاتْ دەبێتْ بەر لە هەر ئەزمونێکو بەپێی پێناسە بیبەستینەوە بەسەرکوتکردن؟، فۆکۆ لە وەڵامدا دەڵێ: بەڵێ ڕاستە ، کەوابوو دەسەڵاتْ لە ژێر دەمامکەکەیدا هێزی سەرکوتی خۆی حەشارداوە، دەسەڵاتْ هەرگیز کۆڕایەکی نییە، بەڵام هەمیشە هەوڵ دەداتْ زۆرترین ڕەزامەندی بەدەستْ بهێنێ بۆ دڵنیا بوون لە پاراستنو بەردەوامی باڵاییەکەی، کاتێک دەسەڵاتْ ناچار دەبێتْ دەمامکەکەی خۆی لابداتْو واقیعیەتی خۆی دیار بخاتْ، ئیتر توندوتیژیە کانی بەسەر جەستەدا دەنەخشێنێو هێز بەکار دێنێ، جوڵە ڕادەگرێتْو هەموو شتێک دەبەخشێتْو دەکاتە قوربانی جگە لە (شکۆ)یەکەیو ئەوەی شکۆمەندی پێدەبەخشێ، لە پێناو بەردەوامی دەسەڵاتیدا هەموو شتێک وێران دەکاتْو دەرگاکان بە ڕووی هەموو ئەگەرەکاندا دادەخاتْ.

لێرەدا جۆرێک لە دەسەڵاتْ سەر هەڵدەداتْ (دەسەڵاتی سەرکوتْ) کە پێویستْ بە ڕەزامەندی خەڵک ناکاتْ، (بێرتراند ڕاسل ) ئەم دەسەڵاتە وێنا دەکاتْ بەو دەسەڵاتەی کە قەساب بەسەر مەڕدا هەیەتی، بەو پێیەی کە ڕەزامەندی خەڵک لە خۆ ناگرێ ، واتا دەسەڵاتێکە لەسەر خوێن وەستاوەو بە خوێن بەردەوامی دەکێشێ.

سەرکوتْ کردن وەکو گریمانەیەک ڕەگی لە کلتورێکدا یە کە دەسەڵاتْ بەو جۆرە دەناسێتْ کە تەنیا سنورداڕێتیو نەفی کردنو ناچار کردنە، دەسەڵاتێکە وەک هەڕەشە بۆ سەر عەقڵو تێگەیشتنی ڕەخنەی دەردەکەوێتْ، دەسەڵاتێکە داوای گوێڕایەڵییەکی بێ پرسیارو بێ مەرج دەکاتْ، داوای متمانەیەکی بێڕەخنە لە حوکم کردنی ئەوانی تر دەکاتْ، ئەمەش لە ڕووی دەروونیەوە بەواتای ئارەزووی زاڵبوون یان سەرکوتکردن دێتْ ، فۆکۆ دەڵێ: «نامەوێتْ بڵێم کە هێزو دەسەڵاتْ لە کۆمەڵگەیەکی

وەک کۆمەڵگەی ئێمەدا (فەرەنسا) زیاتر ئاسانگەرە ئاسەرکوت کەر».

هەروەها دەشڵێ: «نامەوێ پرسیار بکەم کە ئێمە بۆچی سەرکوت کراوین؟، بەڵکو دەمەوێت پرسیار بکەم بۆچی بەم هەموو گڕوتینەوە، بەم هەموو ڕقو توڕەییەوە دژی ڕابردووی نزیکمان دژی ئێستاکەو خۆمان، دەڵێین کە سەرکوت کراوین».

فۆکۆ دەڵێ: کەسانێک پێمدەڵێن کە قبوڵ کردنی ئەم سەرکوتە لە لایەن خەڵکانێکی زۆرەوە پەسەند دەکرێ لەبەر ئەوەیە کە ئەم سەرکوتە لە بواری مێژووییەوە بەڵگە نەویستەو سەلمێنراوە ، کە دەتوانین ئەم بەڵگە نەویستنییە ببەستێنەوە بە پەیمانی کۆمەڵایەتیەوە وەکو شەرعیەت پێدەری دەسەڵات.

بەڵام فۆکۆ سەرهەڵدانی (سەرکوت) دەگەڕێنێنەوە بۆ سەرمایەداری بەو پێیەی «لەسیستەمی سەرمایەداریدا سەرکوت شێوازی گشتی دەسەڵاتە».

هەروەها فۆکۆ دەڵێ: «سەردەمی حەڤدەهەم دەسپێکی چاخی سەرکوتە، چاخێک تایبەت بە کۆمەڵگەیەک کە بە بۆرژوازی دەناسرێت‌و ئێمە وادیارە هێشتاش لەو چاخە ڕزگارمان نەبووە».

پەیوەندی سەرکوت لەگەڵ سەرمایەداریدا دەتوانین بگێڕینەوە بۆ سەرەتاکانی دروست بوونی سوپای دیسپلین‌و ڕێکخراو، یەکەمین شێوازەکانی سەرهەڵدانی سوپا دەگەڕێتەوە بۆ بەرلەسەرمایەداری‌و لە کۆمەڵگە کشتوکاڵیە سەرەتاییەکاندا سەریهەڵداوە، بە هۆی جەنگە بەردەوامەکانی ئەو کۆمەڵگایانە لەگەڵ دەوروپشتی خۆیان وە ئەو کاتە هەموو ئیمپراتۆرەکان خاوەنی سوپای ڕێکخراوی خۆیان بوون، وە هەموو سوپاکانی ئەوکاتە بە ئەرستۆکراتی خاوەن زەوییەوە بەسترابوون ، ووردە ووردە گۆڕانکاری لە جۆری سوپاکاندا ڕوویداوە لە نێوان ساڵانی (1550–1650) سوپاکان ڕێکخراوتربوون لە ڕووی

کەلوپەلو جلوبەرگی سوپایی‌و دیسپلینی سەربازییەوە، پلەو هێما ئاییەتیەکان هەر لەو کاتەدا سەریان هەڵدا.

لەو سەردەمانەدا بایەخی گەورە دەدرا بەو سوپایانە، پاشاکان زۆربەی کات لە جیاتی پارە زەویان بەسەربازەکان دەدا، ئەمەش بەجۆرێک لە جۆرەکان بەشدار بوو لەدروست بوونی چینی دەرەبەگ، هەروەها ئەفسەرانی سوپا باجیان لـێ وەرنەدەگیرا چونکە دەگوترا ئەمان باجی خوێن دەدەن، ئەم گرنگی پێدانەی سوپا درێژەی کێشاو تا لەسەردەمی (لویسی چواردە) لە فەرەنسا ژمارەی سەربازان گەیشتە (400000) چوار سەد هەزار سەرباز کە ئەوسا فەرەنسا (23) ملیۆن دانیشتوی بوو، هەروەها سەردەستی‌و دەستوەردانی سوپا لە ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەردەمی ناپلیۆندا گەیشتە چڵە پۆپەی خۆی، سوپای پرۆفیشناڵی نەتەوەیی لەسەدەی نۆزدەوە سەری هەڵدا، هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم جۆرەی سوپا دەگەڕێتەوە بۆ شەڕەکانی ناپلیۆن لە کۆتای سەدەی هەژدەو شەڕەکانی سەربەخۆیی ئەمریکا لە ساڵەکانی (1775–1783).

لە سەدەی نۆزدەیەم بەدواوە ئامانجی تاکەکان داواکاری ژیانەو ژیان وەکو پێویستیە بنچینەییەکان ، هەر بۆیە لەو سەردەمەدا جەنگەکان بەر لەوەی بەناوی دەسەڵاتدارەوە هەڵبگیرسێن، ئەوا بەناوی بونیەت‌و بەرژەوەندی‌و پاراستنی گشتییەوە بەرپا دەکران، هاوڵاتیان بانگهێشتی جەنگەکان دەکران بۆ کوشتن گوایە لە پێناوی ژیاندایە، واتە ژیان دەکرێت بە قوربانی بەناوی ژیان دۆستی‌و پێویستی مانەوەی ژیان.

دەسەڵات ئەم کارە بەجۆرێکی تر دەکات، کۆمەڵێک دەکوژێت لە پێناوی کۆمەڵێکی تردا، کۆمەڵێک دەجەنگن، دەکوژن، دەکوژرێن لە پێناو کۆمەڵێکی تردا تاکو ئارام‌و خۆش ڕابوێری بژین، وەمانەوەی ئەم کۆمەڵە

زۆر جار بەلای دەسەڵاتەوە پاساوە بۆ هاندانی جەنگاوەرەکان، ئەگەرنا ئامانج لە کوشتارگەو جەنگەکان نەک پاراستنی کۆمەڵێکە بەڵکو پاراستنی خودی دەسەڵاتە، وەک فۆکۆ دەڵێ: «گەر کۆکوژی بەدروستی خەیاڵی دەسەڵاتە نوێ باوەکانە، نەک بەهۆی گەڕانەوەی ئەمڕۆژینی مافی دێرینی کوشتن، بەڵکو لەو بوارەوەیە کە دەسەڵات لە ئاستی ژیان، چەشنەکان، ڕەچەڵەکەکانو دیاردە گشتگرەکانی حەشیمەتدا جێگربووەو دەسەپێت».

لێرەوە پەیوەندی دەسەڵاتی سەرکوت بە سوپاوە بەتەواوی دەردەکەوێت، کە مردن دەبێت بەپاوانی دەسەڵات، مردن لە دەرەوەی دەسەڵات دەگۆڕێت بۆ نهێنی ترینو تایبەتی ترین ساتی بونیەت، بەئەندازەیەک خۆکوژی دەبێت بە تاوان ، چونکە تەنیا دەسەڵات خاوەنی کوشتن دەبێت.

هەر بۆیە ئەوەی لە جەنگدا بکوژرێ بۆ دەسەڵات دەکوژرێو ئەوەی لە جەنگ خۆی بدزێتەوەو ڕابکات، ئەوا بە دەستی دەسەڵات دەکوژرێت، واتە مردن پاوانی دەسەڵاتە، یان بەدەستی دەسەڵات دەمرین یان بۆ دەسەڵات دەمرین.

مردن وەک لوتکەی سەرکوت، وەکو ئەوپەڕی توانای سەرکوت پاوانی دەسەڵاتە، کەواتە دەسەڵات لە جەوهەردا دەچێتەوە چوارچێوەی سەرکوتەوە.

فۆکۆ بەشە جۆراوجۆرەکانی گریمانەی سەرکوت کردن بەبەشە سەرەکیەکانی پەیوەندییەکانی نێوان هەقیقەتو دەسەڵات دەزانێتو فۆکۆ وەکو کەسێک ئەژمار دەکرێت کە هەڵگری بیری ئەنتی دەسەڵات خوازی بووە، ئەم مەیلە دژ بە دەسەڵات خوازیە لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوو گەشەی زۆری بەخۆیەوە بینی ، زۆر لە سەرنجەکانی فۆکۆ باسی دەکات

دەربارەی گریمانەی سەرکوتکەرانە لە کتێبی (مێژووی سێکسواڵیتە)دایە، کە دەسەڵات وەک سەرکوت کردن پێناسە دەکات، یاخود وەکو کوتو بەندکردن ، وەک ئەوەی فۆکۆ دەڵێ: «دەسەڵات بەناچار سەرکوتکەرەو لەبەر ئەوەی دەسەڵات خراپە هەر بۆیە دەبێت فاکتەرێکی نێگەتیڤ بێ«.

**باسی دووەم: جنسیەت:**

قسە کردن لەسەر جنسیەتو سێکسواڵیتە لە پەیوەست بەدەسەڵاتەوە مەودای بەرفراوانی دوانی دەوێتو پێویستی بە لێووردبوونەی زۆرو قوڵ هەیە، وە لەوانەیە کەمێکیش ئاڵۆز بێت، چونکە پەیوەندیەکانی جنسیەتو دەسەڵات لە لایەکەوە بەهۆی ڕایەڵی نادیارەوە ڕوودەدەنو هەندێ جاریش بەئاشکراو لە ڕێگەی هێزو سەرکوتەوە، هەندێ جار دەسەڵات کاریگەری ئەرێنی (اجابی)و ئاسانسازی بەجنسیەت دەبەخشێو هەندێ جاری تریش سنورداری دەکاتو ئاڕاستەی بەرژوەندییەکانی دەسەڵاتی دەکاتو زۆر جاریش قەدەغەو یاساغی دەکاتو دەیخزێنێتە ژووری خەوی دایکو باوکانەوە، بۆیە سێکسواڵیتە چ وەک لێتوێژینەوەی ئێستاییو چ وەک مێژوو بەشێک لە پرۆژەیەکی بەربڵاوترە کە ئەنجامدانی کاتی زۆرو قسەی زۆری گەرەکە، فۆکۆ دەیەوێت ئەو لایەنەی جنسیەت ڕوون بکاتەوە کە گۆڕانی بۆچونمان لە مەڕ سێکس پەیوەندی بە ڕوانینمان بۆ لەش(جەستە) نییە، چونکە سێکس تەنیا ئاماژە نییە بە خۆدەرخستنی لەش وەک بابەتی سێکسی حەزلێکراو، بەڵکو زیاتر وابەستەیە بە تەکنەلۆجی خۆ و تێگەیشتنمان لە خۆ و تەکنەلۆجی دەسەڵات.

«یەکێک لە بڕگە بنەڕەتیەکانی جنسیەت وەک سیستەم یاخود سیستەمی

سێکسواڵته هاوکاث لەگەڵ تەکنەلۆژیای جەستە سەرهەڵدەداث، بەتایبەث لەمەسیحیەتی کلاسیکو بە پشث بەستن بەسیستەمەکانی پێوەندیو ڕێساکانی زاڵ بەسەر پەیوەندیدا» ، بەڵام پەیوەندی تۆکمەیی جنسیەتو دەسەڵاث (دەسەڵاث چ وەک دیسکۆز، چ وەکو کردارو پۆسث دیسکۆز) دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەم، چونکە بەر لەو ماوەیەو لە سەدەی حەڤدەیەم لە ئەوروپای خۆرئاواییو بەتایبەث لە فەرەنسا فۆکۆ لە مێژووی جنسیەتدا دەڵێ: «هەڵسوکەوتەکان ڕاشکاوانە بوون، گوتارەکان بێپەردەو ڕووکێش، لادانەکان ئاشکرا، جەستەکان ڕووتدەبوونەوەو بەسانایی لەگەڵ یەکتری تێکەڵ دەبوون، مناڵان ڕووهەڵماڵراو، بێڕەچاوکارو بێشەرم لە نێوان پێکەنینی گەورەکاندا دەبزووتن، لەشەکان خۆ نوێنیان دەکرد» ، بەبڕوای فۆکۆ ئەمە جۆری پەیوەندی نمونەییە لە نێوان نێرو مێ، بەڵام ئەم پەیوەندییە نمونەییە باڵایەی بەردەوام بە تێپەڕینی کاث هەڵهاتن و دوو دڵی سەرەتای هەموو گرنگییەکە، بابەتی خۆشەویستی بە کۆتا نایەث، لەبەر ئەوە وەک بوەسث(بەربەسث) لە نێوان ژن و پیاو نابێ.

لە دوای ئەو ماوەیەوە ئیتر بەدرێژایی سەدەی هەژدەیەم جنسیەتو دەسەڵاث لەپەیوەندی تۆکمەدا بوونو پەیوەسث بە مەسەلە پەیوەندیدارەکان بە دانیشتوانەوە بوون، وردە وردە هەنگاوی تر نرا سەبارەث بەجنسیەتو لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدە گۆڕانی گەورە ڕووی داو جنسیەث لە قاڵبی پزیشکیو ساخڵەمسازیدا چەسپێنرا ، لێرەوە زانستی سێکسی خۆی گرێدابە پزیشکیەوە کە کاری پزیشکی لەو کاتەدا کارێکی پێداگرانە، بێڕەچاوکاری، چەواشەکاری، بەدەسثو برد لە یارمەتیدانی یاسا بوو زیاتر لەوەی ملکەچی ویسثو داواکاریەکانی ڕاستیو حەقیقەث بێث، زانستی پزیشکی لەو کاتەدا لە باشترین حاڵەتیدا نەخوازراوو ساویلکە بوو، لە زۆربەی بوارەکاندا

بەئەنقەسٹ درۆزن، هاودەسٹ بوو لەگەڵ ئەوەدا، کە ئیدانەی دەکرد، ئەم زانستە لە پشٹ چێژە ئاڵۆزەکانەوە کۆمەڵێک دەسەڵاتگەلی دەخواسٹو خۆی بەژێدەری باڵای پێویستییەکانی پاکو خاوێنیو تەندروستیو ساخڵەمسازی دادەنا، هەروەها بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هێزو توانای جەستەو نەزاهەتی مۆراڵی (ئاکار پاکی)کەرەستەی کۆمەڵایەتی دەپارێزێٹ ، بەمەش لە هەوڵی ڕاکێشانی ئاپۆرای خەڵکدا بوو بۆ ژێر باڵی خۆی، چونکە هەروەک (تۆماس هێل گرین) ڕای وایە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئەخلاقییەو هەردەم بەدوای (پوختیو بێکەمو کورتی) مۆڕاڵیدا دەگەڕێٹ ، لەپاڵ کەوتنە ژێر دەستی پزیشکی، هێشتا جنسیەٹ لەژێر دەسەڵاتی گوتاری ئاینی ڕزگاری نەبووبوو، واتە چێژو شەهوەتی جنسی لەگەڵ گوناهـو ئەخلاقی ئاینی لێک گرێدرابوون، بەمەشەوە نەوەستاو لەتەک ئەمانەوە کاربەدەستانی پۆلیسیش دەستیانوەردایە کاروباری جنسیەٹو فەحشاو مەسەلەی تەندروستی دانیشتوانو سەلامەتی پزیشکیانو چاودێری جنسیەتیان ئەستۆ گرٹ،واتە لەگەڵ ئەوەی هێشتا دەسەڵاتی ئاینی پاشەکشەیەکی ئەوتۆی لەناوکایەی کۆمەڵایەتی ئەوروپیدا نەکردبوو، بەڵام دەسەڵاتی دەوڵەتی مۆدێرن هاتو لە ڕێگەی یاساوە کاری لەگەڵ جنسیەتدا دەکردو هەوڵی ئاڕاستەکردنی جنسیەتیدا، لەپێناو سەقامگیریو وەکو ئامرازێک کۆنترۆڵی حەزی بەکارهێنا بۆ بەدیهێنانی ئەم ویستەی.

دەسەڵاٹ لە ڕێگەی هێزەکەیو لەبەرامبەر چێژی جنسی کەوتە خۆنمایشو بەسوک دانانی سێکسواڵیتەو هەوڵدان بۆ ڕاگیرو کۆنترۆڵکردنیو خۆنوێنی، بەمەش جگە لە چاودێری پۆلیس بۆ سۆزانی خانەکان، پتەوی چاودێری دایکو باوک بەسەر مناڵە هەرزەکارەکانیەوە، مامۆستا بەسەر قوتابی، پزیشک بەسەر نەخۆشو پزیشکی دەرونی بەسەر نەخۆشە هستریو

شێنەکانەوە، تەئکید کردەوە، مامۆستا توانای لێپرسینەوەی ئەو خوێندکارانەی هەبوو کە جوڵەیەکی لەزەت نوێنی جنسیان دەکردو لە نەریتی باو لایان دەدا، ئیتر چێژی جنسی لە لایەن هێزی دەسەڵاتەوە ئابڵوقە دەدریٚو دەسەڵات ئەو چێژە دەچەسپێنێت، کە لە حەشارگەکەی دەریکێشاوە، پشکنینی پزیشکی، لێکۆڵینەوەی دەروون پزیشکانە، ڕاپۆرتی پەروەردەیی، کۆنترۆڵە خێزانیەکان، چاودێرییە پۆلیسیەکان بەشداری کارای بەدیهێنانی ئەم ئامانجە گشتگیرو ڕواڵەتیانەی دەسەڵاتیان هەیە ، سەپاندنی هێز بەسەر جنسیەت لە تەواوی ئاستەکاندا یەکسانە، واتە دەسەڵات لەسەرتاخوار لەم پەڕ بۆ ئەوپەڕ بڕیاردانەکانو چاودێرییەکانی بەشێوەیەکی هەستیارو بەشێوەی یەک فۆرمو یەکپارچە ئەنجامدەدات، لێرەوە بەریەک کەوتنی سێکسو دەسەڵات ڕوودەدات، چونکە عەشق ئەو چرکە وجودیە دەبێت کە عاشق بەلوتکەی دلێریو (خود دەسەڵات)ی دەگات، عاشق جگە لە دەسەڵاتی سۆزی خۆی دەسەڵاتی تر ناخوێنێتەوە، عاشق لێو ڕێژ دەبێ لەدەسەڵات ، لەم بەریەک کەوتنەوە هەرگیز پەیوەندیەک لە نێوان دەسەڵاتو سێکسدا دروست نابێت مەگەر شێوەی نەرێنی بێت (دورخستنەوە، گەڕانەوە، بەرپێگرتن، خۆشاردنەوە یان دەمامک لێدان) دەسەڵات ناتوانێت کاری بەسەر سێکسو چێژەکانەوە هەبێت، مەگەر ئەوەی (نا) یان پێبڵێت، دەسەڵات هیچ بەرهەم ناهێنێ جگە لە ڕێگری کردن، هەوڵ دەدات لێکترازانو پچڕانەکان ئاسایی بکاتەوەو بیانکاتەوە بەنەریتی باو، وە پەیوەندییەکانو ئەوانەی بەیەکەوە نوساون جیا دەکاتەوەو سنورو چوارچێوەیان بۆ دیاری دەکات، کاریگەریەکانو شوێنەوارەکانی دەسەڵات جۆرێکی گشتی ڕێگریو فۆرمێکی تری بەربەستو نەبوون بە خۆوە دەگرنو بنیاتدەنێن.

**تەوەرەی یەکەم: جنسیەت وەک ئامرازی وەبەرهێنان:**

له لاپەڕەکانی پێشوماندا لەگەڵ شرۆڤەکردنی جنسیەتدا باسمان له پەیوەندی جنسیەتو دەسەڵات کردو مەوداو ڕەهەندەکانی ئەم پەیوەندیەمان بەکورتی ئاماژە پێداو تارمایی دەسەڵاتمان له دەستێوەردانی جنسیەتدا خستە ڕوو، لەم باسەشماندا هەر باس لەدەست تێوەردانی دەسەڵات دەکەین له چێژو سێکسواڵیتەدا، بەڵام ڕەهەندێکی ئەم دەستێوەردانە شەنوکەو دەکەین ئەویش بەکارهێنانی جنسیەتە له پێناو وەبەرهێناندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرمایەداری چ وەک پرۆژەو چ وەک سیستەم، له ژێر سەرنجەکانی (میشیل فۆکۆ)دا کە له مێژووی سێکسواڵیتەدا ئاماژەی بۆ کردووە.

بەبڕوای فۆکۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی سەرمایەداری پیشەسازی سەدەی نۆزدەهەم کە فۆکۆ ناوی دەنێت سەرمایەداری دواکەوتوو (spat kapitalismus) بۆچوونێک سەرهەڵدەدات برینییە له ڕێگە گرتن لەبەفیڕۆدانی ووزە، واتە دەبێت هەموو هێزەکان له پێناو بەرهەمهێناندا خەرج بکرێنو بەکارببرێن، ئیتر لێرەوە جنسیەت له چێژ دادەماڵرێو له پاڵ وەچەخستنەوە ئامرازێکیش دەبێت بۆبەدەست هێنانی سەرمایەو دەخرێتە خزمەت وەبەرهێنانەوە، واتەسێکس دەچێتە بازاڕەوەو نرخی لەسەر دادەنرێو دەبێت بەبەشێک له ئابوریو له ژێر سایەی سیستەمی سەرمایەداری دا لەشفرۆشخانەکان (سۆزانی خانە) برەو دەسەنو سێکس له چێژ دادەماڵرێو دەکرێت بە ئامرازی وەدەست هێنانی پارە، لەسەرەتادا

سەرمایەداری جنسیەتیان وەکو مەترسی تەندروستی دەستنیشان کردو خەڵکیان ئاگادار کردەوە لە مەترسیەکانی ئەو نەخۆشیانە، دواتر کۆمەڵێک دەرمانخانەو نەخۆشخانەو کلینکیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی نەخۆشیە جنسیەکان دامەزراندو پاشان بەپێی ڕێنمایی پزیشکیو لەژێر سایەی کۆمەڵێک ڕاپۆرتی ئاڵۆزی پزیشکی دەستیانکرد بەدامەزراندنی سۆزانی خانە مۆڵەت پێدراوەکانو هەوڵدان بۆ ڕێکخستنیو چاودێری کردنیان ، چونکە سەرمایەداری ڕای وابوو کە دەبێت وەکو بابەتێک قسە لەسەر سێکس بکەین کە نابێت وەلابخرێو مەحکوم بکرێ، بەڵکو دەبێت بەڕێوەببرێو لە سیستەمە سوودمەندەکاندا بگونجێنرێو بۆ زۆرترین سوودو دەستهات وەگەڕبخرێ، پەیوەستکردنی جنسیەت بە پزیشکییەوە لە لایەن سەرمایەدارییەوە بۆ ئەوە بوو، کە پرۆسە جنسیەکان ڕێک بخاتو چاودێرو ئاڕاستەیان بکات، لەم پێناوەشدا جنسیەت لە سەر شەقامو ناو کۆمەڵگە گواسترایەوە بۆ ژووری خەوی دایکو باوک لە لایەکو لەشفرۆشخانەکان لەلایەکی تر، سۆزانی خانەکان تەنیا شوێنی لەشفرۆشیو لەشکڕان بوون.

فۆکۆ لە (خواستی تێگەیشتندا) ڕوونتر لەم مەسەلەیە دەدوێ و ڕای وایە کە جنسیەت (لە سەدەی نۆزدەیەم بەدواوە بەبەرژەوەندیەکی ئابوری بێئەژمارەوە مسۆگەرو بەهێز کراوە، بەرژەوەندییەک بە ودمی ناوبژیوانی پزیشکی، دەروون پزیشکی، سۆزانیگەری لەشفرۆشی، نواندنی کاری سێکسی (پۆرنۆگرافی) هەم گرێی خواردووە بە پەرەستێنی شرۆڤەییانەی چێژو هەم بەچوونە سەرەوەی دەسەڵاتی کۆنترۆڵکاری ئەم چێژە، چێژو دەسەڵات یەکتر ناسرێنەوەو دژ بە یەکترنین، ئەوان بەدوای یەکەوەن، دەچنە سەر یەکترو پاڵنەری یەکترن بەرەو پێشەوە، دەسەڵاتو چێژ بەپێی ئالیەتە ئاڵۆزو نەرێنییەکانی وروژاندنو هەڵخراندن شەتەک دراون بەیەکەوە.

هەروەها فۆكۆ لە هەمان سەرچاوەدا دەڵێ: «سێکس ئەو بەشەی جەستە نییە کە بۆرژوازیەت دەبێت پوچەڵی بکاتەوە تا ئەوانەی لە ژێر دەستیدا ناچار بکات بەکار» ، واتە بۆرژوازیەت جنسیەت بێبەها ناکاتو پشنگوێی ناخات، بەڵکو دێتو پەروەردەی دەکات، ماکیاژی دەکاتو ڕێکلامی بۆ دەکات لە پێناوی سەرمایەگوزاریدا، سەرمایە گوزاری سێکسی دەبێت بەبەشێک لەسەرمایە گوزاری بۆرژوازیەتو پایەیەکی ئابوری گرنگی ئەم سیستەمە پێکدەهێنێ.

بۆرژوازیەت سەیری جنسیەت دەکات وەکو پرۆسەیەکی کۆنترۆڵ کراوو وەبەرهێنەر بۆیە دەبێ هەموو باسو خواسێک لە بارەی سێکسواڵیتەوە لە ژێر چاوەدێری دەسەڵاتدا بێت، هەر بۆیە لەسەدەی نۆزدە بەدواوە قسە کردنی ڕاشکاوو بوێرانە لە بارەی جنسیەتەوە وەکو هێرش لە دژی چەپاندنو کردەیەکی سیاسی لە قەڵەمدەدرا، هەروەها ڕزگاری سێکسیو ڕووخانی سەرمایەداری وەک بەشەکانی یەک بەنامەی سیاسی لە قەڵەمدەدران، واتە هەر قسە کردنێک لە بارەی سەربەستی جنسی وەک دژایەتیو نکۆڵی لە دەسەڵات ئەژماردەکرا، هەر، بۆیە جنسیەت کۆنترۆڵو چەپێنرا، چونکە ئازادی جنسی لەگەڵ ویستو مەبەستی سەرمایەداریدا نەدەگونجا، کە دەبوایە هەموو هێزەکان لە خزمەتی بەرهەمهێناندا کۆنترۆڵو ئاڕاستە بکرێن، دەسەڵات بۆ کۆنترۆڵکردن جنسیەتی لە چوارچێوەی یاسادا بەندکردو بەووردیو بەپلانەوە لە سۆزانی خانەو ناوماڵەکاندا بەگەڕی خست، واتە لە پاڵ سەرمایە گوزاریدا جنسیەتی لە هاوسەرایەتیدا پەرەپێداو بەتەواوەتی لە کردەی وەچە خستنەوەدا تواندییەوە ، هاوسەرایەتی لای (هیگڵ) هەمان ئاڕاستە وەردەگرێتو (هیگڵ) ڕای وایە کە پێکهێنانی خێزان تەنیا پەیوەندی بەسۆزداریو ئیرادەی ئەو دووکەسەوە نییە کە هاوسەرایەتی دروست دەکەن

(هیگڵ) جگە لە پێدانی رۆڵی گرنگ بە عەقڵ ئەوا پێی وایە کە دەبێ ئامانج لێی خستنەوەی منداڵو تۆکمە کردنی ژیانی دەوڵەتیش بێت ، فۆکۆ ڕای وایە کە جنسیەت لەوەبەدوا تایبەتکرا بە سنورو چوارچێوەی ناوماڵو تەنانەت لە ماڵیشدا بۆ ژووری خەوتنی دایکو باوک بەرتەسککرایەوە، یاسای بێدەنگی داسەپێنراو سانسۆر حاکم کرا، جنسیەت خاڵی کرا لە چێژو لەزەتو کەیفخۆشیو کرابە ئامرازی وەبەرهێنانو قازانجگەرا.

**تەوەرەی دووەم: چەپاندنی جنسیەت:**

چەپاندنی جنسی لە لایەن دەسەڵاتەوە پەیوەستە بەو ئامرازو تەکنیکانەی دەسەڵات کە بەسەر سێکسدا دەسەپێنرێ، کاتێک دەسەڵات توانای کۆنترۆڵو ئاڕاستەی سێکسی نابێت، یاخود لاواز دەبێ، ئەوا پرۆسەکانی چەپاندنو خەفەکردنو سەرکوت دەستپێدەکات، لێرەوە «پرسی جەستە، هەستەکان، ناوەڕۆکی چێژ، نهێنیترین جووڵەکانی (خود-ویستی)و فۆرمە ناسکەکانی چێژو ڕەزامەندی هاو پەیوەند بە سێکسواڵیتە بە جۆرێک سەرهەڵدەدات، کە پەیوەست بەزانستو تەکنەلۆژیای دەسەڵاتێکەوە کە لە سەرەتادا لەسەر پەیوەندی جێگیر بوو» ، پاشان ئەم پەیوەندییانەی دەسەڵات چەپاندنی جنسیەت بەرهەم دێنێ، زانست بۆ کۆنترۆڵو یاسا بۆ چاودێریو بنەما کۆمەڵایەتیەکان بۆ ئیرشاداتو ڕێنوێنیو هێز بۆ سەپاندنو سەرکوت هاوکاری دەسەڵات دەکەنو چەپاندنی جنسی بەشێوەی ڕێکخراوو گشتگیرو سەراپایی جێبەجێ دەکەن.

لەم ئاستەدا فۆکۆ پەیوەندی سێکسو دەسەڵات بەم شێوەیە دیاری دەکات «چێژ چاودێری کراوی کردەی دەسەڵاتێکە کە دەپرسێتەوە، بۆسەی بۆ دەنێتەوە، کۆنترۆڵی دەکات، لێیدەکۆڵێتەوە، بەووردی دەپشکنێتو

ئاشكرادەكاتَ، بەڵام لە لایەکی ترەوە چێژێکی تر بە بادانەوە لەم دەسەڵاتە، هەڵهاتن لێی، هەڵخەڵەتاندن یان چەواشە کردنی سەر هەڵدەداتَ» ، لە لایەکەوە هێزی دەسەڵاتَ بۆ چەپاندنو لە لایەکی تر بەرگری تاکەکان بۆ سەربەستی جنسی، تاکەکان مومارەسەی جنسیەتیان لە دەرەوەی خوازەی دەسەڵاتَو ڕێساکان ئەنجامدەداو دەسەڵاتیش هەموو ئامرازەکانی کۆنترۆڵی بەکاردەهێناو فۆکۆ ڕای وایە «لە هەر کوێیەک ئەم چێژانە هەلی سەرهەڵدانیان بوایەتَ ئالیەتەکانی چاودێری دەچەسپا، داوگەلێک بۆ ناچارکردن بەدانپیانان دەنرایەوەو گەلێک گوتاری بێکۆتاییو چاککراو دەسەپا».

جنسیەتَ لە شیکردنەوەکانی فۆکۆدا ڕەهەندێکی مێژووی پێدەدرێو فۆکۆ ڕای وایە کە لە ماوەی سەدەی هەژدەیەم جۆرێک قسە کردن لەبارەی سێکسەوە سەری هەڵدا کە سیاسی، ئابووری، تەکنیکی بوو، لە شێوەی شیکاری، شرۆڤەکاری، ژمێریاری، پۆلێنبەندیو دیاریکردن بوو، لە ماوەی سەدەی نۆزدەو بیستدا دەوڵەتَ پێویستَ بوو بزانێتَ کە سێکسی شارۆمەندانو جنسیەتی هاوڵاتیانی بە چ جۆرو شێوەیەکەو چۆن لە پێناو سودو کەڵکدا کۆنترۆڵی بکاتَ، واتە لەو ماوەیەدا سێکس بوو بە پرسو بابەتێکی گشتیو مەسەلەیەکی گرنگو قسە لەسەر کراو لە نێوان کەسەکانو دەسەڵاتی دەوڵەتدا، هەر بۆیە بەلای فۆکۆوە دیارترین خاڵ ئەوەیە کە بزانین چۆن لە چوارێوەی چ فۆرمێکو لە ڕێگەی چ گوتارێکەوە دەسەڵاتَ دەستی دەگاتَ بە ناسکترینو تاکی ترین (شەخصی ترین) هەڵسوکەوتی مرۆڤ، چ شتێک ئەو دەرفەتەی بۆ دەسەڵاتَ ڕەخساند کە دەستی بەدەگمەنترین، یاخود تا ڕادەیەک هەستپێنەکراوی چێژ بگاتَ، وە چۆن دزەی کردە نێو چێژی ڕۆژانەو تاکیانەی مرۆڤەکانەوەو خستیە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو چەپاندی، بۆیە دەڵێم چەپاندی چونکە دەسەڵاتَ پێوەرو

دیاریکەرە بۆ نرخی لە دایک بوون،تەمەنی هاوسەر گیری، لە دایک بوونی شەرعیو ناشەرعی، کە ڕەتەکانی جوتبوون، شێوازی بەردارکردن، یاخود نەکردن، کاریگەری سەڵتیو ڕەبەنی یان یاساغیەکان، کاریگەری شێوازەکانی دژە سکپڕیو ...هتد.

بەدەر لە دەسەڵاتی دەوڵەت چەند شکڵو جۆری دەسەڵاتی تریش ئامادەن بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی جنسیەتو بەلایانەوە سێکسواڵیتە وەکو بونیادێکە کە لە ڕێگەیەوە دەسەڵات چالاکی زیندووی جەستە بە چالاکی زیندوی ڕەگەزی مرۆییەوە گرێدەدات.

لەنمونەی ئەو دەسەڵاتانە وەکو خێزان، خێزان وەکو دامەزراوەیەک کەیاسای دەوڵەت ڕێکی دەخات، تیایدا سێکس تەنیا هۆکاری لەدایک بوون بوو، بۆیە هەموو ئەو کردارو خواستو گوتارانە کە هاو ئاهەنگ نەبوون لەگەڵ ڕێسا سەختگیرو سەرکوتکەرەکاندا بەناچار سڕانەوەو سەرکوت کران، لەبەرامبەر ئەمەدا یاسا چەپێنەرو قەدەغەکارو دزێوترین لەزەتەکان باڵا دەستیان پەیداکرد ، کاریگەری یاسا لە ڕێگەی دەسەڵاتەکانی دەرەوەی دەوڵەتیش درێژەو بەردەوامی پەیدا کرد، بۆیە بەلای فۆکۆوە دەسەڵات لەهەر کوێیەک بێ هەر لە بنەڕەتدا ئەو شتەیە کە سیاسەتەکەیو خوازەکەی بەسەر سێکسدا دەسەپێنێو لە ڕێگەی ڕێسا یاساییەکانیەوە سێکس دەخاتە ژێر سیستمێکی دوو لایەنەوە (ڕەواو ناڕەوا، ڕێپێدراوو یاساغ) ، پەرەپێدانی دوولایەنەی سێکس مەسەلە ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیو ئاینیو کەلتوریەکانیشی گرتەوە لە پاڵ سانسۆرە دەسەڵاتیو یاساییەکانەوە، ئیتر بێدەنگی بەسەر پرسە سێکسیەکاندا زاڵ بوو بەگوتنە (فۆکۆ)ییەکەی، واتە جووتی ڕەواو زاوزێکەر دەستیانگرت بەیاساوە، خۆیان وەک سەرمەشق داسەپاند، ڕێزیان بۆ ڕێسا دانا، مافی ئاخافتنیان بۆ خۆیان پاراستو هەمانکاتیش بنەمای ڕازپارێزیان

بۆ خۆیان پاوان کرد، لە کەشە کۆمەڵایەتیەکانیشدا وەک خێزانەکان، ژووری خەوی دایکو باوک بەتەنیا شوێنی پەیوەندی سێکسی وەرگیراو لە هەمان کات بەسودو بەبار بوو، پرۆسە سێکسیەکانی دەرەوەی ئەم شێوازە پێویست بوو یاساغ بکرێو بەرەو توانەوە بڕوات، ڕەوشت پاکی خۆی لەجەستەکان دەپاراستو دەبوو ناسکی ووشەکانو وتارەکان بپاڵێوینو لە فلتەریان بدەین، نەزۆکی لەم جۆرە پرۆسە سێکسانەدا وەکو پرسێکی ناشایستو نائاسایی پێداگیری لەسەر کراو لە ئاکامدا بەشیاوی سزا وەردەگیرا.

کاریگەری ئەخلاق لەسەر سێکس دێرینیەکی قوڵی هەیەو فۆکۆ ڕای وایە «لەسەردەمی یۆنای کۆنیشدا حەزداری بەکۆدی ڕەوشتی کۆمەڵایەتیەوە بەندکرابوو» ، هەروەها لە سەردەمی نوێشدا تا پێش کۆتایی سەدەی 19 پێشنیاری سەرکوت کردنو شاردنەوەی پرۆسە سێکسیەکان لە ڕووی ئەخلاقیەوە دەکرا ، دایکانو باوکانو مامۆستاو پەروەردەکاران لە مەسەلە سێکسیەکان ئاگادار کرانەوەو تۆوی دڵپیسی لە نێوانیاندا بڵاوکرایەوەو بەزووی تەشەنەی سەند، دڵپیسی لەوەی کە منداڵان گوناهکارنو ئاگاداری ئەو تاوانانەنین کە لە سێکسەوە توشی دەبن، ترسی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە ئەگەر بەئەندازەیەکی زۆر گومانیان لە مناڵان نەبێت ئەوا خۆشیان تاوانبارن.

لە پێناو پتەوکردنو پاراستنی مەترسیەکان دەسەڵاتی پزیشکیو دەرمانیش دەسەڵاتیان بەسەر (لەش)دا نواندوحەزی سێکسی توندتر خرایە ژێر کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و چاوەدێری پزیشکیەوە.

فۆکۆ لە دوای شرۆڤە کردنی چەپاندنی جنسی دەگاتە ئەو باوەڕەی کە بڵێ پێویستە «پرسیار بکەین لە خۆمان بۆچی لە کۆنەوە سێکسو تاوانمان لێک ئاڵاندووە؟، هەروەها سەیر بکەین کە ئەم پەیوەندییە چ جۆر گەیشتۆتە ئەنجام».

فۆكۆ ڕایوایە كە هەرشتێک بۆ ماوەیەكی زۆر بچەپێنرێت كە تەقیەوە زۆر خراپ دەتەقێتەوە ، چەپاندنی جنسیش لە دەرئەنجامدا بە ئاستێک دەگات كە زنجیری كۆنكردنو زەلیلی دەپچڕێنێو هەموو قەیدەكان هەڵدەوەشێنێتەوەو ئازادی جنسی بەرهەم دێنێ، و(ماركوزە)ش ڕای وایە كە دەتوانرێ كۆمەڵگەیەكی خاڵی لە چەپاندن و سەركوتكردن بێتە ئاراوەو مرۆڤ ئازاد بێت و لە كۆت و بەندەكان ڕزگار بێت.

لە كۆتایی ئەم باسەدا پەیوەست بەجنسیەت بۆمان ڕووندەبێتەوە، كە ئەم مەسەلەیەش وەک كۆی بابەتەكانی تر لای فۆكۆ ئاڵۆزیو ناڕوونی پێوە دیارە، ئەم ناڕوونیەی وایكردووە كە دیدو سەرنجی جیاواز لەمەڕ نوسینەكانی سەرهەڵبدات، لایەنێک لە ڕووناكبیران ڕایان وایە كە فۆكۆ لە كتێبی (مێژووی جنسیەتدا) ڕاستەوخۆ دژی ئەو گریانەی (سیگمۆند فرۆید ) كاری كردووە كە دەڵێت دەسەڵات كاری سەركوتكردنی ئارەزووكانە ، بەڵام فۆكۆ لە خواستی تێگەیشتندا دەڵێ: «گوتنی ئەوەی كە سێكس سەركوتنەكراوە یان گوتنی ئەوەی كە پەیوەندی سێكسو دەسەڵات پەیوەندییەک نیە لە جۆری سەركوت، ئەم مەترسیەی هەیە، كە تەنها چەشنێک دژ بێژی نەزۆک بێت، ئەم گوتەیە تەنها دژایەتی نیە لەگەڵ بیرۆكەیەكی بەتەواوەتی قبوڵ كراودا، بەڵكو دژایەتیە لەگەڵ كۆی ئابوریو كۆی (بەرژەوەندی) گوتاری بنەڕەتی ئەم بیرۆكەیەدا» ، هەروەها فۆكۆ لە هەمان سەرچاوەدا دەڵێ: «ئامانجی دەسەڵات ئەمەیە كە سێكس دەست لە خۆی بشواو ئامرازی دەسەڵات هەڕەشە بەسزایەكە كە شتێک جگە لە سڕینەوەی سێكس نییە، دەست لە خۆت بشۆ ئەگەرنا سزای سڕینەوەت بەسەردا دەسەپێت، دەرمەكەوە گەر ناتەوێ قەڵاچۆبكرێیت، بوونی تۆ بەتەنها بە نرخی پوچەڵكردنەوەت دەپارێزرێت».

هەروەها فۆکۆ باس لە پرۆسەیەک دەکات، کە ناوی ناوە (سوڕی یاساغی) ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵات لە بارەی سێکسەوە بەتەنها یاسای یاساغی دەخاتە کار.

**باسی سێیەم: دەسەڵات- بەرگری:**

بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات، لەهێزو کاریگەرییەکەی، پێویست بە شرۆڤەکردنی بەرگریو ئاماژە پێدانی دەکات، تاکو بتوانین هەوڵە ئەنجامدراوەکان بۆ لەبەریەکپچڕانی ئەو پەیوەندیانە تاوتوێ بکەین، وەک خاڵی سەرەتای دەسپێکردن دەتوانین، ئاماژە بدەین بە کۆمەڵێک دژایەتی کە بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو سەریانهەڵداوە، وەکو دژایەتیکردنی بەکارهێنانی (دەسەڵاتی پیاوان بەسەر ژنان، دایکو باوک بەسەر فرزەندەکانیان، دەسەڵاتی دەروون پزیشکان بەسەر ئەو کەسانەی نەخۆشی دەرونیان هەیە، دەسەڵاتی پزیشک بەسەر هەموو دانیشتوان، بەکارهێنانی دەسەڵاتی دەزگاکانی بەڕێوەبردن بەسەر شێوازی ژیانی خەڵکدا)، تەنیا ئەوەندە بەس نییە کە بڵێین ئەمانە تێکۆشانی دژی دەسەڵاتن، بەڵکو گەرەک بە لەسەر وەستانو هەڵوەستە لەسەرکردن دەکات، تاکو بتوانین شرۆڤەی کاریگەریەکانیان بکەین، وە ئەم جۆرە دژایەتی کردنانەی دەسەڵات تایبەت بە ناوچەو کاتیکی دیاریکراو نین، بەڵکو تێکۆشانێکی جیهانیو مێژووین (هەرچەندە بەپێی شوێنو کاتەکان جۆرو ڕێژەکەیان دەگۆڕێت)، لە پێناو خود پارێزی لەملکەچیو بەدیهێنانی ئازادی، ئەم جۆرە دژایەتی کردنانە دژایەتی پیشەکانی پزیشکیو باوکایەتی..هتد نین، بەڵکو دژایەتی ئەو ناوکۆییەی دەسەڵاتن کە لە جەوهەریدا کۆنترۆڵ خوازەو لە ڕێگەی ئەم پیشانەوە خۆی مانیفێست دەکات.

بەواتایەکی تر ئامانجی سەرەکی‌و لەپێشینەی تێکۆشان دژی دەسەڵاتی کۆنترۆڵ‌و سەرکوت، هێرش‌و دژایەتی نیە بۆ سەر ئەم یان ئەو دەزگاو دامەزراوەی دەوڵەت، یان نوخبە، یان گروپ، یان چین‌و توێژێکی دیاری کراو، بەڵکو دژایەتیکردنی تەکنیک‌و شێوەکانی دەسەڵاتە، هێرشە بۆ سەر ئەو جۆرو جەوهەرەی دەسەڵات کە خۆی بەسەر ژیانی ڕۆژانەی کراوەو بێ نێوبەنددا پیادە دەکات، بەو جۆرە شوناس تاک دەبەخشێ کە هێمای فەردییەتی تایبەت بە ویستی دەسەڵاتەوە دیاری دەکات‌و بەشوناسی دەسەڵات خۆیەوە گرێی دەدات، لە ڕێگەی یاساوە هەقیقەتێکی بەسەردا دەسەپێنێ کە بۆ خۆی پەسەندی بکات‌و ئەوانی تریش لەبوونی ئەودا بیناسنەوە، واتە تێکۆشان دژی جۆرێک لە دەسەڵاتە کە تاک بۆ خود بەدوو مانا دەگۆڕێت یەکێکیان بەواتای خودی ملکەچکەر بۆ ئەوی تر، بەهۆی کۆنترۆڵ‌و وابەستە بوون، وەمانای دووەمی بەواتای پابەند بوون بە شوناسی خودی بەهۆی ئاگایی یان خودناس، کە هەردوو ماناکە دەربڕی جۆرە دەسەڵاتێکن کە ملکەچکەرو داگیر کارە.

فۆکۆ لەلایەکەوە دەیەوێت ئەو دەسەڵاتە شرۆڤە بکات کە لە خێزان‌و زیندان‌و نەخۆشخانەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی تردا هەیە، لە لایەکی ترەوە دەیەوێت خۆڕاگری‌و دژایەتیەکانیان بناسێت، لای فۆکۆ ئەم خۆڕاگری‌و دژایەتیانە شێوازی جیاوازی وەرگرتووە.

لە ڕوانگەی فۆکۆوە لەکوێدا دەسەڵات هەبێت ئەوا هەر لەوجێگایەدا بەرگری هەیە، بەواتایەکی تر لەهەر شوێنێکدا دەسەڵات ئامادەبێت ئەوا زوو یان درەنگ ویستی بەرگری لای کەسەکانی ئەو شوێنە دێتە گۆڕێ ، وەک فۆکۆ خۆی دەڵێ: ئەو شوێنەی دەسەڵات تیایدا لە ئارادایە، ئەوا هەر لەو جێگەیەش خۆڕاگری‌و بەرگری ئامادەیە، بەواتایەکی ڕوونتر هەرگیز

بەرگری‌و خۆڕاگری لەهەلومەرجێکی دەرکیدا نییە سەبارەت بە دەسەڵات.

ئەم هاوکێشەیەی دەسەڵات‌و بەرگری بریتیە لەو حاڵەتەی کە تیایدا هێزێک بەر هێزێکی دی دەکەوێت، یاخود بریتیە لە کارو کردارێک کە دەخوازێت کردارێکی تر ناچار بکات، واتە دەسەڵات لەو جێگەیەدا هەیە کە کردارێک دەبێت ناچار بکرێت، واتە ئەو کاتەی کە بەرگری ئامادەیە ، واتە بەرگری دەسەڵاتێکی تر، یاخود جۆرێکی تری دەسەڵاتە، بەرگری شتێکی جیاواز لە دەسەڵات نیە، بەرگری خەباتی چینایەتی‌و ململانێی نەتەوەیی‌و خەباتی نیشتمانی نییە، نا بەڵکو دەسەڵاتە، یاخود بەریەک کەوتنی دوو دەسەڵاتە، ئەو ساتەی کە دەسەڵات تەنیا لەسەر دەسەڵات کار دەکات، بەرگری لێرەدایە، بەو مانایەی بەرگری خۆی دەسەڵاتە ، هەر وەک (هیللەر) دەڵێ: «کاتێک فۆکۆ دەربارەی دەسەڵات دەدوێت دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین کە لە ڕوانگەی فۆکۆوە دەسەڵات جۆرێکە لە بەرەنگاریش، واتە ئازادی وەکو بەرەنگار بوونەوە لەناو پەیوەندی خودی ئەو دەسەڵاتەدا فۆرمەڵە دەبێت» ، بەڵام دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە بەرگری هەندێک جار بریتیە لە دەسەڵات نەک بەردەوام، وە دەسەڵات هەندێ کات بەرگرییە نەک هەمیشە، هەرچەندە نەدەسەڵات بەبێ بەرگری‌و نەبەرگری بەبێ دەسەڵات لێرەدا ئامادەن، چونکە هەریەکێکیان ئەوی دی بەرهەمدێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوی ئۆنتۆلۆجیەت‌و ڕەچەڵەکیەتی بوونیەوە دەشێ بگوترێ بەرگری بەر لە دەسەڵات لەوانەیە لێرە بوونی هەبووبێت ، بەڵام پەیوەندی بەریەککەوتن کە دوای بوونی دەسەڵات سەرهەڵ دەدات.

دەربارەی ئەم پەیوەندی لێرە بوونەی (دەسەڵات-بەرگری)، فۆکۆ ڕای وایە لە هەرکوێیەک دەسەڵات هەیە، بەرەنگاریش هەیە، چونکە بەرەنگاری تەواوکەری دەسەڵاتەو ئەگەر بەرەنگاری لەئارادا نەبێت

ئەوا دەسەڵاتیش نابێت، لەو ڕوانگەوە کە دەسەڵات تەنیا بەسەر کەسە ئازادەکاندا دەسەپێنرێ، ئەوا فۆکۆ ڕای وایە کە بەرەنگاریو ئازادی مەرجن بۆ هەبوونو لێرە بوونی دەسەڵات.

بەرگری دژی دەسەڵاتی کۆنترۆڵ هەم جەخت دەکاتەوە لەسەر حەقی جیاواز بوونی تاکو هەموو ئەو شتانەی کە تاک دەپارێزێت لەوەی لە تاک وەکو تاکی مرۆیی بخرێ، هەم دژایەتی هەموو ئەوانە دەکات کە (تاک بەش بەش دەکات،پەیوەندی تاک لەگەڵ ئەوانی تردا دەپچڕێنێ، ژیانی کۆمەڵایەتی لەت لەت دەکات، سەرلەنوێ تاک بەسەر خۆیدا دەسەپێنێتەوەو بەشێوەیەکی سنوردارکەر تاک پابەندی شوناسی خۆی دەکات)، واتە بەرگری دژی فەردو فەردانیەت نیە، دژی تاک نیە وەکو بونیادی کۆمەڵگەی مرۆیی، بەڵکو دژی سیستەمی مونفەریدەسازییە، دژی حکومەتی بەخودکردنی تاکە (خود بەو مانایەی لەم بابەتەدا شیمان کردەوە)، لەسەر ئەم بنەمایانە فۆکۆ ڕای وایە کە لە جیات ئەوەی ملکەچو وابەستەبین بەدەسەڵاتی مۆدێرن، ئەوا دەبێت بەشێوەیەکی گشتی بەرەنگاری ببینەوە، بەرەنگاری ئەو دەسەڵاتە مۆدێرنەی کە بە نێو جەستەی کۆمەڵگەدا وەک خوێن بڵاوبووەتەوە، بەڵام بەدیدی (هابرماس) لایەنی نێگەتیڤی ئەم بۆچوونەی فۆکۆ لەوەدایە کە ناتوانێت ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە هەڵەو خەلەل چییە لە سیستمی (دەسەڵات-مەعریفە)ی مۆدێرنداو بۆچی گەرەکە ئێمە بەرەنگاری ببینەوە.

**دەرئەنجام:**

**لە کۆتایی توێژینەوەکەدا لە ژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی فۆکۆدا گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:**

1. دەسەڵات پەیوەست نیە بە کەسو دەزگاو ناوەندەکانەوە، بەڵکو دەسەڵات پەیوەستە بە پەیوەندیەوەو لە پەیوەندیداو لە کاتو شوێنی دیاریکراودا دەردەکەوێت.

2. دەسەڵات ڕوویەکی ناکەسی هەیەو زیاتر لە دەمو چاوێکی هەیە، واتە لە کەسەکاندا وەکو کەس کورت نابێتەوە، هەروەک چۆن لە وەزیفەی کەسەکانیشدا، وەکو باوک، پزیشک، دادوەر، فەرمانڕەوا...هتد، کورت نابێتەوە، بەڵکو لە بونیادی کاریگەرییە مرۆڤ بوونەکاندا هەست پێدەکرێو خۆی مانیفێست دەکات، جۆراو جۆری ئەو کاریگەریانەش، دەبێتە هۆی جۆراو جۆریەتی دەرکەوتنی دەسەڵاتو فراوانیو بڵاویو فرە ئەندازەیی، بەجۆرێک کە ڕوویەکی ناکەسی پێ دەدات، واتە لەگەڵ ئەوەی دەسەڵات لە هەموو شوێنێکدایە بەڵام وا دەردەکەوێت لە هیچ شوێنێک بوونی نەبێت، لەگەڵ ئەوەی دەسەڵات لای هەموو کەسەکانە بەڵام هەموان وا هەست دەکەن کە بێ دەسەڵاتن.

3. دەسەڵاتْ پەیوەندی پتەوی لەگەڵ لایەنی ئاگایی مرۆڤدا هەیەو هەوڵ دەداتْ ئەو لایەنە ئاگاییە لە خزمەتْ خۆیدا بەکار بهێنێتْ، هەر بۆیە دەسەڵاتْ خۆی دەبێتە بەرهەمهێنی مەعریفەو زانستو عەقڵو دیسکۆزو حەقیقەتی تایبەتْ بە خۆی، لە هەمان کاتدا خۆشی دەکەوێتە ژێر کاریگەری لایەنە ئاگاییەکانی مرۆڤ.

4. دەسەڵاتْ کار لەسەر بونیادی ناوەکی مرۆڤ دەکاتْ چ وەک تاک، چ وەک کۆ، لەپێناو سەپاندنی هەژموونی خۆیو کۆنترۆڵو دیسپلینکردنی تاکەکانو ناچار بە ملکەچیو لارەملێیان دەکاتْ.

5. لە پاڵ هێزدا (یاسا)ش یەکێکە لە ئامرازە کاریگەرییەکانی دەستْ دەسەڵاتْ، لە پێناو سەپاندنی هەژمونیداو لە ڕێگەی یاساوە شەرعیەتْ بە کردارەکانی بۆ کۆنترۆڵ دەداتْ.

6. لە پێناو ووردیو تۆکمەیی دیسپلیندا، دەسەڵاتْ پێکهاتە کۆمەڵایەتیە گەورەو گشتیەکەی کۆمەڵگا دابەشی یەکەی کۆمەڵایەتی بچووک بچووک دەکاتْ، ئەم کارەش یان لە ڕێگەی دابەشکردن بەپێی شێوازی جیاوازی مرۆیی لەسەر بنەمای تویێژ، ڕەگەز، شێتی، پیشەیی، پێگەی کۆمەڵایەتی وەک باوکو دایک، پێگەی فێرکاری (مامۆستاو قوتابی)، پێگەی ساخلەمسازی (پزیشکو نەخۆش)و...هتد، دابەشدەکاتْ، یان لە ڕێگەی دابەشکارە پێکهاتە نێوچەییەکانو دەزگاکانی وەک زیندان، زانکۆ، نەخۆشخانە، سەربازگە، کارگە، فەرمانگەو...هتد.

7.دەستوەردانی دەسەڵاتْ تەنیا لە بابەتەکانی شێتیو تاوانو نەخۆشیو فێرکردنو...هتد نەوەستاوە، بەڵکو دەچێتە ناو ژیانی ووردو تایبەتی تاکەکانەوەو لەپێناو بەژەوەندیەکانیدا شەخسی ترین شتەکانی مرۆڤیش لەبیر ناکاتو ئاڕاستەیان دەکاتْ، هەر ئەم هۆکارەش وا لە

دەسەڵاتێ دەکاتێ کە دەستێ وەردان بکاتێ لە بابەتی جنسیەتێو ئاڕاستەی بکاتێ لەپێناو وەبەرهێنان، یان تۆکمەکردنی دەسەڵاتێ، ئەگەر نەشێتوانی بەم جۆرە ئاڕاستەی بکاتێ ئەوا دەیچەپێنێو خەفەی دەکاتێو قەدەغەو یاساخی بەسەردا دەسەپێنی.

8. دەسەڵاتێ تەنیا کار لەسەر جەستەو لایەنی دەرەکی تاکەکان ناکاتێ، بەڵکو دەیەوێتێ مرۆڤ لە ناوەوە، لە دەروونو بونیادی ڕۆحیەوە هەڵوەشێنێتێو سەر لە نوێ بە شێوازێکی ملکەچو گوێ لە مشتێ دروستیان بکاتەوە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش پرۆسەی (خۆ - چاودێری) دروستکراوی دەستی دەسەڵاتە.

9. لەگەڵ بوونی هەموو لایەنە نێگەتیڤەکانی دەسەڵاتێ بەڵام دەشێ هەندێکجار دەسەڵاتێ پۆزەتیڤو چاکە کار بێتێ، ئەمەش پەیوەستە بەو کەسو لایەنەوە کە دەسەڵاتی لەدەستدایە، واتە مەرج نیە دەسەڵاتێ هەر ڕوخێنەرو قێزەون بێتێ، بەڵکو دەشێتێ دروستکەر بێتێ، بەڵام لە هەموو بارە چاکو خراپەکانیدا دەسەڵاتێ دەستبەرداری کۆنتڕۆڵو دیسپلینی تاکەکان نابێتێ، بەڵکو ئامرازەکانی دیسپلین دەگۆڕێتێو ئامرازە توندو ڕەقەکان بە ئامرازی نەرمتر ئاڵگۆڕ پێدەکاتێ.

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | سا ڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |